
# پاسپۆرتی وشە

# و

# چەند باسێکی تر



شێرکۆ هەژار

٢٠٢٢

# ناوەرۆک


پاسپۆرتی وشە .......................... ٣١-٥

شوێنی بارزانییەکان لە ناسیۆنالیزمی کورددا .......................... ٦١-٣٢

رۆشنبیر .......................... ٧٨-٦٢

لە بیرەوەریی سەردەمی بەغدا لەگەڵ هەژاردا .......................... ٨٨-٧٩

نیشتمان هی ئەوانەیە کە دەتوانن بیکەن بە نیشتمان، تەبیعەت وا دەڵێت ٩٥-٨٩

ئەو کڵاوچییانە دەیانەوێت بە چ دەردێکمان بەرن ........ ١٠٨-٩٦

قسەی سەیر لە بیرەوەرییەکانی کەریم شارەزادا .......................... ١٠٩

سروودی نەتەوایەتیی ئەمڕۆی کوردستان و هۆڵەندا ........ ١١٢-١١٠

سەلاحەدینی ئەیووبی .......................... ١١٥-١١٣

سەرۆک مستەفا بارزانی و دکتۆر نووری فتوحی ........ ١١٧-١١٦

یادت بەخێر شێخ عوبەیدوڵڵا .......................... ١١٨

لە مێژووی کۆلۆنیالیی نوێی هۆڵەندا .......................... ١٢١-١١٩

باربارینا خانم و" فرێدریک"ی گەورەی پادشای پرووسیا ........ ١٢٣-١٢٢

جازی ئێتیۆپی ......................... ١٢٤

ئەحەممەد! ......................... ١٢٦-١٢٥

ئارام دیکران ......................... ١٢٨-١٢٧

مرۆڤی شووشە ........................ ١٢٩

لە یادی شۆڕشی فەرهەنگیی مائۆدا ........................ ١٣٢-١٣٠

مازینی و گاریبالدی لە یەکێتی ئیتالیادا ........................ ١٣٧-١٣٣

ریشانەی پیتەری گەورە ........................ ١٤٠-١٣٨

راکردن لە کامپی ١٤ ........................ ١٤٧-١٤١

مریشکەکەی نیویۆرک ........................ ١٥٠-١٤٨

١

کە نا- فەرەنسییەک فەرەنسی فێر دەبێت، دەبینێت بە فەرەنسی بە " کات" دەڵێن :" طا "، بەڵام بە نووسین دەینووسن : temps تێمپس! بۆچی ؟ چونکە ئەوە بە ئەسڵ " تێمپووس"ی لاتین بووە، فەرەنسیی پێش هەزار ساڵ یا پتر، لەوەوە گوتوویە " تێمپس"، فەرەنسی ئەوسا وای- گوتووە!

ئەوجا فەرەنسیی ئەمڕۆ چ کاری بە پێش هەزار و ئەوەندە ساڵ داوە ؟

چۆن چ کاری پێداوە ؟ ئەوسا کاک تێمپس فەرەنسی بوو و ئێستاش فەرەنسییە، خۆ ئینشاڵڵا بە تەمانیت لە نەتەوەی فەرەنسای وەدەرنێیت ؟

کەسێک ناوی لە هەویە و پاسپۆرتە فەرەنسییەکەیدا نووسراوە : " تێمپس"، ئیدی ئەولادی پێیدەڵێن تامتام گیان، یا هاوسێکەی پێیدەڵێت طامطومی، یا چوارسەدەمین نەوەی لە دوای ئەوەندە سەدە پێیدەڵێن طا، لەوەندە سەدەیەدا چەندین ژن و پیاو و منداڵی نەژادی ئەو کەسە، هەر کامیان و لە سەردەمی خۆیدا و لای خۆیەوە بە چ ناوێک بانگیانکردووە، تۆماری ئێستای مێژووی نەتەوەی فەرەنسا چۆن بزانێت ئەوانە هەمووی مەبەست لە مسیو" تێمپس"ن ؟

بە سەیرکردنی پاسپۆرتەکەی دەیزانن، کە بریتییە لە شێوەی نووسینی ناوەکەی . بە هەموویان لە ئەو هەزار ساڵەدا بە چەندین قۆناغ شتی جیاوازیان پێ گوتووە و هەر بە سەیرکردنی ناوەکەی کە وەها نووسراوە :" تێمپس" دەزانن مەبەست لە کامە باوە گەورەکەیانە کە ناوەکەی واتە : کات .

نووسین پاسپۆرتە، نەتەوە لەوە رزگار دەکات هەر رۆژە و ناوێکی تر لە شتەکانی بنێت، پاسپۆرتەکەی بگۆڕێت و بە جۆرێکی تری بنووسێت و دوای هەزار ساڵ پێویست بکات بۆ هەر وشەیە دەیان یا سەدان شێوەی نووسینی لەبەر بکات تا دوایی هەموو نووسینەکانی ئەو هەزار ساڵەی رابردووی بۆ بچنەوە سەر یەک و تێیانبگات کە ئەوانە هەموو هەر باسی " کات"ن ... ئەوە هەر ناکرێت .

نووسین و خوێندنەوە ناکرێت مەگەر هەر دوو شتی جیاواز بن .
مەگەر هەر پیت خۆی لە چ وەهمێکەوەیە ؟

٢

فینیقییەکان فکرەی رەسمی رەمزێک بۆ سەرەتای دەنگی وشەیەکیان لەو وڵاتە وەرگرتووە کە ئێمە ئێستا پێیدەڵێین " میسر" و بە نووسینەکەی ئەوسایان دەڵێین" هیرۆگلیف" .
میسری بە" گا "یان گوتووە : ئاوا، لەوە رەسمێکی سەرە گایەکیان بۆ دەنگی" ئا " داناوە، ئەوە بووە بە پیتی ئا؛ چوارگۆشەیەک و لکێکی شکاوەتەوە بۆ" ب"ی " بیث" (ماڵ)؛ شتێکی وەک سەری وشترێکیان کردووە بە " گ" ( بە وشتریان گوتووە گمیل، بە عارەبی جمل) . فینیقی هەمان فکرەیان لە میسرییەکانەوە بە بیردا هاتووە و بە زمانی خۆیان بەجێیانهێناوە . هێندێك لە وشەکان لێک نیزیک بوون و زۆریشیان وا نەبوون، بە فینیقی : ئالیف ( گا )، بیت ( ماڵ )، طیط ( مار )، نون ( ماسی ) و ... ئیدی .
لە لایەکەوە یونانی ئەو فینیقییەیان وەرگرتووە و ئەوروپاییانی تر لە یونانیان وەرگرتووە، لە لایەکی ترەوە ئارامی ئەو فینیقییەیان وەرگرتووە و لەوانەوە گەیشتووەتە عیبرانی و " نبطي"-یەکان و قەومەکانی دنیای هیندستان . هەموویان ئەو نووسینەی فینیقییەکانیان لەوانەی پێشتری خۆیان لا باشتر بووە و، هەر کام و بە شێوەیەکی خۆی کردوویە بە پیتی نووسینی خۆی و، وازی لەوەی پێشتری خۆی هێناوە .
لە ئەلف-بێی هیندییەکان، هەر ناوی ئەلف-بێیەکە خۆی " تێمپس" و "طا "ی فەرەنسییەکانـ مان وەبیردەهێنێتەوە .

٣

بۆ روونکردنەوە : رەنگە هەموو زمانەوانانی دنیا لەسەر ئەوە هاوڕا بن کە ئەو ئەلف-بێیەی کە سانسکریت و زۆر زمانی تر - نووسینی هیندیی ئەمرۆش لەوانە - ی پێ دەنووسرێت،

" باشترین " ئەلف-بێیە لە مێژووی مرۆڤدا : لۆجیک و ئەوپەڕی وردەکاری لە دەربڕینی دەنگەکاندا تێدایە .

یەکەم تۆماری زمانەوانی لە مێژوودا کە بە ئێمە گەیشتبێت ئەوەیە کە هیندییەک بە ناوی " پانینی" دەوری ساڵی ٥٠٠ی پێشزاین، چەند کتێبی زمانەوانیی نووسیون، گرنگترینیان بە ناوی अष्टाध्यायी ئاشتادهیایی ( ئاشتا = هەشت، دهیایی = کتێب یا فەسڵی کتێب)، تێدا نیزیکەی چوار هەزار قانوونی رێزمانی سانسکریتیڤێداییی تا سەردەمیخۆی(پێشسانسکریتیکلاسیک) دۆزیوەتەوە : پێکهاتنی رستە (سینتاکس) و، واتا (سێمانتیکس)و فۆرمی وشە( مۆرفۆلۆجی) و ... ئیدی .

بە گوێرەی زاراوەسازییەکی چەند زمانەوانی ئەمریکایی ( لەبەرچاوترینیان : Peter T. Daniels بە کتێبێکی لەگەڵ William Bright دا – ١٩٩٦) کە ئێستا ئیتر شوێنی خۆی گرتووە، ئەلف-بێی سانسکریت بە یەکێک لە ئەلف-بێ" ئابوگیدا "کان ناو دەبرێت، لە کاتێکدا ئەسڵە فینیقییە سامییەکە و ئەوەی چەندی تری زمانە سامییەکان( نبطی، عیبری و ... ئیدی) بە ئەلف- بێی " ئەبجەدی " دادەنرێن . ئەبجەدی ئەوانەن کە پیتەکانیان بێدەنگن( کۆنسۆنانت، صحیح) و بە ریز: أ ب ج د دەست پێدەکەن . ئابوگیدا مەبەست هەمان یەکەم چوار پیتی ئەلف-بێیە بە نووسینی " جەعەز "ی کۆنی حەبەشە .

ئەلف- بێی ئابوگیدا سێ جۆرە پیت دەگرێتەوە : دەنگدار، بێدەنگ و، دەنگدار و بێدەنگ وێکرا بە یەک پیت : کهـ ، گهـ ، چهـ ، جهـ ، دوو جۆرە تهـ ( وێرای دوو جۆرە " ت "ی بێدەنگ)، دوو جۆرە "دهـ"( وێرای دوو جۆرە "د"ی بێدەنگ)، دوو جۆرە " ش "... پێنج جۆرە "ن" و چەند لێکدانێکی وەک " لا "ی عارەبی ( ترا، کشا و ... ئیدی) .

ئێستا با هەر ناوی ئەم نووسینەی هیندستان خۆی سەیربکەین ، کە بە سانسکریت ئەو ئەلف - بێیەی نووسینەکەیان ناو ناوە : دێڤاناگاری देवनागरी = شاری یەزدان Devanagari ، دێڤا देव = خودا، یەزدان، بەدەسەڵاتترین رووحی بەرز، لەوە : دێو، دێوانە : ,deus , dios zeus, devine لە ریشەی زمانە هیندۆ ئەوروپاییەکانەوە : ئاسمان، خودا . لە ئاینی هیندودا

ناوی خودایەکیشە . ناگاری नागरी = شار .

نووسینەکە وەکو یونانی و لاتین لە چەپەوە بۆ راست دەنووسرێت . لەو نووسینەی سانسکریت دا خـوێندنەوەی هـەموو پیتێک ئـەگـەر بە تـەواوی نـووسـرابێت ( لایەکی نـەپـەڕیبێت) و هیچ ئیشارەتێکی لە سـەر یا لە ژێـر یا لە پـەنا بۆ گۆڕینی دەنگی نـەبێت، دەبێت " ا"یەکی بەدووەوە بگوترێت . بە نموونە ئەگەر " ا ب گ د "لای یەکتر بنووسین دەیخوێنینەوە : ئاباگادا؛ لە ناوی دێڤاناگارییەکەدا व ڤا و ग گا وەها سەربەخۆ (رووت) نووسراون، ئیتر دەبێت بە" ڤا" و" گا " بخوێندرێنەوە : دێڤاناگاری . ئێستا هیندی هـەمان وشە رێک بە هـەمان شێوە دەنووسن، بـەڵام دەیخوێننەوە : دێڤناگری!

٤

لە ئـەلف-بێی هیندیدا لە پێنج جـۆرە " ن"ـەکەی سـانسـکریت، دوو جۆرە " ن " ञ ङ ، کە دەنووسن، دەڵێن ئەوانە هیندی نین و وجوودیان نیە! بە هەمان شێوە : ऋ کە پێیدەڵێن" ری"، لە "ر"یەوە و نیزیکتر لە" ل"!، بەڵام جۆرێک پیتی دەنگدارە کە بەم پیتانەی من نانووسرێت . ئێستا ئەو پیتانە لە زمانی هیندیدا هەن یا نین مەوزووع نیە، نیـن و لە هێندێک وشەشدا نـاچار دەبێت وەکـو سـانسـکریتەکە فێر ببن بیخـوێننەوە . بە نموونە : رشـی/ لشـی ऋषि بۆ پیاو و ऋषिका رشیکا بۆ ژن، بە ئەو شاعیرانە گوتراوە کە سروودەکانی " ڤێدا "یان هـۆنیوەتەوە و ئیتر بـووە بە زاراوە لە هیندویی و بـوودابیدا بۆ کەسێکی رۆشـنبیر و ژیـری مەزن . ئەوە کە لە ریگڤێدا ( سـتایشـی زانین )ی پێش پتر لە سـێهەزار سـاڵەوە هـەیە و ئێستاش بەکاردێت و دەنووسرێت، دەڵێن لە هیندیدا وجوودی نیە... بەڵام وا دەنووسرێت و دەبێت خوێنەری هیندی بیزانێت (" ریگا " یەکەم بەشی چوار بەشەکەی ڤێدایە، وشەی ڤێدا (زانین) ئێستا لە هـۆڵەندیدا " ڤێیتن weten " - بە ئەڵمانی ڤیسسن" wissen "؛ " witty " ی ئینگلیسیش دەبێت پێوەندیی بەوەوە هەبێت) .

من، له پاڵ بۆردی تایپی لاتین و کوردی، بۆردی تایپی " هیندی"شم هـەیـە، ئێستا ویستم ئەو وشـەیەی ऋषि تـایپبکەم، دیتم ئەو پیتەی تێدا نـەبوو! نـاچار لە شـوێنێکی تـر پـەیـدام کرد، هیندییە و هیندی نیە! . ئیتر نیە و هەیە! ( بەڕاستی تێگەیشتنی هاسان نیە، بەڵام ئیتر وەهایە)، نـووسین دنیای خـۆی هەیە و خـوێندنەوەش دنیایەکی تـری جیاوازی خـۆی هـەیـە، مەرج نیە هیچی منەتی بە هیچی هەبێت .

راستە، حەتمەن هیندی وەکو لاتین شـوولێیان لێ هەڵنـەکێشاوە، بڵێین، هەر یـەک " ک क " و یـەک " کھ ख " یان هـەیـە ( و ئێستا نـوختەیەک لە ژێـر ئـەمەی دواییان دادەنێن بۆ " خ "ی بێگانە کە لە زمانیاندا نیە)، ئیدی - بڵێین- وەک ئینگلیس نـاڵێن هـەر کـام لە k و c ( و ck و ch) و q دەکرێت بە " ک " بخوێندرێتەوە، تەنیا یەک ک क هەیە . دە دیارە ئەمەی هیندییەکە بۆ فێـربوون هاسـانتر دەبێت، بـەڵام دیسـان زۆر شـت دەمێننەوە کە دەبێت منداڵی هیندی وەکـو " تێمپس" و " طا "ی منداڵە فەرەنسییەکە شێوەی جیاوازی نووسین و خوێندنەوەیان فێر ببێت . چونکە نووسین نووسینە و، خوێندنەوە خوێندنەوەیە، ئەوانە دوو شتی جیاوازن .

٥

عارەب دەڵێن ئەلف-بێ‌یان لە " نبطي"یەکان وەرگرتووە( دەڵێن"نبطی" بە شێوازێکی عارەبی قسەیان کردووە بـەڵام نـووسینیان بە شێوازێکی زمانی ئارامی بووە . ئێسـتاش بـەدوی بیابانی عارەبستان بە شیعری شێوازی خۆیان دەڵێن " الشعر النبطي ") . ئـەوجا بە داهێنانی نوختە بۆ دارشتنی پیت زۆریان لەوەی کە لە " نبطي"یان وەرگرتبوو گـۆڕی : خەتێکی بچووک و یەک نـوختە یا دوو یا سـێ لە سـەر، یا یـەک یا دوو نـوختە لە ژێـر و، بـەوە جێگـەی چـەندین پیتـی داهێنراوی تـری مێژوو لە فینیقییەکانەوە بۆ ئـارامییەکان و نبطی‌یە نیوە-عارەبەکان بگـرنـەوە، ئـەوە ئیدی سـەر لە نوێ دارشـتنی پیتە، هـەر فکرەکە هی پێشـوویە ئـەینا کارەکە هی عـارەب خۆیەتی .

عارەب بەوەندە گۆڕینەوە نـەوەستاون، پێش ئەوەش ئیشارەتەکانی " دەنگ " (سەر و ژێر ...) یان خستووەتە نووسینیانەوە، کە کارێکی هێندە گـەورە بوو لە نـووسـیندا، کە من لام وایە سـەد لاتین لە بەرانبەریدا شایانی ئەوە نین بە شاباشیشی بدرێن . پەککوو کە گۆڕانێکی گەورە بوو . پەرەسەندنی خوێندنەوەی زمانی ئینگلیسی و فەرەنسی قیمەتێکی زۆری بۆ دەوری پیتە دەنگدا- رەکان نـەهێشتووەتەوە، خوێندنەوەی پیتی دەنگداریان ( و هێندێک لە بـێدەنگەکانیش) مـەگەر هەر لە مامۆستا فێر ببن یا سـەیری قـامووسـێک بکەن کە بە سـیمبولەکانی فۆنێتیک لە پـەنای وشـەکە نـووسرابێت چـۆن بخوێندرێتەوە . ئینگلیس و فەرەنسـی وەکو عـارەب سـەر و ژێـری دەنگیان نیە و، پیتە دەنـگدارەکان بە هیچ - هیچ جـۆرێک وەزیفەی سـەر و ژێـری نـووسـینی عارەبییان بۆ بەجێناهێنێت . ئەلف- بێی عارەبی ئیتر هەر فڕی بەسەر " نبطي"(نەبەطی) ی دایکیـیەوە یا ئـارامی ی نەنکی یا فیـنیقیی دایکی نەنکییەوە نیە، من ئـەوە بە هـەق بە کارێـکی گەورەی عارەب لە مێژووی نووسینیاندا دەبینم .

بـەڵام ئـایـا عارەب خۆی داهێنەری ئـەو ئیشارەتانەی سـەر و ژێرە یا لاسـای نووسینی قەومی تری کردووەتەوە ؟

٦

عارەب بۆ جاری‌یەکەم ئیشارەتەکانی سەر و ژێریان لەسەدەی٧-٨ دا خستووەتە نووسینیانەوە، دە ئەم وێنەیە وێنەی نوسراوێکی سەدەی٥-٦ی سانسکریتە کە ئیشارەتی دەنگەکانی تێدان :



کەواتە، یەک - دوو سەدە پێش ئەوە کە " أبو الأسود الدؤلی"( ٦٠٣-٦٨٨) بە نـوختە کردوویە و، الخلیل بن أحمد الفراهیدی( ٧١٨-٧٨٦) بە ئەم ئیشارەتانەی سەر و ژێری ئێستا بۆی تەواو کردووە . حـەتمەن زمانـەوانانی ئەو سەردەمەی عارەب ئاگایان هەم لە نووسینی سانسکریت و هەم لە یونانی هـەبووە . بـەڵام لە تـاریخی زووتـریشـەوە و لە قـەومی زۆر نیزیکتـریشەوە، لە " یەمەن" ی هاوسێیعارەبستان، سەدەی یەکەمی زاینی ئەلف- بێی ئابوگیدا (بە پیتی دەنگدا- رەوە)، کە لە " جعز "(جەعەز)ەوە هاتووە هەبووە( شێوەیەکی پەرەسەندووی ئەوە ئێستا ئەلف- بێی رەسمیی دەوڵەتی ئێتیۆپیایە) . جەعەز قەومێکی سامی بوون، سەرەتا ئەلف-بێی ئەبجەد-ییان نووسیوە، بە هەمان شێوەیعارەبیی لە راست بۆ چەپ، بەڵام لە سەدەییەکەمدا گۆڕیویانە و کردوویانە بە ئابوگیدای لە چەپەوە بۆ راست، وەکو سانسکریت .

٧

بە دێڤاناگاریی نووسینیهیندی و سانسکریت(سانسکریت لە سانسکرتام واتە : پێکەوە کراو؛ مەبەست : تەواو و بێ کەلێن و بێ کەمایەسی لە ناو هەمووواندا) : क کا، ئەگەر خەتێکی وەک ئیشارەتی ژێر(کسرة)یعارەبی لەژێردا بێت ئەوا "ا"یەکەی ناخوێندرێتەوە و دەبێت بە " ک"، ئەگەر یـەک نـوختەی لە سەر بێت دەبێت بە کام/ ن (وەکو نـوونی وشەی کانگێروو "कंगेरू"، نوونی ئانگوور अंगूर( ترێ) یا نوونی سـانسکریت संस्कृत و سـانسـکرتام संस्कृतम یا : میمی مومبێی मुंबई Mumbai، میمی کهامبا खंबा khambaa (کۆڵەکە، دارعەموود) ). ئـەگەر " ک" دوو نوختەی لەسەریەک(:) ی لە پشت بێت دەبێت بە " کاهـ "( هێیەکی سـووکی هەناسەدان) و چەندی تر : کۆ को ، کوو कू ( بە سـەرەوبنکردنی ئیشـارەتەکە دەبێت بە کو)، کۆۆ/ کاو कौ، kaa का ، کێ के و ... ئیتریـش( کە هەریەکە بە ئیشـارەتەکەشەوە ئیتر دەبنە یـەک و دەبێت هـەمووی بە تـەواوی بنووسرێت) . عارەب بڕیاریان داوە ئـەسڵی نووسینـەکەی خـۆیان نـەگۆڕن، هـەر وەک جاران تـەنیا پیتە بێدەنگەکان بنووسـن، بـەڵام ئـەو ئیشارەتانەش

دابهێنن که تەنیا هەر بۆ حاڵەتی پێویست بن، تەنیا بۆ کەسێک که پێویستیی پێ هەبێت . ئـەگەر کەسێک توانی - وەک جاری جاران - به بـێ ئـەو ئیشارەتانه راسـت بخوێنێتەوە با وای دابنێت ئیشارەت هەر وجوودیان نیه، بـەڵام ئەگەر گومانی لەسەر شێوەی خوێندنەوەیەک هەبوو، هەر بۆ سەد له سەد دڵنیا بوون له راستیی خوێندنەوەکه ئەوا ئـامرازی ئەو ئیشارەتانەی سەر و ژێر له خزمەتیدان .

له دێڤاناگاریدا که دەنووسن ئانگوور अंगूर ، نـاکرێت وەک عارەبییەکه بڵێن با ئـەو نوختەیه لەسەر ئا अ یەکه نـەشنـووسرێت، چونکه خۆ دەزانین مەبەست چیه، نـا، ئەو نـوختەیه لێرەدا پیتی" ن/ م" ـه و دەبێت بنووسرێت، وشەکه به بێ ئەوە دەبێت به ئاگوور .

عـارەب سـێ له پیته بێدەنگەکانیان به شـێوەی دەنـگداریش بـەکار دەهێنن : " أ و ی " و هـەر ناویان دەنێن دەنگدار!، پێیان‌دەڵێن حەرفی عیلله ( علة = نەخۆشی، دەرد)، بەڵام هەر سێ پیت وەزیفه ئـەسڵەکەی خۆشیان هەر بەجێدەهێنن که به شێوەی پیتی بێدەنگن، بوونەته پیتی دوو- وەزیفه : هێندێک جار بێدەنگ و هێندێک جار دەنگدارن ( له " عیبری"یشدا وەهایه) .

٨


مسـوڵمانان که وڵاتانی تریان گـرتن، به زاراوەی ئیسـلامی " فەتـح "یان کردن، ئـەلف - بێی عارەبییان بەسەر ئەو وڵاتانەدا سەپاند. لەوانه، نووسینی زمان و ئەدەبیاتی فارس یەک تۆزقاڵ منەتی بەو گـۆڕانه نـەبوو . فـارس، هـەر به ئەو ئـەلف - بێیه عارەبییه، جـوانترین، یا تۆ بڵێ " دەنگدارتـرین نـووسینی به پیتی بێدەنگ! "ی خـۆیان نـووسی و خـوێندەوە . حافظ و شمس تبریزی و مولوی (رومی) و خیام و فردوسی و عطار نیشـابوری و سـعدی و کێ وکێی تر بـه ئەو ئەلف- بێیه نووسران و خوێندرانەوە .

منداڵی فارس چ له حوجـرەی مزگەوت و چ له خوێندگەی دەوڵەت یا تـایبەتی، " منت خـدای‌را عز و جل که طاعتش موجب قربت است " زۆر به هاسانی دەخوێنێتەوە، فـەقێی مێـرد منداڵی کوردیش له خانەقای" شێخی بورهان"ـی موکریانەوە تا به مزگەوتەکەی" مرادیه"ی بایەزیدی

ئەوپەڕی باکووری کوردستان دەگات کە ئەحمەدی خانی تێدا خوێندوویە وەکو منداڵە فارسەکە فێری دەبێت و دەیخوێنێتەوە .

لە هیندییـەکانـیش، بـەشی زۆری ئـەوانەیان کە بـوونـەتە مسـوڵمان، لە " اردو"( ئـۆردوگـا )ی مسوڵمانان شێوازە هیندییەکەی خۆیان  بە هەمان ئەو ئەلف- بێیە نـووسی و خوێندەوە و ئێستا ئەلف- بێی نوسسینی رەسمیی زمانی  پتر لە دووسەد ملیۆن مرۆڤی پاکستانە .

نـە فـارس کێشەیەکی ئەلف- بێی هـەیـە و نـە ئەو هیندییەش کە ئێستا نـاوی بووە بە ئـوردوی پاکستان . فارس دەستکارییەکی کەمی ئەلف-بێیەکەیان کردووە و، ئەو هیندییانەش هەر وایان کردووە . ئەلف-بێی ئوردو( پاکستان) بەرانبەر دێڤناگرییەکەی هیندیی هیندستان :



| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| dʒ-ज ج | s-स ث | ʈ-ट ٹ | t̪-त ت | p-प پ | b-ब ب | a-ा-अ ا |
| ɾ-र ر | z-ज़ ذ | ɖ-ड ڈ | d̪-द د | x-ख़ خ | ɦ-ह ح | tʃ-च چ |
| z-ज़ ض | s-स ص | ʃ-श ش | s-स س | ʒ-झ़ ژ | z-ज़ ز | ɽ-ड़ ڑ |
| k-क ک | q-क़ ق | f-फ़ ف | ɣ-ग़ غ | a-अ ع | z-ज़ ظ | t̪-त ط |
| ء | h-ा-ह ہ | ʋ-ु-ू-ो-ौ-व و | n-न ن | m-म م | l-ल ل | g-ग گ |
| tʃ-dʒʰ-झ جھ | ʈʰ-ठ ٹھ | t̪ʰ-थ تھ | pʰ-फ پھ | bʰ-p-भ بھ | j-ै-े-य ے | j-ी-य ی |
| | | gʰ-k-घ گھ | kʰ-ख کھ | ɖ-dʰ-ढ ڈھ | d̪ʰ-t̪-ध دھ | tʃʰ-छ چھ |

کاتێک پیت رەمز بێت، ئیتر مـەگـەر هەرکەس بـە هـەر زمانێک بە دەستـکارییەکی خـۆیـەوە بیکات بە زمانی نووسین و خوێندنەوەی خۆی( چرای ترافیکیش بە رەنگی سەوز جێگەی دوو پیتی بێ دەنگ و پیتێکی دەنگدار دەگرێتەوە : برۆ!، بە رەنگی سوور جێگەی چوار پیتی بێ-دەنگ و دووی دەنگدار دەگرێتەوە : بوەستە! ئیتر نە کێشە و نە هیچ) .

هیندیی ئەو وڵاتەی کە ئێستاش هەر بە ناوی هیندستانی دەناسین، ئەگەر بیەوێت بڵێت :

" کوردستان وڵاتێکی جوانە"، بە " دێڤناگری"یەکەی خۆی دەنووسێت :

कुर्दिस्तान एक खूबसूरत है ( کوردستان ئێک کھووبسوورەت دێش هێ) .

پاکستانییەکە بە " اردو حروف تہجی"ی خۆی ( بە خەتی نستعلیق) دەنووسێت :

کردستان ایک خوبصورت ملک ہے۔

"خوبصورت"(جوان)ـەکەی پاکستان لە ئـەسڵی خوب و صورة نیزیکترە، بەڵام " دێش देश " (وڵات)ی هیندییەکە لە دێشـاهـ :देश ی سـانسـکریتە، لە کاتێکدا ئەوە لە پـاکستان شوێنی خۆی داوە بە " ملک"ی عارەبی ئیسلامی .


ہند سماچار
سندھیا بھاجپا کے ساتھ مشکل میں کمل ناتھ

رۆژنامەیەکی " پونجاب "ی هیندستان بە " اردو"

٩

ئـایـا قـەت كـورد كێشەی ئەلف- بێی هـەبووە ؟  نـەخێر، كێشەی چی ؟ هەركاتێک ویستبێتی شتێک بنووسێت نووسیویە و،بۆ خوێندنەوەش خوێندەواریكورد لە پاڵخوێندنەوەی زمانەكەی خۆیدا، لە سایەی ئەلف-بێی عارەبی، بە لای كەم زمانێكی تریشی خوێندووەتەوە .

ئوستاد بەشیر موشیر هەموو ژمارەكانی هەر دە ساڵی ١٩٣٩-١٩٤٩ی گۆڤاری" گەلاوێژ "ی بە دیاری دا بە هەژار(هەژار دەیگوت ئەویش بە پارەیەكی كەم سوپاسی كردووە)، ژمارەكانی هەر سـاڵە دە بـەرگێک گیرابوون . من زۆر جار هـەموویم خوێندووەتـەوە، كەمتـرین كێشـەی خـوێندنەوە هـەبوو ؟ نـەخێـر، كێشـەی چی ؟ جیاوازیی لەگەڵ نـووسـینی عارەبیدا ئـەوەبوو كە " گ، پ"ی لە فارسی وەرگرتبوو و، لە جیاتی سەر(فەتحەی عارەبی)" ـە، ە" ی نووسیبوو .

گۆڤارێكی زۆر چاک بوو . ئێستا هـەر ژمارەكانی سـاڵی١٩٤٣یم لە بـەرگێكدا لەبەردەستن كە - وا دەزانم - لە سـوێد چاپكراوەتەوە . سـەیریدەكەم ، نـووسین و شـیعری ئـەمانە و زۆرانـی تریشی تێدا دەخوێنمەوە : سەجادی، محەمەد ئەمین زەكی بەگ، پیرەمێرد، شێخ محەمەدیخاڵ، تەوفیق وەهبیبەگ، یونس رەئووف، عەبدولقادر قەزاز، ناجی عەباس، تاهیریهاشمی، گیوی موكریانی، شەهابوددین محی(لە كرماشانەوە)،حەسەنفەهمیجاف، مەدهوش، زێوەر، گۆران، رەفیـق حیلمـی، ع. و. نـوری، ئیبراهیم نـادری ( لە كرماشانـەوە)، فـایق بێـكەس، ن. أ. ( بـرایم ئـەحمەد)، هـەردی، شیخ سـەلام، سـاڵح یـوسـفی، سـاڵح قـەفتان، شێخ مارف، بێـخود، دڵزار و ... ئیدی .

لە یادمە شیعری هـەژار( بە ناوێكی تری) و قـانع و نـووسینی رەفیق چالاک و زۆرانـی تریشم لە ژمارەكانیتریدا خوێندوونەتەوە . كەمترین كێشەیخوێندنەوە هەبوو ؟ نەخێر، كێشەی چی ؟ ساڵانی دواتر " ۆ" و " ێ "ش داهێنران، رر( رێی قەڵەو)، دواتر " ڵ، ڕ" یش هاتن .

١٠

كۆڕی زانیاری كورد لە بەغدا، یادی بەخێر، دوا قسەی دە ئەو باسەدا كرد و پاسپۆرتی وشەی كوردی بۆ نووسین دەركرد، شێوەینووسینی بڕیار دا . ئێستا كە"سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی"

ی وەرگێرانی ناکام دەخوێنمەوە، کە بە ئەو رێنووسەی کۆڕی زانیارییە، هێندە تەواو و رێکو- پێکی دەبینم دەڵێم دەوڵەتی پاکستانی دووسەدوئەوەندە ملیۆن مرۆڤ دەبێت بۆ ئەوە ئێرەییمان پێ ببات . کورد چ شانسی هەیە کە بەکارهێنانی ئەلف- بێی وەهای بە بیردا هاتووە، سەد حەیف کە دەوڵەتی نیە .

زمانی کوردیش ( " یـ " یەکە بە نووسینی کۆڕی زانیاری ئیشارەتێکی وەک سەر( فتحه )ی عارەبیی لەسەر دەبێت، ئێستا بە " یيـ "ی دەنووسن : کوردییش)، حەتمەن وەک هەر زمانێکی دی دەگۆڕێت، نازانی هەزار ساڵیدی چەند وشەی چۆن دەگۆڕێن، بەڵام هەر وەک پاسپۆرتی " تێمپس" پێش هەزار ساڵ نووسرا ( با ئێستاش بە " طا " ی زمانی ئێستا بخوێندرێتەوە)، کۆڕی زانیاری کوردیش پاسپۆرتەکەی بۆ هەزار ساڵی داهاتوو نووسی . ئەدی بۆچی کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە ؟ دەوڵەتی نەتەوە دەتوانێت"هیچ" بکات بە " زۆر شت" و، ئەگەر دەوڵەت وجوودی نەبێت ئەوا " زۆر شت"یش دەبێت بە " هیچ"، ئەوە فەرهەنگی سەر رووی زەوییە، کە کورد دەوڵەتی نەبوو، کۆڕی زانیاری لە بەغدا کێ ئاوڕی لێ دەداتەوە ؟ کۆڕ چیی پێ دەکرێت ؟ هیچ، هیچی پێ ناکرێت .

تاقە یەک نووسین لە دەرەوەی ئەو کۆڕیزانیارییە قەت ئەو ئەلف-بێیەی کۆڕی بەکارنەهێنا . ئەو بەکارهێنانە پێویستی بە فەرمانی یەک نەفەر هەبوو : لە ژێر دەسەڵاتی رژیمی بەغدادا سەددام حوسێن، لە لایەن کورد خۆیەوە جەلال تاڵەبانی لە سلێمانی و گەرمیان، مەسعوود بارزانی لە هەولێر و دهۆک و ... تەواو .

ئەلف- بێی کە مەسعوود محەمەد و هەژار و مەلا شکور و زەبیحی و کەمال مەزهەر و هەڤاڵانیتریان لە بەغدا بڕیاریان لەسەر دا، تاقە یەک نەفەری دەرەوەی کۆڕی خۆیان بەکاری نەهێنا، چونکە هیچ کام لەو سێ نەفەرە دەسەڵاتدارەی ناوبران فەرمانی نەکرد . بڕیاری چارە- نووسی نووسین لای ئەوانە بوو، - شاعیر گوتەنی- : " و بقیه حشرات! " .

لای تورکەکان، عەسکەرێکی مڵهوڕی خوێنڕێژ، وێرانکەری فەرهەنگی مرۆڤایەتی، هەر هەموو ئەلف- بێی چەندین سەدەی قەومەکەی فڕێدا و خۆی بە زەوقی ئەحمەقانەی خۆی لاتینێکی بە سەر دەوڵەتەکەیدا سەپاند( کە شەقێک بوو دە قوونی فەرهەنگی نەتەوەی تورکی

هەڵدا)،لە کاتێکدا کورد باشترین ئەلف- بێی هەبوو و تاقە یەک نەفەری دەرەوەی خانووەکەی کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا ئاوڕی لێ نەدایەوە، بێکەس بوو، کەسێکی نەبوو بیسەپێنێت . دەوڵەتی نەتەوە و دەسەڵات، حەرف و نووسین و ... نامووس و شەرافەت و هەمووشت بڕیار دەدەن ... زۆر بەداخەوە کە فەرهەنگی مرۆڤ لە سەر ئەم هەسارەیەی زەویی ئێمە وەها بڕاوەتەوە، دەتوانین زۆر شت پێشکەش بە سامانی مرۆڤانی سەرزەوی بکەین، بەڵام " بێ- دەوڵەتی" ر ێگەمان نادات .

١١

عوسمانییەکان چەندین سەدە زمانی تورکییان بە پیتی عارەبی نووسی و هیچ کێشەیەکی نووسینیان نەبوو، هەشت بەرگی کتێبی تورکیی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی بە ئەو پیتە عارەبییانە لە ئەستەمبوڵ چاپکران (١٨٩٦- ١٩٢٨) . بەڵام لەو بەینەدا کەسانێکی وەک " عەبدوڵڵا جەودەت "ی کورد، سەرنووسەری رۆژنامەی " اجتهاد "ی پارتی " مجدد "، کە ساڵی ١٩١٢ لە ئیتیحادییەکان جیابوونەوە، داوای " تەرەقی" ( بەرزبوونەوە، پێشکەوتن) ی " نەتەوەی عوسمانی"یان کرد . تەرەقی یانی چی ؟ یەکێک لە ماناکانی ئەوە بوو کە واز لە نووسین بە پیتی عارەبی بهێنن و بە پیتی لاتین بنووسن .

مستەفا کەمال( مستەفا عەلی رزا) یەکەم رۆژی نوامبری ١٩٢٨ بە قانوونێک بڕیاری دا کە تورکیا لە یەکەم رۆژی دیسامبرەوە (دوای مانگێک) دەبێت دەست بە نووسین بە پیتی لاتین بکات و، لە یەکەم رۆژی یەکەم مانگی ساڵینوێوە ئیتر نووسین دەبێت تەنیا بە پیتیلاتین بێت : کتێب و رۆژنامە و گۆڤار و خوێندن و ئیدارە و هەموو .

مستەفا کەمال ساڵی ١٩٣٤ ناوی بوو بە " ئاتاتورک "، ناوی پاشا و بێی و ئەفەندی و چەندی تری قەدەغە کردن و، دەبوو هەر ناوی تورکیی خانەوادە هەبێت . رەزا شای ئێران و مستەفا کەمال لە زۆر شتدا لاسای یەکتریان دەکردەوە . سەپاندنی بەرگی ئەورووپایی چاکەت و پاتۆل و ... کۆڵێک لەو" تەرەقی"یانە!( مرۆڤ کڵاو بکاتە سەری تا ببێت بە شتێکی باشتر!)، بەڵام فارسەکان شانسی ئەوەیان هەبوو کە رەزا شا پیتی لاتینی بەسەردا نەسەپاندن، لەوەدا وەک

ئاتاتورک ئەحمەق نەبوو .

ئەو پێشکەوتنخوازییەی تورکان، سەد ساڵێک بوو دەستی پێکردبوو، یەکێک لە بڕیارەکانی " نظام جدید "ی مەحموودی دووەم (سوڵتان ١٨٠٨-١٨٣٩) بریتی بوو لە کڵاوی سەربازی : تەپلەیەکی سووری بە گوڵینگە، کە هی شاری" فێس"( یا فێز، فاس)ی مەغریب بوو و هەر بە ناوی ئەو شارە ناودەبرا، پارچەیەکی وەک گوێسوانەیەک بۆ پاراستنی چاو لە هەتاو لەپێشەوە بوو . عولەما هاواریان تێکەوت کە سەرباز بەو کڵاوەوە چۆن دەتوانێت لە نوێژدا سوجدە بەرێت و ناوچەوانی وە زەوی بکەوێت ؟ ناچار گوتیان دە ئەو گوێسوانەیەی لێبکەنەوە، ئیتر " فێس" بوو بە نیشانەی " تەرەقی"ی سەرباز و ئەفەندیی وڵاتی عوسمانی . لە سەردەمی مستەفا کەمال‌دا ئەو نیشانەی " تەرەقی"یە بوو بە نیشانەی دواکەوتوویی!

ئەمجارەیان" کڵاو"ی ئەوروپایی نیشانەی " تەرەقی" بوو و، خۆش ئەوەیە ئیمامانی مزگەوتان کە ئەوەندە دژی فێس ببوون، هەر ئەو فێسەیان کرد بە کڵاوی خۆیان بەڵام پەڕۆیەکی سپییان لێ هاڵاند! و ئیدی ئەوە هەر مایەوە، هەر وەک بە سەری مامۆستا "عەلائەدین سەجادی" و " شێخ محەمەدی خاڵ"مانەوە دەبینی :



شێخ محەمەدی خاڵ



عەلائەدین سەجادی



" تەرەقی " واتە گەیشتن بە پلەی دنیای ڕۆژئاوای پێشکەوتوو ؟ ئەوەش بە گۆڕینی بەرگی

رەنگاورەنگی جوان بە دوولینگێک و چاکەتێک و پـەتکێک دە ملدا و، کڵاو کردنە سـەر و، بە گۆڕینی ئەلف- بێی نووسین لە رەسمی " ع" و " م" و " هـ" و ئەو هەمووە هونەرەی خەتی نسخ و رقعة و دیوانی و فارسی و ثلث و نستعلیق و تعلیق و چەندین جۆری کوفي و مشرقي و مغربي و إجازة کە مـۆری سـوڵتانانی عوسـمانیی پێ چـووەتە سـەر لیـرەی زێـڕی رەشـادی و ئێستاش بە سینگی نازدارانەوە، گواستنەوە لەوەوە بۆ b c ، چونکە ئەوە لە زانست و تـەکنیک و فەلسەفە و فکردا دەتگەیەنێتە ئاستی رۆژئاوا ؟ ئێ ئـەگەر وایە، بێ قەزا بیت، فـەرمان بدە هەموو تورکێک جلوبەرگی ئاینشتاین بکاتە بەری( پـەتکەکەی ملیت لەبیرنەچێت کە پێی دەڵێن کـراوات) و پێڵاوەکەشی دە پێبـکەن، ئیتر یـەک نـەتـەوەی وەکو خـۆت عـاقل بۆ رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و هەموو دنیا دروست دەکەیت، بەتایبەتی کە بە هەمان ئەلف- بێی لاتین دەنووسن، چیتر " ئەفەندی" و " بێی" و ئەو شتانەش نین، ئیتر سەد لە سەد هەمووتان بە تـەواوی دەبن بە ئاینشتاین و، تورک وەکو ئیسرائیلییەکان و ژاپۆنییەکان و چینییەکان کە بە پیتی لاتین نـانووسن دواکەوتوو نامێننەوە ... بـەتـایبەتی ئەو ئیسرائیلییانە کە ئەلف- بێیەکەیان لە سنووری قـەومی خۆیان دەرناچێت، ئیتر چۆن وەکو ئەوروپا و تورک " تەرەقی" وەدەستدەهێنن ؟

بەو ئەلف- بێ ئاینشتاینییە تورکییە، پێوەندیی تورک بە مێژوویەوە دەبڕێت . وەکو سـەربازانی عەمەلیاتیتایبەتی، دەموچاوی وشەکان بە قوڕی رەش سواغ دەدرێت ئیتر کە دەنووسیت"سودا suda "کە بە تورکی واتە رەنج، وەکو نووسینی عوسـمانییەکە " صداع " نـانـاسرێتەوە کە لە عارەبی وەرگیراوە (بە عارەبی واتە سـەرێشـە) و، ئەوەش گـرنـگە، چونکە تۆ دەڵێیت تـورک وشەی لە خەڵکی تر وەرنـەگرتووە و " هـەموو دنیا، بە سـوێد و ئینگلستانەوە (شاری " کێنت" کە تورکییە) سەردەمێک زمانیان تـورکی بووە، چونکە زمانەکانیان لە سـومەری و ئـاکادای و ئـاشـووری و بـابلی و هیـتی و سـوبـارو( سـو بە تورکی واتە ئـاو) و میتـانی و هـەموو ئـەوانە وەرگرتووە کە تورک بوون! ... مـرۆڤ کە دابنیشێت هێندێک قـوڕ بگرێتەوە تا نـەتـەوەیەکی لێ دروست بکات، بـەڵام بە بێ ئەوە کە کا بکاتە قوڕەکەوە، دەبێت بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی چ نەتیجەیەکی هەبێت ؟

ئاخر ئەگەر لە جیاتی وشـەی " مەدرەسە " فەرمانت دا کە تـورک بڵێن : ئۆکول ( لە " école

ئێکۆل " ی فەرەنسی)، چۆن بەوە هیچ لە ناوەرۆکی مەدرەسە دەگۆڕێت ؟ مەگەر کاری مەدرەسە بە ناوەکەیەتی یا بەوەی کە تێدا دەخوێندرێت، خوێندنی چی ؟ کە سویدی و ئینگلیس چۆن تورکییەکەیان لەبیرچووەتەوە؟! تورک چەند سالّی تری لە پێشە تا خۆی لەو زبلّدانەی " تەرەقی"ی ئاتاتورک پاک دەکاتەوە و دەبێت بە تەیرێکی ئاسایی ؟

ئەدی " یونێسکۆ" بۆچی سەد ساڵەی لەدایکبوونی ئاتاتورکی بە ناوی پێشکەوتنخوازێکی مەزنی دنیا یاد کردەوە ؟

وەڵام : چونکە ئاتاتورک " دەولّەت "ی هەبوو ... دەولّەت ... هەی دەولّەت بۆ کەتنی کە دەیدەیت دەولّەت، عەقڵی ئاتاتورکی پێ دەکەیتە جێژنی یونێسکو و، منیش کە سەیری ئەو گاڵتەجارە دەکەم، کە تورکێک لێم دەپرسێت تۆ خەڵکی کوێیت و دەڵێم کوردستان، دەڵێت : کوردستان نەرەدە ؟ شتێک لە دنیادا نیە ناوی کوردستان بێت !


تورک دەولّەتی هەیە، من نیمە .

## ١٣

یەکەم کەسانێک کە داهێنانی " پیت "یان بە بیردا هاتووە و، دایانهێناوە و لێبوونەتەوە، ئیدی پیتەکەیان چیتر فڕی بە سەر ئەوانەوە نەماوە . چونکە پیت " ئامرازە " . کێ یەکەم چەقۆی دروست کرد ؟ کێ یەکەم تیر و کەوان ؟ کێ یەکەم تفەنگ ؟ کێ یەکەم تانک(کە هەم دانیمار-کی و هەم ئەفغانی و هەم داعیش و هەم فارسی شیعە بەکاریدەهێنن) تازە مەوزووع نیە، " ئامراز"ی بەدەستی هەمووان هیهەمووانە . نە داعیش عەقڵی لە دانیمارکی نیزیک دەبێتەوە چونکە هەمان تانک بەکاردەهێنێت کە دانیمارکیش بەکاریدەهێنێت و، نە بە لاساکردنەوەی فەرهەنگی کافرانیشی دەزانێت . کورد و تورک و رووس و سوێدی و ئافریقایی و ... هەموو-یان چەقۆ بەکار دەهێنن، ئەوجا یەکەم داهێنەری چەقۆ لە مێژوودا سومەریی " رەسەن"! بوو یا سومەرییەکان لە قەومی تریان دزیبوو، بە من چی ؟ من چەقۆ بەکار دەهێنم و تەواو .

پیت، ئەو ئامرازە لە سەدەی نۆزدەوە بۆ نابینایانیش هەیە و ئێستا بۆردی بۆ کۆمپیوتەر هەیە، من دەتوانم ئەم نووسینەم، لەجیاتی ئەوە کە بە ئەم پیتانەی بنووسم، بە پیتی نابینایان تایپ بکەم

و له نووسین و له خوێندنەوەشیدا هەر دوو چاوم بنووقێنم .

نـووسـەری ئینگلیـس تۆلکین (١٨٩٢-١٩٧٣)، پیتی بۆ نـووسینێک دروسـتکرد، دەتـوانین له ئئینتەرنێتدا ببینین، پیتی " تێنگوارTengwar (کۆی تێنگوا)، به نووسینەکەی خۆی :  .

من له چەقۆ یا تفەنگ، یا پیت که هەر رەمزێکه و به " عورف و عادەت" بڕیار دەدرێت چۆن بەکار بێت، دەنووسم تێمپس و دەخوێنمەوه طا، یا دەنووسم "منت" و دەخوێنمەوه میننەت ... به کـەیفی خـۆم نیه ؟ عـادەته و تـەواو، که ئـەوه بـوو به عـورف و عـادەت له نێوان نـووسـەر و خوێنەرانیدا، تازه ئیتر له کوێوه هاتووه یا نەهاتووه، من چ منەتم پێ هەیه ؟ هیچ .

کاتێک لەلایەکەوه تـورکێک به فەرهەنگی عـەسـکەرێکی ملهوڕی خـۆی پێمدەڵێت دەبێت ئـەو ئـامرازه بۆ نـووسین و خـوێندنەوەم بـەکاربهێنم که ئـەو بۆم هـەڵـدەبژێرێت و له لایەکی تـرەوه فارس وعارەب دەڵێن دەبێت ئەو ئامرازه بۆ نووسین و خوێندنەوه بەکاربهێنیت که ئێمه دەڵێین، من ئەوه قەبووڵ بکەم " چونکه ئەوان وا دەڵێن "! ئەوه ئیتر له مەسەلەی نووسین و خوێندنەوه دەردەچێت، دەبێته لەتوپەت کردن و سڕینەوەی من، ئەینا منی یەک قەومی یەک وڵات، بۆچی دوو ئامرازی جیاواز بۆ یەک هەمان کار بەکاربهێنم و، بۆچی من خۆم له سەر خـاکی خـۆم بۆ خـۆم شـکڵی ئـەو ئـامرازه، ئـەو چـەقۆیه یا ئـەو پیته یا هەرچی هەیه هەڵنەبژێرم ؟ چونکه من دەوڵـەتم نیه و، مافی هـەڵبژاردنی ئـامرازی پێداویستـی ژیـانی خـۆم نیه ؟ ئـەو مافه هـەر هی دەوڵـەته ؟ ده کەواته خەباتی من بۆ نووسین و خوێندنەوەی خۆشم هەر دەبێت بۆ دەوڵـەت بێت، دەوڵـەتێکی خـۆم هەبێت تاکو هەر وەک ئـەو چـەقۆیه هـەڵدەبژێرم که بۆ خۆمی به باش دەبینم، بتوانم " به ویستی خۆم " شـێوەی پیت و نـووسینیشم هـەڵبژێرم ئـەوجا عارەبی هـەڵدەبژێرم یا لاتین یا ئەلف- بێی عیبری یا تـەنانەت ئەوەی تـۆلکین یا هـەرچیی تر ... ئەوه کاری خـۆمه، یا راستتر و وردتر بڵێم : کاری دەوڵەتی خۆمه، نامەوێت دەوڵەتی کەسێکیتر ئەو سەرەتاییتر- ین داهێنانەی هەزاران ساڵی رابردووی ژیانی مرۆڤم بۆ هەڵبژێرێت .

١٤

هەر وەک ئەوروپای رۆژئاوا به هۆی ئەوه که مەڵبەندی ئیمپراتۆریی‌رۆمانی بوو، ئەلف-بێی

لاتینی رۆمای بەکار هێنا، کوردستانیش بەوە کە لە مەڵبەندی ئیمپراتۆرییە ئیسلامییەکاندا بوو، وەکو عارەب و فارس و تورک( تا ١٩٢٩) و چەند قەومیتر، ئەلف-بێیعارەبیی بەکار هێنا . کورد لە سەردەمی عوسمانیدا دیارە بە هەمان پیتی عارەبیان نووسیبوو، تا مستەفا کەمال ئەلف- بێ لاتینەکەی خۆی بەسەر تورکیادا سەپاند . بەدرخانییەکان لە بەرانبەر ئەو واقیعەدا، کە کوردی ژێردەستی تورک ئیتر هەر ئەو لاتینەی ئاتاتورک فێر دەبێت، گۆڤاری "هاوار"ی کوردییان ساڵێ ١٩٣٢ لە سووریا بە هەرتک پیت دەرکرد، هەر ژمارەیە بەشێکی بە پیتی عارەبی و بەشێکی بە پیتیلاتین بوو . ئەوە ئەوسا کارێکی پێویست بوو، ناودارترین نووسەر-ان و شاعیرانی باشوور بە پیتی عارەبی گوتار و شیعریان بۆ دەنارد و وەک خۆیان بڵاو دەکرانەوە : گۆران، بێکەس، شاکر فەتاح، برایم ئەحمەد (بە ناوێکی تر) و" عبدالخالق أثیری کرکوکی" و چەندانی تر، شیعری حاجی قادری کۆیی و هێمن و ... چەندی تری بە پیتی عارەبی تێدا بڵاودەکرانەوە؛ ئەوانەی شێوازی باکووریش بە پیتیلاتین: بەدرخانییەکان خۆیان، جگەرخوین، قەدریجان، نامی، قەدریجەمیلپاشا، نوورەدین زازا، شیعری خانی و جزیری و... زۆری دی . گۆڤاری هاوار، دوای دوو ساڵ، وازی لە پیتی عارەبی هێنا و هەر لاتینەکە مایەوە و، ئیتر پێوەندیی باشووریشی نەما، لە ژمارە ٢٤ ەوە تا دوا ژمارەی ٥٧ی هاوینی ١٩٤٣هەر بۆ نووسەران و شاعیرانی شێوازی کرمانجیی باکوور بە پیتی لاتین بوو .

بە بیری من، ئەو دابڕانەی لە پیتی عارەبی و باشوور هەڵەیەکی گەورە بوو .

خوێندەواری هەرزەکاری کورد، زۆریان بە هزر " کەمالی "ین . بۆ ئاسۆی فەرهەنگی، هەڵوێست لە پیت و لێنۆڕینی لاتین و ئەوروپا و، رۆژهەڵات و پیتی عارەبی و مێژوو و خوێندەواری و زۆر شت، جگە لە ناسیۆنالیزم، هەر کۆپییئاتاتورکن، زۆر کوردی نەتەوەییش بەهۆی دواکەوتوویییەوە تازە بە تازە دەگەنە قۆناغی ١٩٢٩ی مستەفا کەمال و، نووسین بە پیتی لاتین بە نیشانەی شارستانییەت و نووسین بە پیتی عارەبی بە نیشانەی دواکەوتوویی دەبینن .

١٥

هەر وەک ئەوروپای رۆژئاوا جەغزی ئەلف- بێی لاتینە و، زۆر لە ئەوروپای رۆژهەڵات

( و هێندێک لە ئـاسیای ناوەندیش) جـەغزی ئەلف- بێی سـیریلیکە، هیندسـتان و دەوروبـەری جـەغزی ئەلف-بێی دێڤانگرییە، بەشێکی ئاسیای دووریش شـكڵی نووسینی چینی و ژاپۆنـی و ئەوانەیە، مەڵبەندی کوردستان جەغزی پیتی عارەبی بوو، تا مستەفا کەمال پیتی لاتینی کرد بە ئـەلف- بێی دەوڵەتەکەی و، دوای ئەوە ئیسرائیل ساڵی ١٩٤٨ دامەزرا و ئەلف- بێی تایبەتی عیبریی ( لقێکی ئارامی) کرد بە ئەلف- بێی دەوڵەتی خۆی .

کـوردستان، بە ئەو کارەی مستەفا کەمال، دابەشبوونێکی تریشی بەدووی دابەشبوونە سیاسییە-کانیدا بەسـەرهات، ئـەمەیان لە مەیدانی بەکارهێنانی ئـەلف- بێدا بوو( فـارسی ئەوەی بە سەر نەهات چونکە هیچ بەشێک لە خاکی فارس لە ژێر دەستی تورکیادا نەبوو) .

نیسبەتی بەکارهێنانیعەقڵ لە فەرهەنگدا، لەبەرانبەر تەئسیرە سایکۆلۆجییەکاندا شتێکیئێجگار زۆر کەمە، کەمێک سەرووی سیفرە . شەپۆلی - گوایە- مارکسیزم لە لایەک ( بـۆ جنێودان بـە شێخ و مەلا و پیاوانی ئاینی) و کـەسانێکی نـەزانی وەکو حـوزنی موکریانی لە لایەکی تـرەوە، ئاوێکی وەهایان رشت کە پەڕینەوەی عەقڵی کوردی لێ زۆر سەخت کرد .

جارێک،"حوزنی"یەک، دوای ئەوە کە تۆماری رەسمیی دەوڵـەتی رەواندزی سەردەمی پاشای کۆرەی لەناودا تاکو نەیبینین، چیرۆکێکی خورافاتی ئاتاتورکییانەی بۆ هەڵبەستین کە :

دەوڵەتی کورد لە رەواندز بە قسەی یەک مەلا رووخا! هەر وەک دەوڵەتی کورد پووش بێت و بـای قسەی مـەلایەک بـردبێتی، یا تـووتن بێت و کێشـرابێت، یا بـەفر بێت و بە ئـاگری قسـەی مەلایەک توابێتەوە . هەرچەندە مەسعوود محەمەد هاواری کرد کە ئەوە قسەیەکی زۆر هـەڵەیە و تکایە بە جیددی وەرنەگیرێت و،دوای ئەو مەلا شکوریش هەمان قسەی مەسعوود محەمەدی کرد و، هـەرتکیان زۆریان بەو مـەلایە هـەڵگوت کە گـوایە دەوڵـەتی رەوانـدز بە فـەتوای ئـەو رووخـابێت ( لە کاتێکدا کە ئەو مەلایە ئەوسا هەر مفتی نـەبووە، بە دڵنیایی روون نیە کە هـەر لە رەوانـدز بووبێت، کەسـێکی تر بە نـاوی " مەلا عەزیز"ی خـزمی میر مفتی بـووە و لەگەڵ میردا چووەتە ئەستەمبووڵ) .

بەهەرحاڵ، ئێستا کوردستان بۆ ئەلف- بێ دوو جەغزە و، هـەڵوێستی کـوردیش هـەر وەهـایە . بـەڵام تـورکەکان دەڵێن : کوردستان نەرەدە ؟ ئەگەر کوردایەتی لە ١٩٢٩دا دژی ئەلف- بێی

لاتین بوایە و - بڵێین- بیگوتایە ئێمە هەر ئەو ئەلف-بێیە بەکاردەهێنین کە خانی و شیخ سەعید و ئیحسان نووری‌پاشا بەکاریان‌هێناوە و، تەواوی سەدەی بیستەم دەستیان لە ئەو داوایەیان بەر-نەدایە، ئێستا باکوور و تورکیا، هەر وەک دوو نیشتمانی جیاوازن، لە ئەلف- بێشدا دەبوونە دوو جەغزی جیاواز و بە تورکەکانمان دەگوت : کوردستان ئەوەیە کە بە ئەلف- بێیەکی تری غەیری ئەوەی ئێوە دەنووسێت .

١٦

بەوە کە ئەلف- بێ رەمزە، دەکرێت هەر ئەلف- بێیەک بۆ هەر زمانێک بگونجێندرێت . تورکی و فارسی و ئیدی لە وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتدا بەنموونە (قرخیزی، تاجیک، ئازەری، کوردی ... هەرچی)، بە هۆی دەسەڵاتی رووسەوە لە سۆڤیەت بە ئەلف- بێی سیریلیک نووسراون . رێک بە هەمان شێوەی کە دەکرێت نیشانەکانی ترافیک بگۆڕدرێن : دەنگی بولبول لەجیاتی رەنگی سەوز و، دەنگی قەڵەڕەشە لەجیاتی رەنگی سوور و، دەنگی لەگلەگ لەجیاتی رەنگی زەرد یا پرتەقاڵی، رەمزەکانی نووسینیش دەکرێت بگونجێندرێن . بەڵام کەی کێ چۆن چی بڕیار دەدات ؟

بوونی ئەلف- بێیەک بە ئەلف- بێی وڵاتێک، هەمیشە بە بڕیاری یەک سەرچاوە بووە و دەبێت : دەسەڵات . کورد ئێستا دەوڵەتیشی نیە ( هیچ ئەمارەتێکی نەماوە تاکو بڵێین ئەویش بە گوێرەی جەغزی ئیسلامیی مەڵبەندەکەی بڕیار بدات ئەلف- بێی عارەبی یا هەر پیتێک چۆن بەکار بهێنێت)، تەنیا وا لە چارەگەسەدەی دواییدا جۆرە ئۆتۆنۆمییەکی لە بەشێکی بچووکی وڵاتەکەیدا هەیە و، هیچی‌دی . دەوری ٩٠% ی وڵاتی کوردستان هێشتا لە ژێردەستی راستەو-خۆی بێگانەدایە و، مافی هەڵبژاردنی زۆر کۆڵەکەی نەزمی ژیان - کە ئەلف- بێ یەکێکە لەوانە - لە لایەن داگیرکەری خاکی کوردەوە لە کورد زەوت کراوە . بەڵام کورد، قارەمانانە و، بەهۆی مەیلی بۆ شارستانییەت و خوێندەواری بە زمانی خۆی لەسەر خاکی خۆی، تەنانەت ئا لە ئەو ژێردەستەییەشدا رێگەیەکی بۆ بەکارهێنانی ئەلف- بێیەک بۆ خۆی کردووەتەوە : شکڵێکی تایبەتی ئەلف- بێی بۆخۆی، تەنانەت بە بێ بڕیاری هیچ دەسەڵاتێکیش، هەر وا بە عەفەوی لە لایەن گەلەوە و لە چوارچێوەی واقیعی دەوروبەری خۆی، بۆخۆی پێکهێناوە :

لاتینییەکی بـەدرخـانییەکان لە لاتین و، جـوانترین ئـەلف- بێ لە عارەبییەکەوە لە لایەن کـۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بەنموونە .

ئێستا بە گوێرەی جوغرافیای سیاسی، هـەرتک ئـەلف- بێ لە واقیعی ژیـانیدا هـەن و، کـورد چـاوەڕێی دەوڵەتی سـەربەخۆی کـوردستانی یـەکگرتوو دەکات تا دوا بـڕیاری بۆ ئەلف- بێ لە لایـەن دەسـەڵاتی خـۆیەوە دەرچێت و ئیتر بۆ هـەزار یا هـەزاران سـاڵی دوای ئەوە، کـوردیش وەکو نـەتـەوە سـەربەخۆکانی تـر نـووسینی یـەک پاسپۆرتی وشەی خۆی لە فەرهەنگیدا تۆمار بکات . من، کە دەسـەڵاتی سیاسیم نیە، لێرەدا بیرم بۆ دوو شـت دەچێت : دەوری ئـەم هـەرێمی باشوورەی ئێستامان و، لێنۆڕینێکی خۆم بۆ ئەو پەرلەمانەی کە رۆژێک بـڕیاری ئەلف- بێ بۆ نەتەوەی کورد دەدات .

١٧

زۆر شـت هـەن بە مـەیل پێکـدێن : چـۆنێتیی دروونی پـۆشاک، پێکهێنانی پیـزا، یا لێنانی هەر چێشتێك بە نموونە . بـەڵام دروستبوونی " نـەتـەوە" وا نیە : سـەرۆکی عەشیرەتێک، شوانێکی نـەخوێندەوار، شـاگـردی فـەیلەسووفێک، جـەردەیەکی بێ رەوشـت، دەست بە سـەر خـەڵکێکدا دەگـرێـت و دەبێتە رابـەریـان، یا دەرەبـەگێک شـوێنێک بە دیـاری لە پـادشـایەک وەردەگـرێت، پێغەمبەرێک بە روئیایەک شـوێنی خۆی دەکاتەوە، سـەرۆکی تەریقەتێک دەروێشـانی لە خۆی کـۆ دەکاتەوە، یا ... کە مێژووی دروسـتبوونی نـەتـەوەکان دەخوێنینەوە، دەبینین کـۆبوونەوەی خـەڵکێک لە سەر خـاکێک لە ژێـر ئـاڵای دەسەڵاتێک و بوونی بە نـەتـەوە دەکرێت لە رێگەی زۆر سەیر و سەمەرەی جیاوازەوە هاتبێت .

جوغرافیای کوردستان و، لە نەتیجەدا کۆمەڵگەی کورد وەها گەیشتە سەدەی بیستەم، کە ژیانی شـارستانی زۆر دێهاتییانە بوو، چینی ناوەند تێدا زۆر پـووچ و کەم مایە بوو، " خـۆیبوون" کە باسی" نەتەوەی کورد"ی دەکرد، زۆربەی دەوروبەر ئەوەیان بە" کفر" دادەنا . کاتێک ژێکاف باسی کوردایەتیی دەکرد، نەیدەتوانی" سەرڕووتێک" بکات بە پێشەوا . لە سلێمانی تـەریقەتی دەروێشەکانی ماڵی دەرەبەگێک تاقە دەسەڵاتێکی کورد بوو کە دەبوو کەسێکی ئەندامی ئەو ماڵە

مەرکەزەکەی بۆ کوردایەتی بقۆزێتەوە، ئەینا فکرەی کوردایەتی خۆی نەیدەتوانی پەلێکی ٢٥ کەسیش بۆ دەوڵەتێکی نەتەوەی کورد ساز بدات . یا بڵێین کورد وەکو جوو کتێبێکی پڕ لە خورافات و وەحشیگەریی پێش چەند هەزار ساڵ کۆی نەدەکردەوە، تا کەسانێکی خاوەن بانک و سەرمایەی رۆژئاوایی ئەو کۆبوونەوەیە بقۆزنەوە و لە سەر خاکێک ( بە گوێرەی ئەو کتێبەی کە دە سەری خەڵکەکەیاندا بوو) نەتەوەیەکی مۆدێرن و بەهێز بهێننە سەر شانۆ و، ئاڵاکەی ببێتە یەکێک لە - ئێستا - ١٩٣ ئاڵا لەسەر خانووەکەی نیویۆرک (هەویەتی وجوودی نەتەوە لە سەر زەوی) . ماڵی بارزانی، هەلومەرجی بۆ هات کە ئێستا ببێتە یەکەم هێزی قەومێک کە رێگەی بوونەنەتەوەی گرتووەتە بەر و، توانی بەشێکی باشیش لە چینیناوەندێکی زۆر کەم مایە و شل و مل و دەڵەمە وبێ قیمەتیش کە کورد هەیەتی، ئیحتیوا بکات .

ئایا ماڵی بارزانی پێشەکی نەخشەیەکیان بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک هەبووە کە هەموو عونسورەکانی چۆن بن ؟ نەخێر، تەبیعینەخێر، دروستبوونی نەتەوە چ کاری بەو شتانە داوە ؟ بارزانی بە رێکەوت عەشیرەتێکی بەرێزی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیی سەرەتایین، بەڵام خۆ دەشکرا وەکو نادرشا جەردە و پیاوکوژ بوونایە . تەبیعی چ نادر یا هەر شایەک، چ هەر دەرەبەگێکی دامەزرێنەری نەتەوەیەک( بە نموونە دەرەبەگە ئەڵمانەکەی بناغەدانەری نەتەوەی هۆڵەندا)، چ پیاوانی ئاینیی کتێبە پڕ لە خورافات و وەحشیگەرییەکەی تەورات، چ فەتواکانی شێخانی تەریقەتی سەنووسی لە لیبیا، یا هەر کەسانێکی تر کە بە رێکەوت بناغەدانانی نەتەوە-یەک دە ئەستۆیاندا دەبێت، دوای " بناغەدانان "( کە دەکرێت ساڵانێکی زۆر بخایەنێت ) ئیتر دەوریان تەواو دەبێت، چینەکان دەبووژێنەوە و، دنیا بە خوڕ دەگۆڕێت و، نەتەوەکانیش پەرە دەستێنن و، بە ئەو ساکارییەی بناغەکەیان نامێننەوە .

ئێستا، ماڵی بارزانی لە باشوور وەکو قژیسامسۆن هێزی ناسیۆنالیزمیکوردن، کیانی باشوور بەوەوە بەندە، ئەگەر ئەو قژە ببڕدرێت، ئەوەندە کیانە سیاسییەی کە کورد لە باشوور هەیەتی، حەتمەن دەتەپێت و کۆتاییدێت . کەواتە مانەوەی بارزانی"ئێستا" مانەوەی ئەوەندە دەسەڵاتەی کوردە لە باشوور و، برینی دەبێتە برانەوەی ئەو دەسەڵاتە .

بەڵام ئایا ئەو دەسەڵاتە دەزانێت گرنگیی" ئەلف- بێ" چیە ؟ ئەگەر پرسیاری ئەلف- بێ لە ئەو بناغەدانەرانە بکەیت، رەنگە بە سەرسوورمانەوە سەیری یەکتر بکەن و بڵێن ئەوە باسی چی دەکات ؟ ئێمە لە چ حاڵێکداین و ئەوەش باسی چیمان بۆ دەکات ؟

ئەو بەشەی چینیناوەندی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ماڵی بارزانییە، یا شێتو وێت و بەرەڵڵا و بێ قیمەتە و لە جیاتی هەڵچنینی دیوار لەسەر ئەو بناغەیە، دەیەوێت بناغەکە هەر هەڵتەکێنێت، یا بێتوانا و بەتاڵێکە و جارێ شتێکی لەدەست نایەت .

## ١٨

کە باسی شوێنی ئێستای ماڵی بارزانی بەوجۆرە دەکەم، من ئەوە بە واقیعێکی چارەنووسسازی رابەرایەتیی سیاسی دەبینم، ئەینا - خوا نەکات- نکوڵیکردن لە دەوری هەزاران پێشمەرگەی کە فەرمانیان لە " یەکێتی " وەردەگرن نیە . لێرەدا باس لە چارەنووسی سیاسییە، خۆ ساڵی هەرسەکەش بە هەزاران پێشمەرگە هەبوون، ئێستاش ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی لە بەرە- یەکی هەزار کیلۆمیتریدا کوردستانیان لە داعیش پاراست، کەرکووکیان لە حەشد نەپاراست .

باسەکە لەسەر ئاستیتاکەکان نیە، ئەینا هەموو یا بە لایکەم زۆرترینی هەرە زۆری پێشمەرگە حەتمەن دڵسۆزترین کوردن بۆ نەتەوە و نیشتمانی خۆیان .

لە لێکۆڵینەوەی مێژووی نەتەوەکانی تردا، ئێستاش زۆر جار قۆناغێکی مێژووی نەتەوەیەک بە ناوی پادشاکەی دیاردەکەین . بە نموونە دەڵێین فەرەنسا، ئینگلستان، ئەڵمانیا ... ئیدی لە سەردەمی فلان پادشادا، هێزی لەشکر و زانست و ئەدەبیات و خوێندەواری و رادەی کەڵک وەرگرتن لە وزەیکۆمەڵگەی ژێر فەرمانی بە چی گەیشت، بەنموونە نووسەرێک"فرێدریک" ی بە دامەزرێنەری رایخی دووەمی ئەڵمان ناو بردووە .

لە مێژووی دروستبوونی نەتەوەی یەکگرتووی ئیتالیادا، کە چینی ناوەند رابەریی کرد و، پادشایەکی نەتەوەیی بەشێکی، پشتی گرت و بوو بە یەکەم پادشای هەمووی، دەبینین مازینیی - تاسەر- کۆمارخواز رۆشنبیرێکی نووسەری سیاسی بوو، تەنانەت گاریبالدی هەرچەندە بەجووتیار و سەرباز بەناوبانگ بوو( لە ئەوروپا و ئەمریکا)، ئەویش بیرەوەرییەکانی خۆی و

رۆمانیشی نووسیوە (حوكمی رەبەنەكانی دێر ...) كە لە دژی كلیسای پاپای خاین بوو ( یەكەم ڕاگەیاندنی یـەكێتی ئیتالیا لە پـایتەختی كاتی " فیرێنزێ"( فلۆرانس) بوو چونكە پاپا رۆمای بە لەشكری فەرەنسا بۆ خۆی دەپاراست، " ڤینیس"یش سەر بە دەوڵەتێكی تابیعی ئوتریش بوو) .
كەسێكی ئـەوەندەی ئەوانە بۆ بیناكردنی ئیتالیا گرنـگ بوو بریتی بوو لە : مانزۆنـی‌ی شـاعیر و رۆماننووسی رۆمـانتیک و زمانـزان، شـاكاری" دەزگیرانەكان "ی بە زمانی میلانـۆی زێـدی خۆی نـووسیبوو، بـەڵام بە لێكۆڵینەوە گەیشتە ئەو نەتیجەیە كە شێوازی فێرێنزێ بۆ سـتانداری ئیتالیای بە ئەو هەمووە شێواز و زمانانە باشترە، سەر لە نوێ رۆمانەكەی بە شێوازیفێرێنزێ دارِشتەوە .
لە شـۆڕشـی رۆژهـەڵاتی ئێمـەش قاسـملو رۆشـنبیرێكی گەورەی ئـاكادیمی بوو، حـەسـەنزادە نووسـەر و وەرگێڕ و كوردیزانی باش بوو، شـەرەفكەندی رۆشـنبیر و ئـاكادیمی بوو . ئـەوانە وەكو ئیتـالییەكان، وەكو پێشـەوای كـۆمـاری كـوردسـتان بیـریان زۆر لای كتێب و خـوێنـدن و خـوێندەواری بوو . من ئێستا چـوار كتێبم لەبەردەستن كە زۆر جـوان چاپكراون : ئـەژمێر بۆ پۆلی دووی سەرەتایی- ١٣٥٨(١٩٨٠) و، سێ كتێبەكەی تر تـاریخی سێ سـاڵ دوای ئـەوەیان لە سەرە : ئـەژمێر بۆ پـۆلی یـەكەمی سـەرەتایی، زانسـتی ئەزموونـی - پۆلی یەكەم و دووەمی سـەرەتایی . هـەر چـوار كتێب لە سەریان نووسراوە : " كۆڕی بەڕێوەبەری پەروەردە و فێر- كـردنی سـەرانسـەری كـوردسـتانی ئێران "، كە كاری حیزبی دیموكراتە، نـایەوێت منداڵان لە خوێندن بێبەش بن، بیری لای كتێب و خوێندن و خوێندەوارییە .

## ١٩

شـۆڕشـی كـورد لە كوردستانی بـاشوور، لە ١٩٦١ـەوە و، تا ساڵی ١٩٩١ لە دەسەڵاتی بەغدا دابـڕا و ئیتر ئیدارەی خـۆی هـەبوو، من ئـاگام لێ نیە كتێبێكی بۆ خـوێندن نـووسیبێت . سـاڵی ١٩٧٤، بەهۆی سیاسیی پەتییەوە دەست بە هەوڵێكی وەها درا و، بە نەتیجە نەگەیشت .
خـوێندەواریی كورد لە باشوور پێش شـۆڕشـی كـوردیش كێشەی هـەبوون، بـەڵام دیسـان بـاش دەڕۆیشت . بە هاتنی شۆڕشی كورد، نیزیكەی پەكی كەوت .

خۆشبەختانە، دەستەیەک کوردی دڵسۆزی دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی پارتی و ڕەقیبەکەی، توانیان چەند ساڵێک لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا، خزمەتێکی باشی خوێندەواریی‌کوردی بکەن . شۆڕشی کورد خۆی لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیە بوو . تەنانەت ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤، پارتی، " سامی ڕەحمانی " ی کردبوو بە بەرپرسیاری کاروباری خوێندنی کوردی! سامی ڕەحمانی‌یەک کە نەیدەتوانی یەک نامەی ڕێکوپێک بە کوردی بنووسێت یا تەنانەت باش بخوێنێتەوە . سامی لە بەغدا، وەکو ئێستای نێچیرڤان لە هەولێر، نەیدەزانی خوێندن و خوێندە-واریی کوردی سەریان بە کوێوەیە و کلکیان بە کوێوە، کاری خوێندنی کوردییشی هەر بۆ مەبەستی سیاسیی خۆی بەکار دەهێنا . چەندە لە نووسینە سیاسییەکانیدا " چەپ" بوو ( کە وا نەبوو، چەپی چی و شتی چی ؟ هەمووی حوقەبازیی‌سیاسەت بوو)، کارەکانیشی لە بەغدا هەر ئەوەندە فریان بەسەر خوێندەوارییەوە هەبوو .

کورد، لە ١٩٩١ـەوە دەسەڵاتێکی لە باشوور هەیە، بەڵام سیاسەت و ئاسایش و پێداویستی سەربازی و کێشەی پارە، بە تەواوی هەموو حەواس و وزەی کاربەدەستانیان داگیرکردووە و، شوێنێک بۆ هەست کردن بە گرنگیی خوێندن و خوێندەواریی تێدا نەماوەتەوە . ئەوەندەی کە هەیە، لە رووی " سیاسی"ی پەتییەوەیە و، بە تەبیعەتی حاڵ قوربانیی شەڕی نەبڕاوەی دەسە-ڵاتی نێوان دوو بنەماڵەکەیە .

بە هاسانی دەتوانین زۆر لەبارەی ئەو کارانە بنووسین کە کورد لە باشوور لە ٣٠ ساڵی رابر-دوودا دەیتوانی بۆ خوێندن و خوێندەواری بیانکات بەڵام نەیکردن و، بە دەگمەن دەتوانین، ئەگەر هیچ بتوانین، بڵێین چیی بۆ خوێندن و خوێندەواری کردووە . نێچیرڤان هیچ لە سامی ڕەحمانی پتر کوردی نازانێت، هیچ لەویش پتری بە عەقڵدا نایەت کە خوێندن و خوێندەواری چ دەورێک لە بینای نەتەوەدا دەبینێت، مەگەر هەر ماڵی تاڵەبانی بۆ ئەوە لەو کارەساتتر بن . زمان و ئەدەبیات و هونەر، خوێندن و خوێندەواری و بینای فەرهەنگیی کورد، هیچ کەسێکی لە دەسەڵاتی باشووردا نیە . ئێ لە دۆخی وەهادا، چۆن پەرلەمانی کورد بیر لە " پیت " دەکاتەوە ؟ چۆن هەودای پساوی کۆڕی زانیاری کوردی بەغدا گرێدەداتەوە و تەواو دەکات ؟

## ٢٠

ئێستا ئەگەر دەوڵەتی هۆڵەندا بڕیار بدات کە ئەلف-بێیەکەی بگۆڕێت، بڵێت: ئەو ڕۆما لەعنە-تییە هاتووە ئەم وڵاتەی ئێمەشی داگیرکردووە و ئەو ئەلف- بێیەی بەسەردا سەپاندووین، چۆن وڵاتیان داگیرکردین، سەربازی ڕۆما چۆن کچ و ژنمان نـەمان هەتکیان نەکەن، دە با شـەقێک دە ئەلف- بێیەکەیان هەڵبدەین و، ئەلف- بێیەکیتر، وەکو ئیرلەندی کۆن هەر بە خەت اااا چەند خـەتی خـوار و چـەندی بە سـەر چـەندیدا ڕاسـت و ئیتر بەوجـۆرە ( ئـەلف- بێی Ogham ) بنووسـین، یان هەر وەک چۆن هیتلەر خاچە چەماوەکەی لە هیندستان وەرگرت ئێمەش ئـەلف-بێی دێڤناگری وەربگرین، یان با بۆ خاتری گرنگیی چاڵەکانی گاز ونـەوت بۆ ئـابووریمان بە پیتی عارەبی بنووسین . ئەگەر ئەو شتە ڕوویدات و، بڵێین هەر خۆیان پیتیعارەبی هەڵبژێرن، لە جەرگەی ئەوروپایەکدا - کە وەکو خـۆی بە نووسینی پیتی لاتیـن دەمێنێتەوە - دەبێت زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی هۆڵەندی و پێوەندیی بە هەموو دەوروبەرییەوە چیی لێ بێت ؟ هۆڵەندی ببن بە چ تـەیرێکی سـەیر ؟ ڕێک هـەمان کار بکەن کە مستەفا کەمال بە تـورکی کـرد . ئـەو هـەمووە ناوە لاتینە، ئەو هـەمووە زاراوانەی کە هەموو ئەوروپا وێکڕا بەکاریاندەهێنێت، ئەو هەمووە ئەدەبیاتەی ئەوەندە سەدەیە بە پیتی لاتین، ئەو هەمووە سەرچاوە و ئارشیفە ئەوروپاییە ی مێژوو، هەمووی لە ژیانی خەڵکی هۆڵەندا دەسڕدرێتەوە ( ئەوسا تەنیا پسپۆڕانێک دەیـزانن وەک کە تەنیا پسپۆڕانێک لە ئیسپانیا ئێستا دەتوانن عارەبیی ئارشیفی ئەندەلوس تێبگەن) .

ئێستا من زۆر جار، لە بێتاقەتیدا، بۆ هێندێک پێکەنین، قامووسێکی کۆنیتورکی(یعوسمانی) - ئینگلیسی دەکەمەوە کە ساڵی ١٨٩٠ دەرچووە و، لەم چاپەی دواتریدا کە من هەمە تورکییە-کەیان سەرەتا بە لاتینەکەی مستەفا کەمال نووسیوە ئەوجا ئەسڵە عوسمانییەکە بە پیتیعارەبی . قـەت فشقیاتی وا خـۆش لە دنیادا نیە، بە هـەق مستەفا کەمال زانیویە چـۆن خـازووق ... بـەڵام خازووق ها، نـە گـاڵتە، دە ئەو نـەتـەوەیەی خـۆی ببڕێت، کە بە سـەد ساڵی تریش نەتوانن لێی بێنەوە سەر حاڵ . نەتەوەیەکی سەر لێشێواو، چیتر نـازانێت سەری لە کوێیە و قوونی لەکوێ، نە فەرهەنگی ئەوروپایی وەرگرتووە و نە ئاگای لە ڕابردووی خۆی هەیە : ناوی کـوردستان" ی کە یەکەم جار سەلجووقییەکی تورک کردوویە بە ناوی دەوڵەتێک، ئێستا تورکەکە دەڵێت :

کوردستانن‌ەرەدە ؟ ئەوە نەتەوەیە یا شێتخانەیە ؟ لە هەموو ئارشیفی هەموو سەدەکانی‌مێژووی لە رۆژی دەرچوونییەوە لە تورکستان بێ‌ئاگایە، هەموو زانیارییەکی مێژوویی لە خورافاتی عەسکەرێکی سەرسەری بە ناوی ئاتاتورک ( باوە تورک) وەردەگرێت ... چ پیس‌کردنێکی موحیتی ژیانی ملیۆنان مرۆڤە کە " گرین پیس"ێک لەسەری وە جواب نایەت!

با هیوادار بین، کوردیش ئەوەندە بێ عەقڵ نەبێت پێوەندیی خۆی لەگەڵ موحیتی مێژووی پتر لە هەزار ساڵی خۆی و، یەک دنیا ئارشیف و ئەدەبیات و ئاین و شیعر و فۆلکلۆر و...هەمووی ببڕێت، کە بە دابڕانی لە نووسینی بە پیتی‌عارەبی لێی دادەبڕێت و، دەیکات بە تەیرێکی سەیر ی وەکو تورک! کە باسی هەر مەوزووعێکی ئەو هەزار ساڵەی بۆ بکەیت بڵێت : چی ؟ لە کوێ ؟

١

نـەک هەر کورد، هەر بێگانەیەکیش ئەگەر زۆر کەمیش لە بارەی ناسیۆنالیزمی کورد بزانێت، شـوێنی گرنگی بـارزانییەکانی تێدا دەبینێت . بـەڵام ئـەگەر ئـالبومێک دروست بکرێت، وێنەی ساڵ بە ساڵی ناسیۆنالیزمیکوردی لە رووخانی ئـەمارەتەکانەوە تا ئـەمڕۆ تێدا بێت و، سـەیری وێنەی بارزانییەکانی تێدا بکەین، دەبێت لەکوێیان ببینین ؟ ئـایـا بارزانییەکان ئێستاش پێبەندییان بەعەشیرەت و بنەماڵەوە هەیە یا بە ناسیۆنالیزمیکوردەوە ؟ چونکە ئەوانە دوو شتی جیاوازن . بارزانییەکان ئیلتیزامیان بە بنەماڵەی سـەرۆکیان بـووە و سـەرۆکیان ئـەو ئیلتیزامەی ئـەوانەی کردووە بە هێزێکی خۆی لە سیاسەتدا، کە لەدوای خۆی بە میرات بە ئەولادی بگات .
پێش سەرۆک مستەفا بارزانی، هیچ بارزانییەک هۆشی ناسیۆنالیستیی کوردی هەبووە ؟
سـەرۆک مستەفا بارزانی پێش دوورخـرانەوەی بۆ شـاری سـلێمانی، هـەسـتی نـاسـیۆنـالیستیی کوردی هەبووە ؟ کوا ؟ بە چ بەڵگەیەک ؟ شێخ ئەحمەدی بارزانی، شێخ عبدالسلام بارزانی کە تـورک لە سـێدارەیان دا و، شـەڕەکانی بـارزانییان پێش چـوونی سـەرۆک مستەفا بـارزانی بـۆ سلێمانی چ پێوەندییان بە هەستی نـاسیۆنالیستیی کوردەوە هەبووە ؟ من لام وایە هیچ . ئـەوانە هەموو کێشەی عەشیرەتی بوون، کە دەکرا بەسەر هەر عەشیرەتێکی تر بهاتنایە .
من لام وایە هۆشی نـاسیۆنالیستیی بـارزانییەکان لە سـنووری یـەک کەسدا بووە کە ئـەویش لە سلێمانی بۆ جاری یـەکەم تێکەڵ بە ئەو بزووتنەوەیە بووە . سـەرۆک مستەفا بارزانی پێش ئەو چوونەی بۆ سلێمانی هەستی نەتەوەیی کوردی هەبووە ؟ نـازانم هەیبووە یان نەیبووە، بەڵام لە " بـزووتنەوە"ی سیاسیی خەباتینەتەوەییدا نەبووە . من یـەکەم پێوەندیی بە ئەو بزووتنەوەیە لە ئەو دوورخرانەوەیەی بۆ سلێمانییەوە دەبینم، هیچ ئاگایەکم لەوە نیە پێشتر هەیبووبێت .

٢

کاتێک سـەرۆک مستەفا بـارزانی بە دوورخراوەیی لە سلێمانی بووە، کۆمەڵەی" هیوا" لەوێش وەکو زۆر شوێنی تری باشوور هەر لە زاخۆ و ئاکرێوە تا بە کفری دەگات، هەبووە . من لام وایە دەبێت خەباتکارانی هیوا ( نووری ئەحمەد تاها و هـەڤاڵانی) لە سلێمانی یەکەم هەنگاویان نابێت و پێوەندییان بە سەرۆک بـارزانییەوە کردبێت، نـەک ئەو بەوان، چـونکە خۆ ئەو چی لە

سلێمانی دەزانێت و کێ دەناسێت ؟

خەباتکارانی هیوا دوایی سەرۆک بارزانییان لە شار دەرخستووە و، گەیاندوویانەتەوە لای عەشیرەتەکەی و ئەوجا عەشیرەت بڕیاریداوە هێزێکی زۆری بچێتە مهاباد. بڕیاریعەشیرە- ت بە بێ فەرمانی شێخ ئەحمەد نەدەکرا . کەواتە، دەکرێت سەرۆک مستەفا بارزانی پێشنیاری چوونی هێزیعەشیرەتی بۆ مهاباد بۆ شێخ ئەحمەد کردبێت، یا هەرشێخ ئەحمەد لەخۆیەوە ئەو چوونەی بۆ مهاباد لە ئەو هەلومەرجەدا بە چارەسەرێکی واقیعی بۆ عەشیرەت دیتبێت (عیراق بە " سەعید قەزاز "ێکی کەللەڕەقی خەڵکی سلێمانییەوە ویستوویە لە دەوڵەتی "عیراقێکی بەهێز"دا ملکەچی پۆلیسیان بکات و ئینگلیسیش بە هەموو هێزیان، بە فڕۆکەکانیشیانەوە پشتگیریی حکومەتیعیراقیان کردووە و، ئەو هەمووە دوژمنە عەشیرەتی و ڕەقیبانەی تەریقە- تیش کە هەلی وەها بقۆزنەوە لەولا بوەستن) .

چەند کەسی بارزانیی دی، ئەگەر هەبووبن، جگە لە سەرۆک مستەفا بارزانی خۆی، بیری ناسیۆنالیستییان هەبووە( ئەگەر ئەویش هەیبووبێت) ؟ یا کەسی جگە لە خۆی نەبووە، یا ئەگەر چەند نەفەرێک هەبووبن ئەوا ئێمە هیچیان لێ نازانین .

من لە مێژوویئەوسای مهابادی پایتەختیکوردستان جگە لە شەخسیسەرۆک مستەفا بارزانی، ئاگام لە هەست یا بیری هیچ بارزانییەکی تر نیە کە نەتەوەیی بووبێت . ئەوانە بە فەرمانی رابەریان چوونەتە مەیدانی شەڕەوە بۆ کۆمار، نەک بە هەڵبژاردنی تاک بە تاکیان بە هۆی ئیلتیزامیان بە بیروباوەڕێکی نەتەوەیی . خودانێ بارزان و مەلا مستەفا پێیاندەڵێن چیبکەن و، ئەوانیش فەرمان بەجێدەهێنن . لە عەشیرەتدا " تاک " نیە، عەشیرەت هەیە . ئەو قەبیلانەی عارەبی کە بوونەتە مسوڵمان، بە بڕیاری سەرۆکیقەبیلە بوونەتە مسوڵمان و، هیچی تر . نەک بەوە کە ناوەرۆکی دینی ئیسلامیان قەبووڵ کردبێت . ئەسڵەن بە ناوەرۆک زۆریان قەت ـ قەت بۆیان قەبووڵنەکرا و لەسەر هەمان ڕەوشتی پێشئیسلام مانەوە، ئەوانەش کە ملیان بۆ پادشای سعوودی کەچ کردووە، هەر بە فەرمانی سەرۆکیان بووە کە " عبدالعزیز "یان بە " أولي الأمر منكم" قەبووڵ کردووە .

## ٣

وا دەبوو خانمێکم لە ماڵی دۆستێکی هۆڵەندیم دەدیت، بە ئەسڵ فەرەنسیی ئەلجەزائیر بوو و، زۆر قسەی خۆش بوو، چیرۆکەکانی مەلا نەسرەدینیدەگێرانەوە و، زۆر پێدەکەنین . جارێکیان

گوتی : ئیسلام زۆر لەگەڵ ژن خراپە . منیش - کە نەمدەزانی ئەو خانمە جوو بوو- نازانم چۆن بە دەممدا هات گوتم: جا بۆ هەر ئیسلام ؟ ئەدی بۆچی هەڵوێستیدینی جوو و مەسیحی لە ژن باشترە ؟ زۆری پێ تێکچوو و گوتی : چۆن ؟ منیش لە ناو کتێبەکاندا دەستم دا تەوراتێکی بە هۆڵەندی و کردمەوە و گوتم : جا با بۆت بخوێنمەوە بزانە تەورات چۆن زگپڕبوونی ژن بە لەعنەتیخودا دەزانێت . خوێندمەوە . هەموو گوتیان : راست دەکەیت، ئەوە هەر وەحشیگەریی دژی ژیانە . خانم زۆر تووڕە بوو و هەستا و گوتی : تۆ بڕۆ تەفسیری زانایان بخوێنەوە! گوتم من کە خۆم شتەکەم بە روونی لە بەرچاو بێت، ئیدی پێویستیم بەوە نیە زانایان پێم بڵێن چیە . خۆ گێل کردن لەوە کە من بە چاوی خۆم دەیبینم چونکە تەفسیری زانایان شتێکی ترم پێ دەڵێت، ئەوە بەڵایەکی ئێجگار زۆر گەورەیە بۆ تەفرەدانی خەڵک .

لە یادمە، بیبیسی جارێک لە" ڤالێنسا"ی پۆلەندای پرسی : تۆ پێت وایە سەرنەکەوتنی بلۆکی سۆسیالیستی خەتای بیروباوەڕەکە بوو کە هەڵە بوو، یا بیروباوەڕەکە راست بوو و خەتای هەڵە لە بەجێهێناندا بوو ؟ ڤالێنسا گوتی : نازانم، بەڵام من یەک شت دەزانم : کاتێک کارێکی هەڵە ببینم دەڵێم ئەو کارە هەڵەیە . کاتێک ئەندامێکی حیزبی کۆمونیستی سۆڤیەت لە سەر دەربڕینی بیروڕای لە کۆبوونەوەدا دەگیرێت و دەنێردرێتە سیبیریا و دەپرسێت : ئاخر ئەوە چ ئازادییەکە ؟ دەڵێن" تەفسیر"ە راستەکەی ئازادی بە قەڵەمی هەڤاڵ ستالین بخوێنەوە! یا رژیمی بەعسی، بەعسییەک دەگرێت و شکەنجە دەدات بە بێ ئەوە رێگە بدرێت دیفاع لە خۆی بکات، چونکە " تەفسیر"ی " وحدة حرية إشتراكية"ی هەڤاڵ سەددام و عەفلەق و فلان و فیساری نەخوێندووەتەوە .

دەنووسرێت : شەڕی نێوان خەلیفەی عەباسیی بەغدا و داسنییەکانی شنگال شەڕی نەتەوایەتیی کورد بوو . مەگەر شنگال بە هەمان شێوەی کە رووبەڕووی لەشکری خەلیفە بووەتەوە، رووبەڕووی پاشاکۆرەی رەواندزیش نەبووەتەوە ؟ پێش ئەویش رووبەڕووی مەلیک ئەحمەد پاشای عوسمانی نەبووەتەوە ؟ خەڵک حاکمی مەڵبەندێکی خۆیانن و دیفاعی لێ دەکەن .

پاشاکۆرە نەچووە سەر بارزان، چووە سەر ئامێدیی پایتەختی بادینان، میری بادینان باجی لە سەر زێبارییەکانی ئەمارەتەکەی زیاد کرد و دیارە شەڕکەری پتریشی پێویست بوو، زێبارییەکانیش بۆ ئەوە ناچار بوون باج و داوای شەڕکەر لەسەر خەڵکی بارزان زیاد بکەن . بارزانی لە ئاغا زێبارییەکانیان یاخیبوون و، سەربەخۆ بوون . ئیتر بارزانی نایەوێت کەس سەربەخۆیی یەکەی پێشێل بکات، ئەوجا هەرکەس دەبێت : بەغدا، ئینگلیس، زێباری، بەدرخانییەکان، پاشا

ی کۆرە یا هەر کەس ." تـەفسیری ئیدیۆلۆجی"ی شـەڕی ئەمارەت یا عەشیرەت، بە راکێشانی یـەک تـاڵە بەن لە ئـەو هـەمووە بەنانە بەوە کە : شـەڕی لە نێوان شـنگال و بـەغدا یا شـنگال و عوسـمانیدا کـوردایەتی بوو، بـەڵام ئەوەی لە نێوان رەواندز و شـنگالدا خیانەتی رەوانـدز بـوو، کەواتە ئەوەی پاشـاکۆرە دەیـویست کە چـەند ئـەمارەت ببنە یەک دەوڵەت کـوردایەتی نـەبوو و مانەوەی شـنگال بە سـەربەخۆ و جیا لە رەوانـدز و بـادینان کـوردایەتی بـوو ؟ کـوردایەتی چ کاری بەوانە داوە ؟

ئەوەی کە هەستی نـاسیۆنالیستی هەیە و دەڵێت : ئێمە کـوردین و دەبێت لە سەر خـاکی خـۆمان هـەمووومان کە کوردسـتانە حاکمی خۆمان بین، دەوڵـەتی نـەتەوایەتیمان هەبێت و بچینە ریـزی دەوڵـەتە سـەربەخۆکان، ئەوە بـەڵێ نـەتەوەییە، بەڵام ئەگەر ئەو هەستەی نەبێت و هەر بیەوێت تـاقە ئـاغای مەڵبەندی عـەشیرەتی خـۆی یا میری ئـەمارەتی خۆی بمێنێتەوە، چ پێوەندییەکی بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە ؟ ئـەگەر داسنیی شنگال بێت یا بارزانیی بـارزان ؟ یا فڵانی سلێمانی یا هەولێر کە نەیەوێت بچێتە پاڵ ئەوەکەی تر ؟ ئەوە - خۆی لەخۆیدا- چ پێوەندیی بە ناسیۆنالیزم هەیە ؟ هیچ . ئـەوە کە هێندێک رێکەوت دوایی چـۆن دەشکێنەوە ئـەمەیان بە تـەواوی باسێکی ترە .

٤

کوردستانیش، سـەردەمێک، وەکو ئەو هـەمووە وڵاتانەی ئـەوروپای ئەو سـەردەمەی، لە زۆر ئەمارەتان پێکهاتبوو . یەک دەوڵەتی ئەڵمانیا، ئیسپانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، بریتانیا و... زۆریدی، هەر کام لەوانە سەردەمێک چەندین ئەمارەت بوون و دوایی بوون بە یـەک کیانی نـەتـەوایەتی (یەک دەوڵەت). ئەو هەمووە ئەمارەتانەی ئێمەش : سۆران، بۆتان، بادینان، بابان، شارەزوور، تەرجیل، بتلیس، خزان، موکریان، هەکاری و... چەندی دی، ئەوانەش دەبوو بە هەمان رێگەدا بچن و ببن بە یـەک " کـوردستان"، بـەڵام پێش گەیشـتن بەوە، تـورک و فـارس تـوانیان داری ئەوانە لە ناو قەدەوە بە تەورێک ببڕنەوە، ئیدی نەبوون و، کورد زۆر هەڵوەشا .

ئـەوانەی کـورد" کەرەستەی بـوون بە نـەتەوە" بوون، بەڵام وەکو ئەوانەی ئەوروپا نەبوون بە نـەتـەوە، نـەچنرا، خورییەکە نـەبوو بە ریس، کورد " ئـەمارەت "یان کردووە، ئـەوجا تۆ هەر " تـەفسیری زانایان"ێک و فـەیلەسووفانێکت بۆخۆت هەیە کەیفی خۆتە، من کارم پێنـەداوە .

بۆ من، هـەرچی کورد بە ئەو ئەمارەتانە کردوویانە، بە باش و بە خراپ، ئـەوەنـدە سـەدە پێش

خانی و لە سەردەمی خانیدا( کە هیچ میرێک گوێی لێنەگرتووە) و لەوساشەوە تا دوا ئەمارەتی سەدەی نۆزدە، فڕی بەسەر ناسیۆنالیزمەوە نەبووە، ئەمارەتیزم بووە و هیچی دی . ئەوە کە سوڵتانی عوسمانیش ناسیۆنالیست نەبووە، بەڵێ راستە، بەڵام خۆ ئەویش دەوڵەتێکی تورکی دروستنەکردووە، بەشێک لە میراتگرانی دەسەڵاتی سەر ئەو جوغرافیایە، لە سەردەمی ناسیۆنالیزمدا، لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، ئەوجا ئەو جوغرافیایەیان کردووە بە دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی نەتەوەیەکی نوێ بە ناوی" نەتەوەی تورک" کە خۆیان دروستیان کردووە و بەسەر ئەو جوغرافیایەیاندا سەپاندووە، ئەینا سوڵتان عەبدولحەمید رەنگە لە کورد نیزیکتر بووبێت تاوەکو لە تورک . کەرەستەی نەتەوەی تورک، وەکو کەرەستەی نەتەوەی کورد، هەبوو، ئەوان کەرەستەکەیان کرد بە نەتەوە و، کورد کەرەستەکەی خۆی نەکرد بە نەتەوە. واتە : ئەگەر هۆشینەتەوایەتیی کورد پێش ئەوەی تورک بکەوتایەتەوە، لە هەڵوەشانی ئیمپراتوریی عوسمانیدا، زۆر چاک دەکرا ئەنقەرە و ئەستەمبوولیش ئێستا دوو لە شارەکانی دەوڵەتی نەتەوەی کوردستان بوونایە . هۆی جیاوازیی ئەو دوو حاڵەتە یەک تاقە شت بووە : هۆشی ناسیۆنالیستی .

ئێستاش پتر لە هەلێک لە دەستچوون، بەڵام زۆر لەوە پتر لەپێشەوەن، بەڵام دیسان و دیسان : هۆشیناسیۆنالیستییکورد دەبێت لەسەر جوغرافیا پیشانی بدات کە پێش قەومی تر دەکەوێتەوە، یان ئەوەتا هەقی دواکەوتوویی هۆشی خۆی لە چاو قەومەکانی تر دیسان دەخرێتە مشتییەوە . کامە دەبێت ؟ ئەوە پرسیارێکی کراوەیەوە .

## ٥

دەسەڵاتی کورد لە سەردەمی ئەمارەتەکاندا، زۆرتر وەها چنرابوو : ماڵەکان لە عەشیرەتێکدا، عەشیرەتەکان لە یەکێتیی عەشیرەتاندا، یەکێتییەکانی عەشیرەتان لە ئەمارەتدا . لە هێندێک لەوانەدا، بەنموونە : بۆتان، زانیاریمان هەیە کە نوێنەرانی گرنگی یەکێتیی عەشیرەتان(کوڕی گەورە یا برا یا برازی سەرۆکی یەکێتی عەشیرەتان) لە پایتەختی ئەمارەت لە دەرباری میردا بوون و، میر هەمیشە راوێژی پێکردوون( بەڵام تەبیعی بڕیاری دوایی هەر هی خۆی بووە) . ئەو هەیئەتی راوێژکارانە، جۆرێک کۆنترۆڵی بەرێزی ئەو یەکێتیی عەشیرەتانەی بۆ میر دابین کردووە . ئێستا کە میر و دەربار و ئەمارەت و پایتەخت نەمان، ملوانکەی کۆکردنەوەی یەکێتیعەشێرەتانیش نەما، بێ کڵاو مانەوە، هەر یەک لەوانەش بوونەوە بە عەشیرەتانی

سەربەخۆ و عەشیرەتانیش وا لاواز بوون کە بە زوویی بوونە بنەماڵەی جیاواز و ئەوانیش زۆریان توانەوە : کورد، لە پرۆسەی "چنین"ـەوە رووی وەرگێرا و چووە سەر پرۆسەی هەڵوەشان، ریسەکەی دەبووەوە بە خوری ( " فان برونێسن"یش ئەوە لە دکتۆرنامە " ئاغا و شێخ و دەوڵەت"ـەکەیدا زۆر چاک روون دەکاتەوە) .

بەڵام ئا لێرەدا " کەرستە "ی بوونە نەتەوە دەبینین : کورد، بە عەفەویەتی خۆی، دەسەڵاتی غەیرە کوردی بە ئالتەرناتیڤ بۆ ئەمارەتی خۆی" قەبووڵ نەبوو". ئاغا و جووتیار و شوان و گاوان، ژن و پیاو و منداڵ،" تەنیا " دەسەڵاتی کوردی قەبووڵ بوو و، کە حکومەتی ئەمارەت نەمابێت، دەسەڵات لە کوێ بهێنێت ؟

چۆن شای ئێران کاتێک حیزبەکانی میللەتەکەی پڵیشاندەوە، خەڵک روویان لەکوێ کرد ؟ لە پەرستگاکان، تەنانەت کۆمونیستەکانی ئێرانیش کەوتنە چەپڵەلێدان بۆ کاهینان؛ هەمان سیناریۆ لە کوردستان رووی‌دا، تورک کیانی سیاسیی نەریتی کوردیان نەهێشت، کورد لێک هەڵوەشا . ئەمارەتێکی نەبوو کە بە زنجیرەی ریسەکەیدا نەزمێک بدات بە ژیانیان و، ئێستا هەمووی بە گژ هەموویدا دەچوو، شێخەکان هاتنە پێشەوە، ئەو شێخانەی کە مریدانی‌خۆیان لە عەشیرەتانی جیاواز پێ کۆدەکرانەوە، گوتیان : جا ئێستا کە کەستان نیە گوێ لە ئێمە بگرن . خەڵک، کە دەسەڵاتێکی تریان نەبوو، گوێیان لێ گرتن .

کورد، ئێستا، بە هەموو چینەکانی، ئەو شێخانەی بە گەورەی خۆی قەبووڵ بوون . کەواتە - بە درشتی - قۆناغی دەسەڵاتی تەریقەت لە کوردستان لە نێوان ١٨٥٥( شکستی یەزدان شێر لە دوای " بەدرخان"ی خاڵی ) تا دامەزرانی یەکەم رێکخراوی سیاسیی " کوردستان تەعالی وە تەرەقی‌جەمعیەتی" لە ١٩٠٨، کە دەکاتە ٥٣ ساڵ، قۆناغێ تاقانە دەسەڵاتی تەریقەت بوو لە کوردستان، بە بێ رەقیب .

## ٦

تەریقەت دەسەڵاتی هەمان کۆمەڵگەی بە هەمان هۆشی چین و توێژەکانی سەردەمی ئەمارەتە-کانی گرتە دەست . چەندە میران بیریان لای دەوڵەتی نەتەوە بووە، ئەوانیش سەرەتا مەگەر هەر ئەوەندە ( دواتر دێمە سەر باسی قۆناغی دوای ١٩٠٨) .

کاک ئەحمەدی شێخ ١٧٩٣-١٨٨٧، شێخانی نەهری و شێخانی بارزان ( کە دوو جار یا پتر ئیجازەی ئیرشادیان لە نەهری وەرگرتووە)، بامەرنی و... ئیدی، ئەوانە یەک حاڵەتی لێ

دەرچێت : راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا ، قەت هیچ هۆشێکی سیاسیی نەتەوەیی کوردیان لێ نەدیتراوە . هەمان تاس هەمان حەمامی سەردەمی ئەمارەتان، تەنیا ئێستا " شیخی تەریقەت " جێگەی " میری ئەمارەت "ی گرتووەتەوە و تەواو .

شیخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ویستوویە کورد لە ژێردەستی عوسمانی و ئێران دەربهێنێت و دەوڵەتێکی خۆی لێ دروست بکات . سەرچاوە هەن دەڵێن باسی ئەوەی لای دیپلۆماتانێک کردووە کە ئەو دوو دەوڵەتە غەدر لە کورد دەکەن و، کورد دەبێت لێیان رزگار بێت . من ناتوانم حوکم لەسەر ئەو سەرچاوانە و رادەی هۆشی شێخ عوبەیدوڵڵا بدەم، بەڵام شەخسی خۆی لێ دەرچێت، نازانم ئەگەر سێ - چوار نەفەری نیزیکیشی لەگەڵدا هۆشی نەتەوەییان هەبووبێت، بەڵام ئەو عەشیرەت و مریدانەی رەگەڵی کەوتوون، تاقە نیو بەڵگەشم نەدیتووە کە فریان بەسەر کوردایەتییەوە هەبووبێت، جگە لەوە کە وەدووی کەسێک کەوتوون کە ئەوکەسە لای خۆی ویستوویە یەک دەوڵەت لە کوردستانی ژێردەستیعوسمانی و ئێرانی قاجاری دابمەزرێنێت . تابیعان، مریدانی شەڕکەر( تاک و عەشیرەت) بۆ ئاین وەدووی کەوتوون و ناویان ناوە : غەوسی سانی . کەواتە جۆرێک مەهدی بۆ دەوڵەتێکی ئیسلامیی کە خەڵکەکەی - بە رێکەوت- کوردن .

شێخانی بارزان ئەوەشیان نەکردووە، سەرچاوەی باسیل نیکیتین، کە لە مامۆستای کوردیی خۆی (سکرتێری شیخ محەمەد سدیقی نەهری) وەرگرتووە، باسی دواکەتوویەکی سامناکی ئەو بارزانییانە دەکات کە دوو جار شێخی خۆیان ناچار کردووە خۆی بە رەسمی بە ناوی " مەهدی"( نەک غەوس) رابگەیەنێت . نیکیتین و، خەڵکی تریش (جوەیدە، فان بروونەسن بە نموونە) وەکو نیکیتین خۆی لایان وایە کە ئەو چیرۆکانە بە غەرەز لە دژی بارزانییەکان هەڵبەستراون . منیش لام وایە کە دەکرێت ئەو شێخانە هەزار و یەک بوختانیان بە یەکتر کردبێت ( تەبیعەتی رەقابەت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی )، بەڵام بە ئەوەندە سەرچاوەی بەدەستم دەکەوێت و بە مەنتیقییان دەبینم، قەناعەتم وەهایە کە بارزانییەکان لە تابیعانی شێخەکانی دی دواکەتووتر بوون . ئەو دواکەوتوویەش بووە کە یارمەتیی شێخ تاجەدینی داوە کە سەرلەنوێ و بە کەیفی خۆی" ئیسلامێکی خۆی"یان بۆ دروست بکات و وایان لێ بکات قەبووڵی بکەن : مسوڵمانی باش بن و بەتایبەتی دوو شت مەکەن : نوێژ مەکەن و رۆژوو مەگرن و، بۆ حەج ؟ نازانم، نەمبیستووە قەت بارزانییەک چووبێتە حەج . نازانم کام لە شێخانیان بووە ( تاجەدین یا شێخ ئەحمەد) کە دەڵێن ئامۆژگاریی سێیەم (یا چوارەم)یشی کردوون : گۆشتی بەراز بخۆن .

ئێستا بـارزانییەکان دەڵێن ئـەوەش درۆیە، بە غـەرەز بۆیان هەڵبەستووین . منیش نـاڵێم وا بووە چونکە بەڵگەم بۆ ئەو قسەیەم نیە، بـەڵام " هەر بۆ شەخسیخۆم، نـەک بۆ کەس" سـەد لە سـەد دڵنیام کە راستە، رەنگە بارزانی ماوەیەک تێر گۆشتی بەرازیان خواردبێت تا شیخانی بامەرنی لێیان لە هەڵلا داون و لێی پاشگەز بوونەتەوە؛ چـونکە بـارزانی و بـامەرنی رەقابەتیان لە سەر هـەمان یـەک مەڵبەند هەبووە، بارزانی ئەو کێشەیەیان لەگەڵ - بڵێین- بەرزنجییە دوورەکان یا نەهرییەکان یا بڵێین دواتر" غەوساباد" دا نەبووە .

بۆ غەوسابادیش، دەڵێن شیخ بابا نـەتەوەیی بووە و ویستوویە رووسەکان یارمەتیی بدەن کورد- ستان لە دەستی ئێران رزگار بکات، من هیچ بەڵگەم بۆ ئەوە نەدیتووە، سەرچاوەی فەرەنسییە- کان هـەن کە دەڵێـن تـەنانەت بـووە بە مەسـیحی، بـەڵام ئیتـر من هیـچ لەوانە بە بـەڵگە نـابینم . " دەڵێن" وەنەبێت هیچ نـەبێت، بەڵام نـاشکرێت " هیچ " بێت . دەڵێن هەر دەڵێنە و تەواو .

٧

رەنـگە هـەموو یا زۆرتـرینی میللەتان وەها بن، کە پـێش بـوونە دەوڵـەتی نـەتـەوەی عیـلمانیـی پێشکەوتوو، تاکو ئەوسا بتوانن بە زانست بدوێن، وا هەست بکەن کە پێویستە لەبەرانبەر وەهم و خورافاتی مێژووی هاوسێکانیاندا، ئەوانیش وەهم و خـورافاتی خۆیان دروسـت بکەن! بەو- جۆرە، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوروبەریاندا، لە جەغزی رابردوویەکی وەهمیدا بسوورێنەوە و قەت تێنەگەن کەی بۆچی چییان بەسەر دێت و، هەر بە ئالەتی دەستی نـەتەوە پێشکەوتووەکانی دنیا بمێننەوە . خەباتکارانی نـەتەوەیی دەبێت ئەو پەردەیە بدڕن و جـورئەتیان هەبێت خـۆیان و مێژوویان تێبگەن تا بتوانن بە بیرکردنەوەیەکی زانستی بزانن رابـردوو و ئێستایان چـۆن بووە و هەیە، ئەوەش تـەنیا بۆ تـاقە یـەک شت : تا بزانن ئێستا، بۆ ئێستا و دوای ئێستا چی بکەن، نە پتر . ئیتر بە بیری من کاتی ئەوە هاتووە کە دەست لە هـەڵبەستنی مێژووی وەهـمی هـەڵبگرین و، هـەر دوو چـاومان ئێجگار زۆر زەق بـکەینەوە و، بە تـەرکیز قـووڵ چـاو ببـڕینە هـەرچی تا ئێستا کردوومانە، تا بـزانین چۆن بەمە گەیشتووین، ئەویش - دیسان و دیسان - هەر بۆ تـاقە یەک مەبەست : تا بزانین ئێستا، بۆ ئێستا و دوای ئێستا چی بکەین، نە پتر .

کورد، کە لە ١٩٠٨ " کوردستان تـەعالی وە تـەرەقی جەمعیەتی" دامەزراند، بەوە لە " تـاقانە دەسەڵاتی تـەریقەت " ـەوە رووی لە جەغزێکی بەرینتری دەسەڵات دەکرد بەڵێ، بەڵام مەگەر

پێیگەیشت ؟ پتر لە دە ساڵ دوای ئەو ١٩٠٨ ـە، " تەریقەت " پادشایەکی کوردی لە سلێمانی هێنایە پێشەوە، نەک هیچ چینیکی تر .

چینی نـاوەندی کورد، لە ئـەستەمبووڵ، شان بە شانی خەباتکارانی میللەتانی تری ئیمپراتۆریی عوسمانی خەریک بوو سەری دەردەهێنا : ١٩٠٧ رۆژنامەی " کورد"ی بە کوردی و تورکی دەرکردبوو . دە ساڵ پێش ١٩٠٨ یـەکەم رۆژنامەی " کوردستان "ی لە قاهیرەوە دەردەکرد، بەڵام وا دەبینین لە سلێمانی، ئەو هەمووە خوێندەوارە چالاکەی بە هەستی نـەتەوەیی، پتر لە دە ساڵ دوای ١٩٠٨، هـەمووی لە پـەراوێزی دەسـەڵاتدایە و، دیکـۆرێکە لەو چـوارچێوەیەدا کە ماڵی شێخ مـەحموود ئـەوەندەی لە کوێ بیانەوێت کارێکی بدەنێ یا نـەدەنێ . تۆ حکومەت بخە لاوە، بۆ دەسەڵات : تاقە دەسەڵات بریتییە لە ماڵی شیخ مەحموود .

پـرۆژەی ماڵی شێخ مـەحموود چیە ؟ لە سنووری سلێمانی‌دا ( نـە پتر) دەسـەڵاتێکیان بە نـاوی " حکمـدار کـردسـتان" هەبێت . " بـارزان"یش تـەنیا لە سنووری " بـارزان"دا بە دەسـەڵاتی " تەریقەت "ی خۆی، سەربەخۆیی خۆی دەسەپێنێت، بەڵام بە بێ راگەیاندنی دەوڵەتی بارزان ( ناوی کوردستان کە بە هیچ جۆرێک هەر لە ئارادا نیە) .

٨

عوسـمانی، کە لە سـەدەی شـازدەوە دەستی کـردبوو بە گـەڕانەوە بۆ دواوە، لە نیـوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا وا پیر و کەنەفت و کەلەلا ببوو کە دەنگی چینێکی‌نوێ لە شارستانیدا بۆ داوای گۆڕین بەرز دەبووەوە . بەشی‌هەرە چالاک دیارە لە پایتەخت بوو، کورد و تورک و ئەڵبانی و عارەب و ئەرمەنی و ... هەموو بیریان بۆ گۆڕین دەچوو، بۆ دەوڵەتێکی عوسمانی کە هـەموو تێدا مافیان دابین بێت(دواتر" سالۆنیکی"یش کە لە دەستی کاربەدەستان دوور بوو زۆر چالاک بوو) . کاتێک ئەو دەنگە نـوێیە ( ئیتیحادییەکان - من مێژوویانم لە بـەرگی یـەکەمی " کـورد و تـورک "دا روونکـردووەتـەوە، کە لە دامـەزراندندا یـەک تـورکیشیان تێدا نـەبوو : کـورد و چـەرکەس و ئـەڵبانی بـوون)، سـاڵی ١٩٠٨ دەسـتیان بە سـەر دەوڵـەتدا گرت، و، دەسـتووری عوسـمانیی ١٨٧٧ی عەبدولحەمیدیان بە هاتوهاواری پـڕۆپاگەندەیەکی زۆرەوە هێنایەوە ئـارا و پـەرلـەمانی عوسمانیی داخراویان دیسـان کردەوە (١٧ی ١٢ی ١٩٠٨) و، بـاس هـەر بـاسی مافی هەمووان بوو، بەڵام چۆن ؟ هەموویان " بە حەرفی" یەکتریان ماچ دەکرد! هەر ئەوەندە تورکێک و ئەرمەنییەک، کوردێک و ئەرمەنییەک یا چەرکەسێک تووشی یەکتر بوونایە، ملَچ

- ملّچ دەکەوتنە ماچکردنی یەکتر! دەبێت گیرفانبڕ لەو ڕۆژەدا چ دەستکەوتیان هەبووبێت! خالیدە ئەدیپ لە بیرەوەرییەکانیدا دەگێڕێتەوە دەڵێت :" لە ناو ئاپۆڕەی ئەو جەماوەرەدا، یەکێک پرسی : ئاخر ئەم دەستووره چیە ؟ یانی چی ؟ ؛ رابەرێک بە تووڕەییەوە وەڵامی دایەوە : دەستوور شتێکی ئەوەندە گەورەیە، کەسانێکی کە مانای نازانن " ئێششەکلەردر"! ( کەرن، کەرگەلن) .

خەون و خەیاڵ و قسەی گشتیی ئابستراکت و بێ مانا و قسەی قۆڕێکی زۆر، کە نەیهێشت ئەو خەباتکارانەی شارستان بێتاقەت ببن تا ساغ بووەوە : تورک بە لایەکدا و کورد بە لایەکدا و عارەب بە لایەکدا و ئەلبانی بە لایەکدا، هەرکەسە لای خۆیەوە بە خەیاڵی خۆی دەستوورێکی ئێجگار زۆر تووڕەهات ( من بە نووسینێکم هەموویم شیکردووەتەوە : مەڵۆیەک لە خەرمانی ئەدەبیات - باسێکی دەستووری عوسمانی) لێکدەدایەوە کە فڕی بەسەر هیچ بەجێهێنانی مافی هیچ کەس نەبوو ... مافی چی و شتی چی ؟ شەپۆلی جەماوەری دەبەنگی میللەتانی دەبەنگ، کە وڵاتانی سەرمایەداریی دەوڵەمەند لە سایەی دەبەنگیی ئەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندتر و دەسەڵاتدارتر بوون و دەبن .

## ٩

بارزان لە مەڵبەندی خۆی سەربەخۆ بوو و داوای دەوڵەتی کوردستانی نەدەکرد ؟ بۆچی داوای بکات ؟ پێش ئەویش ئەمارەتەکان یەکتریان نەدەگرت ؟ جا بۆچی ئەمارەتەکان بیانەوێت یەک- بگرن ؟

با وەهای بهێنینە بەرچاو، کە هێزەکانی ئەمریکا دێن و دەیانەوێت دەست بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرن، ئەگەر نوێنەرانی هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بچنە خزمەت سەرۆکیئەمریکا و پێیبڵێن : تۆ لەولاوە لە بنکەی خۆت بمێنەوە و سەربەخۆیی یەک بە یەکی دەوڵەتەکانمان دابینبکە، وەکو هەمیشەی خۆمان بە فەرمانڕەوایانی خۆمان بمێنینەوە و، ئەگەر یەکێکمان ویستی سنووری ئەوەکەی تر پێشێل بکات، تۆ ڕێگەی لێ بگرە، لە ڕۆژی هەرادا ئەوەندەی ئێمە لە دەستمان بێت یارمەتیت بدەین و، تۆش بە هەمان شێوە بیت لەگەڵماندا ، بە ڕەسمییش دەڵێین ئێمە سەر بە ئەمریکاین ... ئەوە چیی سەیری تێدایە ؟

دوو ئیمپراتۆریی گەورەی عوسمانی و ئێران هەبوون . شا ئیسماعیلی سەفەوی، کە نیزیکەی هەمیشە بەدمەست بوو، هەموو وڵاتی ئەمارەتەکانی کوردیشی لە لای خۆیەوە بە قەڵەمڕەویی

خۆی دەدیت، بەڵام ئەوانە بە کردار سەربەخۆ بوون و، ناو بە ناو شا تەشقەڵەیەکی بە یەکێکیان دەکرد و ئەوە لەگەڵیدا تووشی کێشەیەک دەبوو . سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی فەرمانڕەوایەکی ئێجگار زۆر بەتوانا بە تۆپخانەیەکی ئێجگار زۆر کاراوە ویستی بچێتە سەر شای بەدمەست ( تا نەهێڵێت لە کوردستانی هاوسێی سوڵتان چیتر شیعەگەری بڵاو بکاتەوە) .
میرانی شازدە ئەمارەتی کورد " پێکەوە" ( ئەوە زۆر گرنگە : پێکەوە) چوونە لای سوڵتان و گوتیان : سوڵتان با ڕێکبکەوین، ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆ بمێنینەوە و هەر هێزێک بێتە ئەم نیزیکانەمان با بە هەڤاڵەتیی بێت، دۆستی بین و دۆستمان بێت . سوڵتان گوتی : دە سەر چاوی دە من! ڕێککەوتن و، ئەمارەتەکان ئازاد و سەربەخۆ مانەوە و، سوڵتان سەلیم وەفادار مایەوە و ئەوانیش وەفادار مانەوە . ئەوە چیی سەیری تێدایە ؟
هەر دەوڵەتە کوردە وەکو سەدان ساڵی پێشتری ئازاد و سەربەخۆیە، ئیتر ئەوانە بۆچی و بە چ لۆجیکێک یەکبگرن ؟ شێت بوون ؟ نا، نەوەڵڵا، نە شێت بوون و نە هیچ .
بارزانی لە مەڵبەندی خۆیان سەد لە سەد ئازاد و سەربەخۆ بوون، بۆچی بە ناوێکی تری غەیری بارزان دەوڵەتی مەڵبەندی خۆیان هەبێت ؟ ئەو سەرێشەیە بۆچیە ؟ ناوی بارزان خۆش نیە ؟ بۆچی لەگەڵ شەمدینان‌دا ببن بە یەک ؟ خۆ هەرکەسە بە حورمەتەوە لە وڵاتی خۆیەتی و ئازاد و سەربەخۆن و سەر لە یەکتر دەدەن و تەریقەت لە یەکتر وەردەگرن و ڕەحەت و سەحەت، ئیدی بۆچی پەلاماری یەکتر بدەن و خوێنی یەکتر بڕێژن ؟ شێت بوون ؟ بۆچی شێت بن ؟ هیچ .

## ١٠

دنیای ئێتیمۆلۆجی، وا دەبێت زۆر شتی لە زمان پتر فێری مرۆڤ دەکات . لەوانە : وشەی یونان . وڵاتی"هێلاس"(هێلین)، یا " گرایکۆ"( شوێنێک) بۆ ئەو وڵاتەی یونان ساغ بووەتەوە، تێگەیشتین، ئەی ئەم وشەی" یونان "ـە چیە ؟ (عیبری کردوویە بە یاڤان) . ئەوە فارسەکان " ئیۆنی"یان بەو شێوەیە وەرگرتووە . ئەوجا ئیۆنی چیە ؟ قەومێک کە دوای پتر لە دووهەزار ساڵ لە ئەم بیدعەتە نوێیەی کە مرۆڤەکان بە ناوی" نەتەوە" دایانهێناوە، بە پەیمانێکی نەتەوەی رووس و فەرەنسا و گریک (یونان) و بریتانیا، ڕۆژی ٢٩ی مارتی ١٨٦٤بە " دیاری" درا بە نەتەوەی گریک ( یونان) و، ٦٠ ڕۆژ دوای ئەو بڕیارە بوو بە حەقیقەتێکی سیاسی .
ئەو ئیۆنییانە، لە کەناری دەریایەکن کە دەریاکەش بە ناویانەوە ناونراوە (هێرۆدوتوس باسی

کردوون)، لە چەند سەدەی رابردوو دەوڵەتی سەربەخۆ بوون . هەر وەک هۆڵەندا " کۆماری حەوت هۆڵەندا یەکگرتووەکان"بووە، ئەو یونانییانەش ماوەیەک بە پەیمانێکی رووس و تورک بوون بە " کۆماری حەوت دوورگەکان" و دەستاودەستیان کردووە، تا دوایی وا بوو بە ئەو دیارییە .

بۆچی ئەوانەی وا بە جیا، بوون بە یەکەیەکی سیاسی ؟ چونکە فارسەکان بە ژمارەی- هێندێک جار- تەنانەت هەزار جار ئەوەندەی ئەوان هێرشیان کردووەتە سەریان تا وڵاتیان بگرن و بیانکەن بە کۆیلە، ئیتر ئەوان هەر لەبەردەم دووڕیگەدا بوون: بوونە کۆیلە یا قارەمانانە دەست بخەنە دەستی یەکەوە و، ناچار رووبەڕووی فارسەکان ببنەوە و، ئەو هەزار بە هەزارانەی لەشکری پادشای فارسان تێکوپێک بشکێنن و لە مێژوودا سووک و ریسوایان بکەن .

ئەگەر یەک ئیمپراتۆریی وەکو ئەوە کە فارسەکان چوونە سەر ئیۆنیا ( تا لەوێوە بچنە هەموو گرایکۆ) بچووبایەتە سەر ئەمارەتە کوردەکان تا هەموویان بکات بە کۆیلەی خۆی، جا ئەوسا بتدیتایە چۆن زۆر بە حەرفی " هەڵدێراون لەو شاخانە، بوونەتە پەندی زەمانە " ... کەس لە مێژوودا ئەوەندە گەوج نەبووە کە بەسەریدا هاتبێت کورد بکاتە کۆیلە و ژێردەستەی خۆی .

" قەرەیووسف"ی پادشای " قەرەقۆیونلو"(مەڕی رەش) کە پایتەختی لە بەغدا دامەزراند و لەشکری چووە دەوری بتلیس، تێگەیشت کە مەگەر هەر شێت بیر لە داگیرکردنی شوێنی وا بکاتەوە، پادشا بە میر شەمسەدینی گوت : جەنابی میر کچەکەی خۆمت دەدەمێ، قەبووڵی بکە و با دڵت لێمان نەڕەنجێت و، ئاڵای دەوڵەتەکەت هەر بشەکێتەوە و دۆستی ئێمە بە . میر گوتی کە وای لێهات زۆر باشە و منیش بە مارەیی هێندێکت لەم وڵاتەمان پێشکەش دەکەم ...

الفاتحە! چما قەت لە مێژوودا هێزێکی ئەوەندە خەرەفاو هەبووە بیر لە داگیرکردنی بارزان بکاتەوە ؟ وەڵڵا بارزانی ( سەرەتا زێباریی سەر بە ئامێدی) لاقیان بە لباد دەبڕییەوە و لەو شاخانە وایان هەڵدەداشتن پارچەیەک لە ئێسکێکی یەکێکیان ساغ نەمابایەتەوە .

## ١١

کەواتە، تا ئێرە :

کۆمەڵگەی کوردیش وەکو ئەوەی هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو، ئەمارەتانی زۆر بە شکۆ و ژیاری و سەربەرزی لە کوردستانی خۆیدا هەبوون . کورد ئیمپراتۆریی نەبووە، بەڵام ئیدی دنیا هەمووی وەها بووە، هەر وشەی " ئیمپراتۆری" خۆی، واتە چەند کیانێکی زۆر کەمی

بەوناوە لە دنیادا، ئیدی ئەوی تر هەمووی ئەمیر و دوک و پادشا و ئاغا و ئەو شتانە بوون و، " بە کردار" سەربەخۆ بوون . لە ئیمپراتۆرییەکان، هەر " ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیرۆز " لە ساڵی٨٠٠ تا ١٨٠٦( هەزاروشەش ساڵ) وا بووە پتر لە١٨٠٠ کیانی گرتووەتەوە، کە هیچ سەرۆکی دەوڵەتێک(میر، پادشا، ئیمپراتۆر) نەبووە کە ناوی نیوەشیانی زانیبێت . کوردستانیش بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر رەمزی، بە ئەمارەتانی تەواو سەربەخۆ و ئێجگار زۆر پێشکەوتوو ژیاوە . کورد تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە ( کە ئەمارەتەکان نەمان)، مێژوویەکی پڕشنگداری هەبووە کە لە زۆربەی ئەمارەتەکانی تری دنیا پێشکەوتووتر بووە : بەدرخان، بتلیس، رەواندز ( کانسازیی مس و قوڕقوشم لە برادۆست هەبووە و کارخانەی تفەنگ و تۆپ و چەک و چۆڵی تر و لەشکرێک کە من بە باسی سەرسام دەبم و مات و مەبهووت لێدەنۆڕم کورد چۆن ئەوەندە داهێنانی هەبووە) .

کورد، بە هەزار جار حاڵی لە عارەبی بەدبەخت باشتر بووە، دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆی هەبووە، ئەفسانەی ئەوە کە دینی ئیسلام هاتووە و کوردی بەدبەخت کردووە و، شێخ و مەلا ماڵیان وێران کردووە، سەرتاسەر وەهم و خورافاتن . ئەوەی کە لە حاجی قادری کۆیی‌ی لە بارەی شێخ و مەلایان دەخوێنینەوە راستن، بەڵام ئەوە ئێجگار زۆر لەوەی کیانەکانی ئەورووپا کەمتر تاریک بووە، قەت نەبووە کورد وەکو ئەورووپاییان کەس لەسەر کتێب لە مەیدانی شاردا بسووتێنن، شتێکی کە زانکۆی" سۆربۆن "ی پاریس کردوویە : کتێبی بە " کفر" مەحکووم کردووە و، نووسەریشی سووتێندراوە . دڵسۆزترین خانمی خوێندەواری ماڵی پادشای فەرەنسا کاتێك " فێ"(سەرع)ی لێ‌هاتووە، لە سەر ئەوە سووتێندراوە چونکە وایان داناوە کە شەیتانی تێچووە . ئەوە حاڵی هەموو دنیا بووە و کوردستان لە زۆرترینی دنیا باشتر بووە . هەڵبژاردنی لاپەڕەی گەشی دواتری شارستانێتیی ئەورووپا بەوەی کۆنی کوردستان، بێ‌ئینسافییەکی زۆرە بەرانبەر کورد . ئەوەی کە ئەولیا چەلەبی دەیگێڕێتەوە کە مەلا محەمەدی جادووگەر چیی پیشان‌داون، ئەگەر لە هەر پایتەختێکی ئەورووپاییدا رووی‌بدایە، حەتمەن مەلامحەمەدی تێدا دەسووتێنرا .

ئەحمەقێکی ئێجگار زێدە لە ئەحمەقیدا شووڵی لێ هەڵکێشاوە، کە ناوی سەید حوسێن حوزنی موکریانی بووە، ئەفسانەی مەلای خەتێ‌ی دروستکردووە تاکو پادشای کۆرد بە بێ‌عەقڵێک و بێ‌هێزێک پیشان بدات کە فەتوایەک رووخاندوویە! ئەگەر دادگای بە ئینسافی مێژووی نەتەوایەتی هەبوایە، دەبوو قورسترین حوکمی لە سەر ئەو قسە قۆڕەی بدەن . حوزنی زۆر

دوکۆمێنتی گرنگی لابوون، هەمووی لەناوداون تاکو ئێمە درۆ و دەلەسەکانی نەبینین .
کورد، کە ئەمارەتەکانی لەناودران و، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتە قۆناغێکی نوێی ژیان : ناسیۆنالیزم، ئا لێرەدا بوو کە قوڕی بەسەر بوو، نەیتوانی لەگەڵ گۆڕانی نوێدا پێ هەڵێنێتەوە و ... ئێستاش دوای ١٦٥ ساڵ هەر نەیتوانیوە ئەو پچڕانە گرێبداتەوە .
باب و باپیرانمان، پادشایان و میرانمان لە دووهەزار ساڵەوە و - دواتر- شیخان و مەلایانمان لەوەتای ئیسلام هاتووە، ئێجگار زۆر سەربەرزانە هێنایان تا گەیاندیانە ١٨٥٦ و، ئێمە کە کەوتینە قۆناغی ناسیۆنالیزمەوە لە ئاستی درێژەپێدانی ژیانی سەربەرز بەگوێرەی ئەو داهاتنە نوێیە نەبووین . قسە بە باب و باپیرانمان مەڵێن، بە خۆمانی بڵێن .

## ١٢

با ئیدیۆلۆجیا و تەفسیرەکانی بخەینە لاوە و، باسی زانست بکەین، هەر شتە بە ناوی خۆی ناوبەرین : مرۆڤ بە دەورانی جیاوازدا تێپەڕیون و ئەوروپا لە شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە (١٧٨٩) پێی ناوەتە قۆناغیکی نوێ لە فەرهەنگی رێکخستنی ژیانی مرۆڤدا کە بریتی بووە لە " ناسیۆنالیزم" . سەد ساڵێکی پێچوو، تا بیری ناسیۆنالیزم گەیشتە پایتەختی ئەستەمبووڵی عوسمانیی پیر و فەرتووت و کەلەلا ( گرنگترین تورکی ئیتیحادییەکان ئەحمەد رزا بۆ بەشدار- بوون لە ئاهەنگەکانی یادی سەد ساڵەی شۆڕشی فەرەنسا چووە پاریس و لەوێ مایەوە) .
تورک و کورد و ئەڵبانی و ئەرمەنی و عارەب و چەرکەس و ... ئیدی، لە ئەستەمبووڵ فێری وشەی " ناسیۆنالیزم" بوون و بردیانەوە وڵاتانی خۆیان، چونکە نوخبە (ئێلیت)ی ئەو نەتەوانە لە ئەستەمبووڵ چالاک بوون، دەیانخوێند و یا لە وەزیفەدا بوون . ئەفسەرانی وەک محەمەد ئەمین زەکی، مستەفا یاملکی ( کە مستەفا کەمالی بە ئیعدام حوکم دا) و، ئەو هەمووە ئەفسەر و دەرچووانەی زانکۆکانی عوسمانی دوایی بردیانەوە سلێمانی . ئەولادی گەورە ئاریستۆکراتانی کوردی عوسمانی، ئێستا لە چۆکی خۆیان دەدا کە بۆچی باب و باپیران و خزمان عەقڵیان بە ناسیۆنالیزم نەشکاوە، کەواتە با ئێمە تۆڵەی بکەینەوە : شەریف پاشای خەندان، مقداد بەدرخان و، چەندانی ماڵی فلان و فیساری ناودار .
ئەوەی تورکیای بۆ تورک ساغکردەوە و ئەوانی تری شکاند بریتی بوو لە شەخسی مستەفا عەلی رزا(مستەفا کەمال، ئاتاتورک) " و بەس"، دیسان :" و بەس" .
لە هەمان هەلومەرجدا ئەگەر ئەو تاقە نەفەرە نەبوایە، ئەم تورکیایەی ئەمڕۆ نەدەبوو ( رێک

وەک دەوری مستەفا بـارزانی و گەڕانەوەی ١٩٥٨ی لە سۆڤیەت ئـەگەر نەبوایە، تڵپاتی تـەڕ-یشمان لە شۆڕشی کورد نەدەدیت و تەنانەت رەنگە ناسیۆنالیزمی کورد هەر نەمابا ) .
مستەفا کەمال هەبوو = تورکیا هەبوو .

ئـەو هـەمووە هاوردەکارەی بیری ناسیۆنالیزم، هـەر وەک بیرەکەیان بـردەوە دنیای عـارەب و ئـەڵبانیا و ئیدی، بردیشیانەوە سلێمانی . تـەئسیری ئـەوانە بوو کە تـەریقەت لە سلێمانی نـاوی "حکمدار کردستان" و دەوڵەتێکی کوردستانی رادەگەیاند، لە کاتێکدا کە" بارزان"ی کە ئاگای لە خرۆشانی نـاسیۆنالیزم لە ئەستەمبووڵ نـەبوو، سـەربەخۆیی خـۆی بێ تەقە و رەقە و نـاوی هیچ دەوڵەتێک و ناسیۆنالیزمێک دەژیا . مستەفا بارزانی، سـەد لە سـەد ئازاد، لە عەشیرەتێک کە شێخ تاجەدین بە شێوەیەکی سۆسیالیستییسەرەتایی، یا"سپارتایی"(ی یونان) رێکیخستبوو، کە قەت ملی بۆ هیچ هێزێکی بێگانە یا چەوسێنەری ناوخۆ نـەدەچەماند، قـەدەر بۆ ئەو مسـتەفا بارزانییەی دانا کە فڕێبدرێتە سلێمانی، تا ئەو بێئاگاییەی لە ئـەستەمبووڵ لە رێگەی شاگردا-نی کە لە ئەستەمبووڵەوە هاتبوونەوە تۆڵەبکاتەوە .

سـلێمانی ئـەوسا پتـر لە دە سـاڵ بوو کە جـەماوەری هـەموو چینەکانی لە بـەر دەرکی سـەرای سـلێمانی بـۆیکۆتی هـەڵبژاردنی دەوڵـەتی عیراقیان کـردبوو و، بە خوێنی عـەوڵەسیس لە بـەر دەرکی سەرا نووسیبوویان : کورد نـابێت بە عیراقی، کوردستان عیراق نیە و، سلێمانی رێگا نـادات هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی عیراق تێدا بکرێت .

بارزانییەکی بە عەشیرەتێکیسپارتایی شەڕکەر، ئێستا گێڕانەوەی چیرۆکی سەردەمی پادشایی شێخ مەحموود و سەردانی سمکۆ و شەشی ئەیلوولی بەردەرکی سەرای راستەوخۆ لەو خەڵکە دەبیست کە خۆیان تێدا ببوون، بارزانی ئێستا ئیتر شیعری بێکەسی لەبەر دەکرد .

دەڵێن کەسـێکی گـونجاو لە کاتی گونجاودا بۆ کارێکی گونجاو، ئەوا " مسـتەفا بـارزانی"یەکی ئازادی خاوەنی لەشکرێکی سپارتایی، رێک لە کاتی گونجاودا، تێکەڵ بە دنیایەکینوێ دەبوو، کە نـە ئـەو بە بێ ئـەو دنیایە دەبووە نـاسیۆنالیست و، نـە ئـەو نـاسیۆنالیزمەی سلێمانی بە بێ رابەری هێزێکی بە ئەو سیفەتانە بە ئەوە دەگەیشت کە باشووری کوردستان پێیگەیشت .

## ١٣

ئـەندامانێکی کۆمەڵەی هیوا لە سلێمانی پێوەندییان بە سەرۆک مستەفا بارزانییەوە کرد، ئەوانە کێ بوون ؟ کەی چۆن پێوەندییان پێوە کرد ؟ ئـایا داوایان لێ کرد کە ئەویش ببێت بە ئەندامی

کۆمەڵە ؟ هیچ وێناچێت کەس شتی وەهای بە بیردا هاتبێت . ئەندامانی هیوا لە شوێنانی جیاوازی سلێمانی و گەرمێن و هەولێر و بادینانیش هەبوون، بەڵام ئاگام لێ نیە قەت هیچ بارزانییەک ئەندامی هیوا یا هیچ ڕێکخراوێکی تری جگە لە عەشیرەتەکەی خۆی بووبێت .

ئێستاش هەر وایە . بنەماڵەی ڕابەر،" پارتی"یەکی هەیە و، ئیتر دەکرێت بە کەسانێکی عەشیرەت بڵێت کەی بە چ سیفەتێک لە پارتییەکەی سەرۆکایەتیی عەشیرەتدا دا بن و چی بکەن یا نەکەن . پێبەندیی هەر بارزانییەک هەر تەنیا بە بنەماڵەی ڕابەریعەشیرەتیخۆیەتی . ناو بە ناو دەنگی جیاواز لە بنەماڵەی ڕابەردا دەبیسین ( نەک لە ئەندامانی سادەی عەشیرەت، کە ئەوانە هەموو هەمیشە یەک دەنگ و یەک ڕەنگ کۆپیی یەک شتن : پێبەندی بە ماڵی ڕابەر و هیچیتر)، بەڵام ئەو جیاوازییانەی دەیانبیسین، تاکتیکی ماڵەکە خۆین و، ئەگەر هیچ جیاواز-یی ڕاستەقینە هەبن، ئەگەر ببن، ئەوا تا ئێستا هەر لەناو خۆیاندا ئیحتیوایان کردوون و، هەر مەگەر خۆیان پێی بزانن .

کاتێک ئەندامانی هیوا، سەرۆک مستەفا بارزانییان لە سلێمانی دەرخست و، دواتر، دوای ماوەیەک چاوەڕێ کردن، ڕووسەکان ڕێگەیان دا بە هێزێکی عەشیرەتەکەیەوە ( و ڕابەری یەکەمی : شێخ ئەحمەد، کەواتە بڕیارەکە " عەشیرەتی " بووە) کە بچنە مهاباد، بارزانی لە مهاباد پێینایە پلەیەکی تر لە ژیانیدا، کە پێش ئەو، لە بارزانییەکان، ڕەنگە تەنیا"عەبدولسەلام" ی برای هەولی بۆ دابێت : پێوەندیی دیپلۆماسی بە دەوڵەتانەوە .

من بە مەزەندە وای دەبینم، سەرۆک مستەفا بارزانی لە هاوینی ١٩٤٦دا(بە ڕاسپاردنی دامەز-راندنی پارتی لە باشوور، دوای پێوەندیی بە ڕووسەکانەوە) بە خۆی گوتبێت : تۆ پێشەوای باشووریت و دەی چی بە باشوورەکەی خۆت دەکەیت ؟

بارزانی لە مهاباد، دڵسۆزی پێشەوا بووە و، دوور لە هەر تاکتیکێک و هەرچی کێ دەیڵێت، سەد لە سەد، خۆی بە سەربازێکی ژێر فەرمانی پێشەوای کورد قازی محەمەد داناوە . بەڵام کە پێشەوا لەگەڵ بارزانیدا نەڕۆیشت و، دەشیزانی لە سێدارە دەدرێت، بە گەورەیی مێژوویی خۆی مایەوە و، ئاڵای دا دەستی بارزانی ( کە دوور لە هەر ڕۆمانتیکێک و خەیاڵێک، سەد لە سەد حەقیقەتێکە)، بارزانی گەیشتە ئەو نەتیجەگیرییە کە بەخۆی بڵێت : مستەفا بارزانی ئێستا تۆ ڕابەری هەموو نەتەوەی کوردیت .

## ١٤

رووبەڕووبوونەوەی داگیرکەری کوردستان بۆ هەر مەبەستێک : سەربەخۆیی، ناچارکردنی کە بە ڕێزەوە لەگەڵت دابنیشێت و گفتوگۆی لەگەڵ بکەیت ( لەجیاتی مل کەچکردن و بەقسە-کردن)، یا بۆ بەجێهێنانی هەر خواستێکی نەتەوایەتی لە هەر ئاستێک کە بڕیارت داوە، پێویستی بە هێزی چەکدار هەیە . بارزانی لە دوای کۆماریکوردستان، تاقە هێزێکیچەکداری هیوای نەتەوایەتیی کورد بوو، جا با ئەو هێزەش بریتی بووبێت لە تاقە یەک نەفەر، بەڵام کە ئەو یەک تاقە نەفەرە فەرمان بدات، چەند هەزار چەکداری زۆر شەڕکەر، لە قووڵایی دڵەوە سەد لە سەد ئامادەن تا دوا هەناسەیان باشترین شەڕی بۆ بکەن، بۆ کێ : بۆ ئەو فەرمانەی ئەو تاقە نەفەرە .

دڵی زۆر کورد لەگەڵ مارشە ئەفسانەئاساکەی بارزانییان بۆ یەکێتیسۆڤیەت لێیدەدا و کێشانی وێنەی بارزانی بە قارەمانی ئەفسانەیی مێژووی نوێی کورد، بەتەواوی ئەوەی ساغ کردەوە : کورد و کوردستان و بارزانی ئیتر لێک جیانەدەکرانەوە . گرنگترین شیعری برایم ئەحمەد کە زۆری پێ بەناوبانگ بوو : شیرین بەهارە ( لە بارەی بارزانییەکان لە چیای شیرین) تا دەهات خۆشەویستتر دەبوو و، کورد ئێستا لە دنیادا یەک رابەری هەبوو، کە رەمزی خەباتینەتەوایە-تییەک بوو . زۆر کەس نەیاندەزانی " کورد" چیە، دەبوو بڵێیت : بارزانی، ئەوسا دەیانگوت ها ها ئێستا تێدەگەم ئێوە لە میللەتیجەنەڕاڵ بارزانیین ؟ ئەوە هەمووی سامانێکی زۆر گەورە بوو بۆ کورد .

بەڵام، ئەی حیزب و پرۆگرام و نەخشەی کار و رابەرایەتی و پێوەندیی رابەر بە حیزبەکەی چی؟ خۆ شەخسی بارزانی(ئەو یەک کەسە) بە تێلێسکۆپ رابەریناکات،هەر"مەعنەویات"ـە، مەعنەویاتێکی ئێجگار زۆر گرنگ بەڵێ، بەڵام دوای ئەوە چی ؟ رابەر چیی پێدەکرێت و حیزبەکەی چیە و چیی پێدەکرێت ؟

## ١٥

بارزانی لە مۆسکۆوە چەندە پێوەندیی بە حیزبەکەیەوە هەبووە ؟ تاڵەبانی کە چووەتە مۆسکۆ چووەتە لای ...هەژار دەیگوت : کاتێک من و زەبیحی و سینەم بەدرخان کەوتینە ئەڵمانیاوە و، مۆسکۆ بە تەئسیری راپۆرتی "خالد بکداش"(سەرۆکی حیزبی کۆمونیستی سووریا، کە کورد بوو بەڵام ئێجگار زۆر دژی کورد بوو) ڕێگەی نەداین بچینە فێستیواڵێک لە مۆسکۆ، دکتۆر

قاسملو بە تەلیفۆن لە پراگەوە خواردنی بۆ دابین کردین و پێیگوتین : بارزانیش لە مۆسکۆ هەوڵتان بۆ دەدات . کەواتە : ئەوانە بەگشتی تەواو لێکدانەبڕاون، بەڵام ئیتر من لەوەندە پتر لە چەند و چۆنی پێوەندییەکان ئاگادار نیم . لەوە ئاگادارم کە چینی ناوەندی کورد، کە چالاکی سیاسەت بوو، لە دوای کۆماری کوردستان و، تا ١٩٥٨، نەیدەویست هیچ شتێك لە دەرەوەی دینی پیرۆز ببیسێت، دینی چی ؟ دینی خەباتی مارکسیزم- لێنینیزم بە سەرۆکایەتیی یەکێتی سۆڤیەت . ئەوەی جاشی داگیرکەر نەبوایە، دەبوو ئیماندار بوایە بە " پرۆلیتاریا "ی کە دەبوو ببێتە فەرمانڕەوا، تاکو ئیتر مرۆڤ ببێت بە فریشتە و کێشەی چەوسانەوە کۆتایی بێت .

پرۆلیتاریا لە یەک ئابووریی دەوڵەتدا دەبوو یەک حیزبی هەبوایە : حیزبی شیوعیی عیراقی، ئێران (تودە) و تورکیا . کەواتە : با کورد فریای خۆی بکەوێت و بچێتە ئەو حیزبانەوە .

بەشیکی ( دکتۆر قاسملو و ئەحمەد تەوفیق و ...) لە جیاتی ئەوە کە هەر ئەندامی ئاسایی ئەو حیزبانە بن، لقێکی تایبەتی خۆیان لە حیزبی " تودە" لە کوردستان بە هەمان ناوی مێژوویی " حیزبی دیموکراتی کوردستان" پێکهێنا، تا دوای چەند ساڵێک کە دیتیان سەرکردایەتیی تودە ئاوڕ لە لێنۆڕینی کوردانەی ئەوان ناداتەوە (١٩٥٨ ؟)، خۆیان جیاکردەوە : ئێمەش حیزبێکیمارکسیست- لێنینستی ترین، رێک وەکو ئێوە، هیچمان لە ئێوە کەمتر نیە، بەو سیفەتە لە پاڵ ئێوەدا پێوەندیمان بە بزووتنەوەی نێو- نەتەوایەتی دەبێت ( کەواتە : حیزبی پرۆلیتاریای ئێران و کوردستان کران بە دوو حیزبی دوو پرۆلیتاریای جیاواز، بەگوێرەی " نەتەوە " ) .

ئەوانەی باکوور ئەوسا بەوە نەگەیشتن، هەر لە ریزی پرۆلیتاریای توركدا بوون، تەنانەت وا بووە کادیرێکی کوردیان گوتوویە : ئێمە کورد تورکی راستەقینەین نەک ئێوەی تورک!
( ئەوجا ئەوە یانی چی ؟ ئەوەیان نازانم، بەڵام دڵنیام کە روویداوە) .

حیزبەکەی بارزانی لە باشوور، بە رابەریی هەمزە عەبدوڵلا، بە هەمان شێوە : پتر لە ٩٠%ی ئەندامانی، هەم لە ریزەکانیدا و هەم لە سەرکردایەتیدا، ئەوپەڕی ئەهلی تەقوا و ئیمان بوون بە " یەکێتی "ی پرۆلیتاریا، کە پارتی دەبێت هەر لقێکی حیزبی شیووعیی عیراقی بێت و، بە بێ فەرمانی ئەو حیزبەی دایک پەنجە نەخاتە ئاوەوە . بەڵام چەند کەسێکی تر هەستی تریان هەبوو و، دەیانویست حیزبێکی مارکسیست - لێنینیستی سەربەخۆ بن، حاڵیان حاڵی هەر حیزبێکی کۆمونیست(وەک ئەوەی کە کەمێک دواتر لە رۆژهەڵات کرا). ئەوانە کە نیسبەتیان زۆر کەم بوو ( برایم ئەحمەد، عومەر دەبابە، نووری ئەحمەد تاها و... چەندێکی تر)، ئەندامێتییهەموویان راگیرا، هەڵپەسێردران تاکو لە کۆنگرەدا بە رەسمی دەریانبکەن و نەهێڵن

حیزبی پرۆلیتاریای عیراق دوو لەت بکەن .
ئـا لێرەدا بوو کە ١٤ی تەمووز/ ژووئیەی ١٩٥٨ هات . بارزانی لەو رۆژەدا بە رێـکەوت بە سەفەرێک لە مۆسکۆوە چووبووە پراگ، لە پراگ ( پایتەختی - ئەوسا- چیکۆسلۆڤاکیا ) بوو .

## ١٦

سیاسیی جیددی، کات لەدەست نـادات . بـارزانی کە لە رادیـۆ بیستی لە بـەغدا شـۆڕش کراوە، دەستبـەجێ تـەلەگرافی پیرۆزبایی بۆ کـەریم قاسم نارد . قاسم دەستبەجێ وەڵامی دایـەوە و پێیگوت بێتەوە وڵات، بـەخێربێتەوە . بـارزانی، بە بێ سـەردانەوەیەکی ماڵەکەی لە مۆسـکۆ و خواحافیزییەک و قسـەیەک لەگەڵ کەسدا، هەر لە پـراگەوە گـەڕایەوە بەغدا . برایم ئەحمەد و نووری ئەحمەد تاهاش، بە هەمان شیوە، بـڕیاری" دەستبەجێ"یان دا، چوونە پراگ تا لەوێوە لەگەڵ بارزانیدا بگەڕێنەوە . هـەمزە عـەبدوڵلا عەقڵی ئەوەی نـەبوو وە پێشیان بـکەوێتەوە و، ئەو لەو سـەفەرەدا لەگەڵ بارزانیدا بێت و، لە رێگە وێنەی ئەو لەگەڵ بارزانی و" جمال عبد- الناصر "دا بڵاو بێتەوە، ئەو هەلە زێرینەی لەدەست خۆی دا .
هەزاران و هەزاران عارەب و کورد و سریانی چوونە پێشوازیی بارزانی، هەموو کەس وای دادەنا کە بارزانی " جەنەڕاڵی سوور"(کۆمونیست) بێت . بەڵام بارزانی، بە بیروباوەڕ سەد لە سەد هەمان بارزانیی١٩٤٦بوو و، تاقە یەک مسقاڵ نەگۆڕدرابوو و ژیانی لە رژێمیسۆڤیەتدا پێ کۆیلەیی بوو و، هـەمـوو کتێبـە مارکسیست ـ لێنینستەکانی بە گـەمە و گـاڵتـەی وەزارەتـی بازرگانیی رژیمی کرملین دەزانی و، کۆمونیستەکان بە خەڵکێکی ئەحمەقی کە "حکومەت "ی سۆڤیەتی بەکاریان دەهێنێت .
برایم ئەحمەد کێشەی حیزبی بۆ بارزانی باسکرد، بـارزانی گوتی : ئێوە پـرۆگرام و پێڕەوتان نیە ؟ ئێ بەگوێرەی ئەوە بکەن و کۆنگرەیەک بگرن و ساغیبکەنەوە . ئێمە لە بارزان هەر بە زۆربەی دەنگی کـۆبوونـەوە، بە گوێرەی عـورف و عـادەتی عەشیرەت بـڕیار دەدەین، ئێوە کە پێـڕەوی نـووسراوتان هـەبێت، من تێنـاگەم کێشەکە چیە . برایم ئەحمەد گوتی : زۆربەی هەرە زۆر لە حیزبدا لەگەڵ هـەمزەیە و، ئـەگەر بە کۆنگرە بێت، هەر دەریشـمان دەکەن . ئێ چار ؟ چار ئەوەیە جەنابتان نەهێڵن پارتی ببێت بە لقێکی حیزبی شیوعیی عیراقی .
ـــ یانی ئێوە دەتـانەوێت من بەکاربهێنن بۆ ئەوە کە پێڕەو پێشێل بکەم و، هـەمزە لابـەرم و ئێوە بسەپێنم ؟

ــ کوردایەتی بۆ ئێمە لە سەرووی حیزبایەتییە جەنابی بارزانی، ئێمە چاومان لە دەستی تۆیە .
بـارزانی ئا لە ئەو لەحزەیەوە برایم ئەحمەدی لەبـەرچاوکـەوت، مرۆڤێکی هـەلپەرست و بێ-پرەنسیپ، کە دەیەوێت خەڵك بۆ مەبەستی خۆی بەکاربهێنێت .

## ١٧

بـارزانی، بە چوونە مهاباد و، نێوان پـەیداکردن لەگەڵ سـۆڤیەت و، فەرمان ناردن بۆ بـاشوور کە، بە مۆدێلی سۆڤیەتی، پارتی دیموکرات دابمەزرێنن (نەک ژێکاف یا هیوا یا رزگاری ...)، ئەوجا رووخانی کۆمار و، مانەوەی بارزانی بە ئاڵاهەڵگری قەومی کـورد لە دنیادا و، چوونی بۆ سـۆڤیەت و دووراو دوور وەرگرتنی دەنگوباسێک لە حیزبەکەی؛ " ریس "ی حیزب کاری چنینی هەمزە عەبدوڵڵا و برایم ئەحمەد و هەڤاڵانیان بووە، نەک هی ئەو . ئێستا بارزانی دوای دوازدە سـاڵ، بە سەر ئـەم وەزعەدا دێتەوە : پـارتییەکەی بـەشێک بێت لە حیزبێکی شـیووعیی عیراقی یان حیزبێکی شیووعیی سـەربەخۆ بێت، هـەڵوێستی راستی مارکسیست- لێنینست چی بێت ؟ بارزانی، تـەواوی کتێبەکانی دنیا بە گـاڵتەی دەسـەڵاتی حـکومەتەکان دەبینێت ( مـەگەر کتێبـەکانی شـەریعەت و تـەفسیری قـورئان و ئـەو شـتانە)، ئێستاش ئـەو دەبێت نێـوانی لەگەڵ حکومەتی بـەغدا و حکـومەتی سـۆڤیەتی بـاش بکـات، هـەموو هـاتوهـاواری منـاڵ و مـەزنی مارکسیزم و نـازانمچی هیچ مێش و مێشوولەش نین بۆ ئەو ... تیۆریی چی و تەڕەماشی چی ؟ بـارزانی، بە نێوانی لەگەڵ کـرملین و هـاتوچۆی سـەفیری سـۆڤیەتی لە بـەغدا، منەتی بە هیچ کۆمونیستانێکی خواری کرملین نیە، شیوعیی عیراقیی چی و شتی چی ؟
بـەڵام شـیووعیی عیراقی ئـەوە تێنـاگەن . هەژار دەیگوت من لای بـارزانی بـووم، کە جـەمال حـەیدەری( کوردێکی رابەری شیووعییعیراقی) هات و، کاتێک ویستی قسە بکات، بەوجۆرە دەستی پێکرد : جـەنابی بـارزانی، ئێوەش ئێستا کەسێکن وەکو من! ... بـارزانی دەمـوچـاوی سـوور هـەڵگەڕا و، نـەیهێشت جەمال قسەکەی تـەواو بکات، دەستی بۆ پێڵاوەکەی بـرد، وەک بیەوێت بە پێڵاو بکەوێتە لێدانی و، گوتی : سـەبابێ سـەی! تو بەرازی! ئەز نە بەرازم! رابە، ئەز تە نەبینم! جەماعەت پیلی جەمالیان گرت و بردیانە دەرەوە و لە شەقی بـارزانییان رزگار کرد ( بارزانی وا دەبوو، بە پێڵاو دەکەوتە سەر لێدانی خـەڵک، کاتی خـۆی وەها لە ماڵی کاکە زیاد لە کۆیە لە سەعید قەزازی داوە) .
بارزانی، بۆ نێوانی لەگەڵ حکومەتی سۆڤیەتدا، ئەندامێکی کاگێبێی سۆڤیەتی کرد بە ئەندامی

مـەکتەبی سیاسیی پـارتی( دکتۆر مـراد رزمآور – کـوردێکی کرماشانی) و ئیتر ئێستا ئـەگەر بیویسـتایە دەیتوانی بە کـەیفی خۆی بە شـەق دە هـەموو کـۆمـونیسـتانی کـوردستان و عیـراق هەڵبدات . ئەو " حکومەت"ی سۆڤیەتی دابین کردبوو، ئاغاکەیانی کردبوو بە دۆست، ئیتر ئەو نۆکەرە قەشمەرانە چی بوون پێیبلێین : تۆش وەکو منیت!
شیوعییەکان لە وەهمی خەیاڵی خۆیاندا دەژیان، بارزانی لەوسەرەوە هاتبووەوە .

## ١٨

بارزانی هەوڵی لەگەڵ هەمزە دا کە لە کەلی شەیتان بێتە خوار و، واز لەو یەکێتی پرۆلیتاریایە بهێنێت تا بارزانی ناچار نـەبێت برایم ئەحمەد لە جێگەی دابنێت، بـەلام هەمزە پیاوی پرەنسیپ و عـەقیدە بـوو، وەکو بـرایم و هـەڤالانی نـەبوو، ئەو تـاقمە سـاختەچی و قـۆڵبـڕەی کە قـەت لە ژیانیاندا بڕوایان بە هیچ پـرەنسیپێک و عەقیدەیەک و بیروباوەڕێک نـەبووە . بـرایم ئـەحمەد و هەڤالانی قەت- قەت یـەک تـاقە دەقیقەش لە ژیانیاندا " چـەپ" نـەبوون، سـەرتاسـەر بە درۆ و دەلەسە و قۆڵبڕینی وەک ئەو شێخە سوودانییەی ئەمڕۆژانە لە باشوور گرتوویانە، ساختەچی و سیاسـەتچیی درۆزن بـوون . هـەمزە مرۆڤێکی بـەڕێز و وەفـادار بوو بۆ عـەقیدەکەی، ئـەوجا عەقیدەکەی راست بوو یا هەڵە ئەوە باسێکی ترە .
بـەلام مـەگەر کێ چ عـەقیدەیەکی هـەبوو ؟ خـەبات واتـە چـوونە ژێر سێبەری یەک کەس کە بـارزانییە، ئـەوجا لە خوار ئەوەوە : پـرۆگرامی پارتیی برایم ئەحمەد کە یەک پارچە فشقیاتە : برایەتیی کورد و عارەب و دیموکراسی و ئاشتیی جیهان و ... لەو قسە قـۆڕانەی کە هیچ مانا- یەکیان نیە .
بـارزانی خۆی بە بـاوکی هەموو کورد(بە شیووعییەکانیشەوە) دادەنا، برایم شیووعییە کوردە- کانی بە دەرچوو لە ماڵی کورد دادەنا و، دەیگوت کە بارزانی نابێت دژیان نەبێت!
رادمنیش(ی حیزبی تودە) و قاسملو(ئەوسا : ئەنوەری) چوونە لای بارزانی بۆ باسی هاوکاری لە دژی رژیمی ئێران . بـاس هیچی لێ دەرنـەچوو و، هیچ کام لەو سـێ کەسە قـەت نـەیویست دواتـر باسی بکات . من تـەنیا ئەوەندەم لە ئەحمەد تەوفیق بیست کە گوتی : رادمنیش فارسێکی شۆڤێنیست بوو و مەسەلەی کورد تێنـەدەگەیشت .
برایم و هەڤالانی ئێجگار زۆر بە ئەو نیزیکبوونەوەیەی قاسملو لە بارزانی نـاڕەحەت بوون و، بۆ ئەوە خودا فریشتەیەکی بۆ نـاردن : ئـەحمەد تـەوفیق (عەبدوڵڵا ئیسحاقی) . بـرایم و جـەلال

تاڵەبانی ( وەک کاک کەریمی حیسامی‌یش لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات) سەد لە سەد پشتی ئەحمەد تەوفیقیان دەگرت و هانیان‌دەدا کە لای بارزانی جێگەی قایم بکات و دژی شیوعییەکان و " میکرۆبی شیوعییەت"!ی قاسملو، پارتیی کوردایەتی بپارێزێت .
کەس هیچ پرۆگرامێک و نەخشەیەکی بۆ رزگارکردنی کوردستان هەیە ؟ نەخێر، بە هیچ جۆرێک نا . ئەی ئەوانە خەریکی چین ؟ خەریکی ئەوەن خەڵک بچنە ژێر سێبەری بارزانی، لە رێگەی برایم ئەحمەدەوە لە دژی شیوعی و شیوعییەت ... ئەدی گاڵتەکەی " مارکسیزم-لێنینیزم"چیی بەسەر هات ؟ تەنک کرایەوە : " ننتفع من الماركسية اللينينة"(کەڵک وەردەگرین لە مارکسیزم لێنینزم) و، تا دوای ماوەیەک ئەویشیان - ئوستاد بەشیر گوتەنی- " جەواب دا"!

## ١٩

بارزانی، حیزبەکەی دا دەست برایم ئەحمەد و هەڤاڵانی . ئیتر هەمزە عەبدوڵلا و هەڤاڵانی وەکو بەفری پار توانەوە . ئەو گۆڕانە و، بەرنامەی حیزب و فەلسەفەی و هۆی گەورەبوونی لەمەودوای لە کۆمەڵگەی کورددا و توانای بوونی بە هێزێکی رەقیبی گەورەی کۆمونیستان چی بوو ؟ تاقە یەک شت بوو : بارزانی . پەروەردە کردنی کورد لەلایەن مامۆستا برایم ئەحمەدەوە هەر بە یەک شت بوو : ئێمە سەرۆکمان بارزانییە و، شیوعییەکان سەگبابن!
برایم ئەحمەد بۆ وەدستهێنانی خەڵکی بە هەستی نەتەوەیی، دوو کرداری گرنگی هەبوون : یەکیان ئەوپەڕی پشتگیریی ئەحمەد تەوفیق لە دژی قاسملو و کەریمی حیسامی و هەڤاڵە چەپەکانیان( کە ناوی نابوون " شیوعییە سەگبابەکان ") و، ئەوی تریش نووسینێکی بوو، کە نووسی : با عیراق بڵێت عیراقی عارەبی بەشێکە لە نیشتمانی عارەب و کوردستانی عیراق بەشێکە لە نیشتمانی کوردستان . بەڵام ئەوە ئیتر هەر نووسینێکی جارێک بوو و، دووپات نەبووەوە و، کەسیش وەدووی نەکەوت . هەر شتێک شەخسی بارزانی خۆی وەدووی نەکەو-تایە، قیمەتی توور و گێزەریشی نەبوو، چونکە " فەلسەفەکە " بریتی بوو لە تاقە یەک شت : " ئێمە سەرۆکمان بارزانییە و شیوعییەکان سەگبابن ". شتێکی تریان نەبوو .
بەنموونە : کاتێک ویستیان چاپخانەیەکی گەورەی زۆر گران بکڕن، هەژاری شاعیر- کە نە سیاسەتمەدار و نە ستراتیجیست و نە هیچ لەو شتانە بوو- تکای لە پارتی کرد کە ئەوە نەکەن، لە جیاتی ئەوە چەند چاپخانەیەکی بچووک بکڕن و لە شوێنانێکیجیاوازی کوردستانیان دابنێن، لە شەقڵاوە، هەڵەبجە، رەواندز ... ئیدی، ئەوە بۆ ئەوسا و داهاتووی کورد باشتر دەبێت . برایم

ئـەحمەد قـەبووڵی نـەکرد، گـوتی ئـەوە دڵێ حکـومەتمان لێ خـراپ دەکـات و لێمان دەکـەوێتە گومانەوە . چاپخانەی گرانیان کڕی و زەبیحی بوو بە بـەڕێوەبەری لە بـەغدا و، دوای ئەوە کە نێوانی کورد و حکومەت تێکچوو، حکومەت دەستی بەسەردا گرت .

بـارزانی بڕیاری ئەو جۆرە شتانە بۆ برایم و هەڤاڵانی لێگەڕابوو، هـەقی بەسەر ئـەو شتانەوە نەبوو : چاپخانە و رۆژنامە و نووسین و ئەو شتانە لای برایم و تاڵەبانی بوون .

هـەر لە سـەرۆک بـارزانی و برایم ئەحمەدەوە و تا دوا نـەفەری پـارتی، یـەک کەسـی جگە لە هەژار نـەبوو بیری بۆ قیمەتی چـاپخانـەیەکی بچووک لە شـوێنێکی کـوردستان بچێت . هـەموو فـەلسەفە و فکر و پەروەردە و عەقیدە و رێباز و نەخشە لە تاقە یەک رستەدا خولاسە دەکرایە-وە : ئێمە سـەرۆکمان بـارزانییە و شیووعییەکان سەگبابن . خەتی برایم و تاڵەبانیی کە بە ناوی چـەپ لە کوردستان خۆیان پێشکەش‌کردووە، لەسەر بناغەی قەڵاچۆکردنی شیوعییەت دامەز-راوە . بە بێ" ئێمە سەرۆکمان بارزانییە و شیووعییەکان سەگبابن" هیچ نـەدەمایەوە ... هـەبوو و نـەبوو هەر ئـەوە بـوو .

## ٢٠

نێوانی کورد و قاسم لە برایەتییەوە بوو بە شەڕ و، شۆڕشی ١٩٦١ی کورد دەستیپێکرد .

برایم ئەحمەد و هەڤاڵانی، بە بێ لێئاگادارکردنی بارزانی، پێوەندییان بە رژێمی شای ئێرانەوە کـرد و، بە بێ پرسکردن بەو، دوو ئـەفسەری سـاواکیان لای خـۆیان لە ماوەت دانـان : عیسـا پـەژمان و ئـەفسەرێکی تر(سەرهەنگ" ایرج منصور") لەگەڵیدا بە دەستگایەکی" بێتەل"ەوە .

کەواتە ئەمجارە قەوانەکـە گۆڕدرا : سەرۆکمان ئێران و شا و عیسا پـەژمانە و، شـیووعییەکان و بـارزانییەکـان سەگبابن! ئـاخر مردووتان نـەمرێت خـەباتکارانی حیزبی ... ئێوە چـۆن ئەو گۆڕانانەی سەرۆکایەتیی حیزبەکەتان بۆ هەزم دەکرێت ؟ من تێیناگەم .

کۆدێتای خوێناویی ١٩٦٣ کرا و، بـەعسی و هەڤاڵانیان کەوتنە سەربڕینی شیوعییەکان، زۆر شیوعی ( زۆرتر کـورد بـەڵام عارەبیشیان تێدابوون) رایانکرد و خۆیان گەیاندە کـوردستان .

برایم ئەحمەد گوتی : ئیللان و بیللان دەبێت ئەو سـەگبابانە (شیووعییانە) بگرین و بـدەینەوە بە بـەعسییەکانی بـەغدا . بـۆچی ؟ بـەهانەکەی ئـەوەبوو کە ئـەگەر نـەیاندەینەوە بە بـەغدا، ئـەوا ئـەمریکا و ئینگلیس و تـورکیا و ئێـران پێکەوە دێنە سـەرمان و لەناومان دەدەن، چـونکە ئـەم رژێمەی ئێستا سەر بە رۆژئـاوایە و، دەبێت ئـەوپەڕی هـاوکاریی لەگەڵدا بکەین ئـەینا لەنـاو-

دەچین . هەر لەو رووەشەوە بە " لامەرکەزی"یەک رازیدەبین و واز لە دروشمی" حوکمی زاتی" دەهێنین . بارزانی گوتی : ئەوەی دەست بۆ پەنابەرێک بەرێت من دەستی دەبڕم! جگە لە واجبی ئەخلاق و شەرەف کە نابێت پەنابەر بدرێتەوە، ئەوانە هێزن بۆ ئێمە، وەکو چاوی خۆمان دەیانپارێزین، وای بە حاڵی ئەوە قسەم بشکێنێت بزانە چییلێدەکەم . بارزانی "عەزیز شەریف "ی ناوداری چەپی سەر بە مۆسکۆی بە شال و شەپک و جەمەدانیی سوورە ناردە بارزان و، زۆر لەوێ مایەوە .

## ٢١

برایم ئەحمەد، کە لە ١٩٦٤بەولاوە نەدەبوو تۆز لە قاتەکەی (دەستی کۆت وشاڕواڵی) بنیشێت، دوای کۆشکیتاران و بەغدا و پشوویەکیش لە١٩٧٠بۆ هاوین لای بارزانی، ئاڵاکەی دا دەستی جەلال تاڵەبانی و چووە لەندەن . لە راستیدا، پێش ئەوەش هەر زۆرتر زاراوەی " مەلایی" و جەلالی"( نەک مەلایی - برایمی) لە فەرهەنگی سیاسیی باشووردا هەبوو و، ئەوەش سەد لە سەد لە شوێنی خۆیدا بوو : کورد چارەنووسی خۆی لە بەجێهێیانی فەرمانی " مەلا" (سەرۆک مستەفا بارزانی) یا " جەلال" ( تالەبانی)دا دەدیتەوە . ئەو دووانە " خۆیان بڕیاریان دەدا " بەرەو کوێی ببەن .

هیچ بەرنامەیەک جگە لە چوونە ژێر ئاڵای بارزانی یا تاڵەبانی هەبوو ؟ نەخێر، نەبوو . ئێ ئەوانە بەرەو چییان دەبرد ؟ تاڵەبانی بە لێکدانەوەی سیاسەتی رۆژ، زۆر پراگماتی ( شیووعیی چینی و سیای ئەمریکا و دڵسۆزی مەلیک حوسێن و...ئیدی) و بارزانییش ئەوەی بۆ پێوەندیی دەرەوە و دەسەڵاتی مەرکەزیی خۆی چیی بە پێویست دەدیت .

ئەی گەل ؟ کۆڕ و کۆمەڵانی چینە جیاوازەکان ؟ بیروڕای دەستەجاتی پسپۆڕان ؟ پەروەردە و خوێندنی منداڵان و لاوان و کیژان ؟ زمان و ئەدەبیات و زانست ؟ ئەوانە، لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوون، لە خەونیشدا نەبوون، لە خەیاڵیشدا نەبوون و، هەر کەس نەیزانیوە ئەوانە یانی چی! شتێکی لەبابەتی ئەوەی جادووگەری هۆڵەندی بوون : ئابراکادابرا! یانی چی ؟ یانی هیچ، یانی قسەی قوڕ .

بارزانی کاتێک ساڵی ١٩٦٨ ئەو تاوانەی بەرانبەر معینی و هەڤاڵانی کرد، تاقە یەک کەس نەبوو کە هەوڵی لەگەڵ بدایە لەو کارەی پاشگەز ببێتەوە . کاتێک بارزانی و دوو کوڕی ساڵی ١٩٧٥ چوونە نەغەدە و ئەوجا لەوێوە بۆ کەرەج، ئەگەر فارس بیکوشتنایە، هەموو ئەفسانەی

" بـارزانی"ی ئەو هەمووە ساڵانەی کورد کۆتایی دەهات . ئـەگەر یـەک مرۆڤ بێت و بڵێت : ئێمە لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا بووین و دەمانتوانی تاڵەبانی لە هیچ بڕیارێکی پاشگەز بکەینەوە، ئەوا بزانە سـەد لە سـەد درۆی وا شـاخدار دەکات کە هیچ شـاخدارێکی جەنگەڵ نیەتی .
ئـەوە، تا ئێستا، فـەرهەنگی سیاسیی کـوردی بـاشوورە، " قـەدەر" تـەمەنی " خان و میـر"انی ئەوەندە هێشتووەتەوە کە توانیویانە تا بە ئێرەی بگەیەنن .

## ٢٢

رووحی کـوردایەتی، بەهۆی گەڕانەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی لە یەکێتیسۆڤیەت، ١٩٥٨، ژیایەوە . ئـەوجا، ئەو گـەڕانەوەیە، بە شۆڕشی ئەیلوولی/ سیپتامبری ١٩٦١ هەنگاوێکی تری زۆر جیددی نا : چنینی ریسی لەشی نەتەوەی کورد لە باشووردەستی پێکرد .
لە سـایەی مەرکەزییەتی دەسەڵاتی بـارزانی، بە هۆی کـاریزما و هـەستێکی نـەتـەوەیی کـورد لەبارەیەوە، بـەڵام بە کردار بە هۆی ئامرازی " عـەشیرەت"ـەکەیەوە، کە هیچ پێویستییەکی بە هیچ روونـکردنەوەیەکی هیچ شتـێك بۆ هیچ کەسێک نـەبوو، جگە لە " فەرمان بەجێبهێنە " و تەواو، توانی بیچنێت، تا بە ١٩٦٤گەیشت، کە پارچەیەک لەو ریسە بە هاندانی عیسا پەژمانی ساواکی ئێران خۆی لێ جیاکردەوە .
بارزانی دەیتوانی برایم ئەحمەد و هەڤاڵانی بگرێت و لەناوبەرێت، هەر لە سەرەتاوە ١٩٦٤ تا کۆتایی،لە هەر لەحزەیەکدا دەیتوانی هەموو سەرکردایەتییان تەفروتوونا بکات، بەڵام نەیدەکرد و، لەوەش پتر: سەرکردایەتییەکەی دەپاراستن و، جەلالییەکانیخوارەوەی دەکوشتن . بە هەمان میکانیزمی شـەڕی عەشیـرەتی : سەرۆکانی عەشیرەت لەدواییدا ناچار ببن بێنەوە ریز، بـەڵام خۆ لەوبەینەدا ناکرێت رێگە بە پیاوەکانیان بدرێت ریزەکانی ئێمە بشێوێنن .
ئەوجا، ئەو عەشیرەتە رەقیبەی برایم ئەحمەد، هەر لە سەرەتاوە بە چوونە لای عیسا پەژمان و دوای ئەوە بۆ بەغدا کارتیخۆی لە ناسیۆنالیزمی کورددا سووتاندووە و، شەرعییەتی رابەریی کـوردایەتیی فڕێداوەتە کـۆشی بـارزانییەوە، ئـەوە بـۆچی خـراپە ؟ خۆ چینی نـاوەند، هـەر دەکـرێت هێزێکی دەرەوەی ماڵی بـارزانی پـەیدا بکات و حیزبی خـۆی دروسـت بکات، دە کە ئەوە لە ئاسـۆدا بێت، مەگەر باشتر نیە کە هەر لە سەرەتاوە بە جاشێتی خۆی پێشکەش بکات ؟ مەگەر ئەوە نابێتە باشترین گارانتی بۆ داهاتووی پادشایی ماڵی بارزانی ؟
مستەفا بارزانی، بلیمەتێکی سـەربازی و ستراتیجییەت بوو، سـەد لە سـەد دەیتوانی چاک زۆر

دوور بخوێنێتەوە و، ڕۆژگـار سـەلماندی کە هـەرچی بیـری بۆ دەچـوو وا دەرچـوو و مارشـی کوردی باشوور بە پادشایی (جارێ نا- ڕەسمی)ی ماڵی بارزانی گەیشت .

بـەڵام چنینی ریسەکە بەو شێوەیە، کە لێگەڕێن با چینی ناوەند بە درۆ و دەلەسە و بـەرەڵڵایی و فشقیات و پووچی و جاشێتی پەروەردە ببێت و هیچی لەدەست نـەیەت تا ئێمە دەبین بە پادشای، تەبیعی پتر لە رووپەکی هەیە، لە رووپەکەوە کورد بەڵێ لە پادشاییەک نیزیک دەکاتەوە، بەڵام لە رووپـەکی تریشـەوە لە گەندەڵی ڕۆدەبات ... وای بە حاڵی نـەتەوەیەک کە ئـەخلاقی گـەندەڵ بێت . ئەو پادشاییەی کە گەلێکیگەندەڵی هەبێت، چی بەو گەلە و بە پادشاییەکەیخۆی دەکات ؟

## ٢٣

ئەوەی ماڵی بارزانی و ماڵی دوژمنی بارزانی ( برایم و جەلال) بـەرانبەر یـەکتریان کـردووە، لەوەی کە سپیـیەکان و رەشـەکانی وڵاتی باشووری ئافریقا بەرانبەریـەکتریان کـردووە، پترە ؟ ئێ دە ئەوەتا سپییەکان و رەشەکانی ئەو وڵاتە پێکەوە گونجاون، ئیتر زاراوەی دوو " دوژمن" نایانگرێتەوە، یـەک باشووری ئافریقا هەیە و یـەک دەوڵەت، یـەک دەستگای حکومەت و یەک هـەموو شت . دەکرێت هـەر سپیـیەک لە دڵی خۆیدا رەشی پێ خـراپ بێت، یا هـەر رەشـێک هـەموو سپییەکانی دنیای پێ سـەگباب بن، بەڵام ئیتر ئەوەی لە دڵی کەسی وەهادا هەیە، هەبێت و نەبێت، ئێستا لە هیچ ناگۆڕێت و هەر مەسەلەی ڕۆژگارە تا نامێنێت .

یەکێک لە یەکەم کارەکانی پادشاینوێی مەغریب دوای مردنی حەسەنیدووەم، زۆر زیرەکانە، ئەوە بوو کە گوتی: کێ چییخراپی لە سەردەمیباوکمدا بەرانبەر کراوە با بێت لە کۆبوونەوە- یەکی گشـتیدا بیڵێت و، کێ لە کـاربەدەستان ئەو کارە خراپانەی بەرانبەر کردوون، با بێنە ئـەو شوێنە و ئیعتیراف بە کارە خراپەکانیان بکەن و تکای لێبوردن بکەن . من دیمانەیەکی یـەکێک لەو قوربانییانەم دیت، کە کاتیخۆی ساڵانێکی دوور و درێژ بە بێ هیچ خەتایەک فڕێدراوەتە زیندانێکی زۆر سامناکی بیابان، ئێستا دوای ڕووبەڕووبوونەوەی زیندانوانەکانی لەو کۆبوونە- وە یەدا، چووبووە لای ژن و ئەولادی لە پاریس و، زیندانییەکەی و ئەو کۆبوونەوەیەی ئـاشتـ- بـوونەوەی نەتەوایەتیی باسدەکرد . سپییەکان و رەشەکانی باشووری ئافریقاش هـەمان کاریان کرد . ماڵی بارزانی و ماڵی برایم- جەلال ئامادە نین کە پێکەوە لە کۆبوونەوەیەکی نەتەوایەتیدا ئیعتیرافەکانیان ریز بکەن و داوای لێبوردن بکەن ؟ وەک ئەو نیو سـەدەیەی رابردوو نە بایان دیبێت و نە باران، هەر مێشیش میوانیان نیە و، تـاقە یـەک شت دەکەن : درێژە بە نیو سەدەی

رابردوو بۆ نیو سەدەی داهاتوو دەدەن!
چۆنە- بڵێین- پەنجا کادیری‌پارتی و پەنجا کادیری‌یەکێتی، لە کۆبوونەوەیەکدا ئەو کارە ناکەن ؟ ئەوسا کە گوتتان کارە خراپەکانتان چی بوون، بەرانبەر کوردی باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستان، تکای لێبوردن بکەن و پەیمان بدەن کە لاپەڕەیەکی نوێی پاک بۆ کوردایەتی بکەنەوە ؟ بۆچی ناتوانن ؟ ئەگەر ئێوە خزمەتکاری نەتەوەی‌خۆتان بن، نەک کەسی تر، دەبێت بتوانن کارێکی وەها بکەن .

## ٢٤

بارزانییەکان بۆ پرۆژەکەیان (دەوڵەتێکی کوردستان بە پادشایی خۆیان) پارتییەکیشیان هەیە . ئەوە هەویەتی پارتییە : کۆبوونەوە لە ژێر سێبەری بنەماڵەی بارزانی بۆ هەنگاونان بەرەو دەوڵەتێکی ئەو بنەماڵەیەمان . هەمان پرەنسیپی کە نەتەوەکانی ئەوروپا پێش شۆڕشی فەرەنسا هەیانبوو و، دەوڵەتانی خەلیج و ماڵی هاشمیی ئوردون ئێستا هەیانە .
ئەوجا ئەو فۆرمەی ئەوروپای پێش سەدەی هەژدە و ئەوەی ئێستای خەلیج و ماڵی هاشمی چەندە دەکرێت لە مێژووی کورددا کۆپی ببێتەوە ؟
کاتێک " دەسەڵاتی بنەماڵە لە سەرووی هەموو شتەوە" بێت، بمانەوێت و نەمانەوێت، لە جەوهەردا گەندەڵیی وێرایە . ئەوجا ئاستی ئەو ماڵە پادشاییە لێرەدا گرنگە : ئایا دەزانن بینا- کردنی نەتەوە چۆن دەبێت ؟ فرانسیسی یەکەم و لویی چاردەی فەرەنسا و" مارگێرێت "ی شاژنی ناڤاررێ و،"ئیزابێل"ی شاژنی کاستیلیا (ئیسپانیا) دەیانزانی نەتەوە بینابکەن، مامۆستا- یانی بەننایی نەتەوە بوون، سەروەستایانی بلیمەتی دروستکردنی نەتەوە بوون . فرێدریک دەیزانی نەتەوە دروست بکات، ئێمانۆئێل لە ئیتالیا بە رادەیەک دەیزانی نەتەوە دروست بکات کە گاریبالدی وازی لە دروشمی " کۆمار" هێنا و چووە ژێر سێبەری ئەو پادشایە .
نەتەوەکانی خەلیج، بە هۆی پارەی نەوتەوە بوون بە شیرکەتانێکی‌گەورە، کە" أبناء القبائل"ـە- کەیان تێدا تێر بخۆن و بکەن و خانووبەرەی سەیروسەمەرە بەرزبکەنەوە . ئەوە حاڵەتێکە تاقە یەک جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا رووی‌داوە : نەتەوە و شیرکەتی نەوت دەیەکتردا بتوێنەوە و ئەندامانی قەبیلە تێر بکەن .
ئەی ئاستی بیناکردنی نەتەوە لای بارزانییەکان تاکوێیە ؟
ئایا لەم قۆناغەدا، جگە لە لایەنی سەربازی بۆ پاراستنی سنوور و، دابینکردنی ئاسایشی رژیم

له دوژمنی نـاوخۆ و دەرەوە و، قۆنتەراتی شیـرکەتان بۆ نەوت و ڕێگـەوبان و خـانووبەرە و، دابینکردنی مووچە ... جگە لەوانە هیچی تـر لەسەر شـانی ڕژیمی بارزانییەکان بۆ پـرۆژەی نەتەوە هەیە ؟ ئەوە هەمووی زۆر گرنگە، دەبێت ئەوانە دابین بن، بـەڵام هەر ئەوەندە بۆ بینا-کردنی نەتەوەیەک بەسە ؟ ئەوجا چ جۆرە نەتەوەیەک ؟

## ٢٥

چـەند کەس ئێستا لە هەرێمی باشوور خەباتی کوردایەتی دەکات ؟ هەشت کەس ؟ ١٤ کەس ؟ چەند کەس ؟ چونکە جیاوازی لە نێوان دوو سنفی خـەڵکدا هەیە : ئەوەی " دەکات " و ئەوەی ئـامرازێکە کە " پێیدەکرێت " . کاتێک ڕژیـم بریتی بێت لە حـەوت کەسی بنەماڵەیەک، ئیدی ئەوانەی لە ژێر سێبەری ئەو ڕژیمەدان، هەموو " پێیاندەکرێت "، نـەک دەکەن . فـەرماندەی هـەنگێکی سـەربازان فەرمان دەدات و، سـەربازەکان بەجێدەهێنن . کاتێک فـەرماندە دەڵێت : هێـرش! ئیتر هێـرش دەکـەن، کاتێک دەڵێـت : سـتۆپ! ئیتر دەوەسـتن؛ ئـەوە فـەرماندەیـە کـە " دەکات" و سـەربازان " پێیاندەکرێت " . بـەڵام مەگەر ئـایا وڵاتێک هـەیـە کە هەمووی هەر " بکەر" بێت و جگە لە چەند کەسێکی بکەر، ئەوی تری هەمووی " پێکراو" نـەبێت ؟

بـەڵێ، لە هەر وڵاتێکی سەرمایەداریی ڕۆژئاوادا، ژمارەی " بکەر"ەکانی دەوڵەتی نـەتەوە بە هەزارانە، تێدا" زانست" حاکمە، پێوانە بۆ کاری لەشکرێک لە کادیرانی دەستگاکانی دەوڵـەت هـەیـە، تـۆژینەوە هـەیـە، دەمی هـەزاران پسپۆڕ لە زانـکـۆکانەوە وەکو بلـندگـۆ دەنـەڕێنێت و گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان وەکو هەنگ ویزەیان دێت .

نەتەوەیەک کە بیەوێت شوێنێکی بـەڕێز بۆخۆی لە نێوان نەتەوەکاندا وەدەستبهێنێت، دەبێت لە هەنگیش چالاکتر بێت . چەند کەس بڕیاری هـەولێر و دهۆک و سلێمانی و گەرمیانی هەرێمی باشووریان بەدەستە ؟ هەوڵ بدە لیستێکی ناوەکانیان لایخۆت بنووسیتەوە بزانیت چەندن، لای من ڕەنگە ئەوپەڕەکەی بگەنە دوازدە کەس، ئەی " بقیە" ؟ بقیە " هیچ ".

لە هـەرێمی باشوور، زۆر حـەرامە ( تـابوو، قـەدەغەی نـاموس) کە باسی مێژووی دوا پـەنجا ساڵی خۆت بکەیت . تۆ لە زانـکۆی سلێمانی باسی بـڕیاری ١٩٦٦ی بـرایم ئـەحمەد بکەیت ؟ خۆ هەر کە چوویتە دەرەوە، " ئانتی- تیرۆر" چاوەڕێت دەکات! تۆ باسی کوشتن و ڕادەست-کردنی موعینی لە زانکۆی هەولێر بکەیت ؟ ... هەر بە نموونە لە دەیـان یا سـەدان پـرسیاری ڕوونـکردنەوەی مێژووی پـەنجا سـاڵی ڕابـردوو... نـەکەیت، نـەکەیت بە لای شتی بڤەی ئـەو

دوازدە کەسەدا بچیت، نـەکەیت . ئەی چۆن وزەی ماددی و مەعنەویی ملیۆنان ئەندامی نەتەوە بخەمە گەڕ تاکو شوێنێک لە نێوان نەتەوەکاندا بۆخۆم وەدەستبهێنم ؟

ئـەوە حاڵێکی بـاش نیە بۆ کـوردایـەتـی، ئەوە نـەتـەوەی کـورد دروست ناکات، ئەوە ئەگەر وا بمێنێتەوە دەکرێت لە هەر لەحزەیەکدا خراپ وێران بێت .

با ئیعتیراف بە مێژوو بکەین، هـەموو شت بۆ نەتەوە بگێڕینەوە، با کـورد لەگەڵ خۆیدا ئاشت- بێتەوە و، بوێرێت هـەموو شتی خۆی بڵێت و هـەزمی بکات تا کـۆتایی پێبێت و لاپەڕەی نوێ بکاتەوە . کـورد لە تـراوماداىە، رێگەی چـارەسەری تـراوما ئـەوەیە مرۆڤ بە دەمی خـۆی بە وردی بڵێت چی  رووی‌دا و، بتـوانێت شـی‌بکاتەوە و، حـوکمی ئێستای دوای لە خـەوهەستـانی لە سەر بـدات، تا بـزانێت لەکوێدا کار بە هەڵە رۆیشت، ئـەدی نەتیجەکانی چۆن چار بکرێن ؟ قەتار لە کوێ لەسەر خەت دەرچوو و چۆن دەچێتەوە سەر خەت ؟ بیر لە فەلسەفەی ئیعتیرافی کلیسای کاتۆلیک بکەینەوە باشە و، ئێمەش بۆخۆمان دەرسی خۆمانی لێ هەڵێنجین .

## ٢٦

لێنین، بە نووسینی " هەنگاوێک بۆ پێشەوە و دوو هەنگاو بۆ دواوە"ی ١٩٠٣، کە ساڵی دوای ئەوە بە کتێب بڵاوبووەوە،چارەنووسی‌ئیمپراتۆریی رووسیای خستە دەستی بۆلشەفیکەکانییەوە. خۆ ئـەگـەر" مستەفا کەمال" ی تـورکیش بیست سـاڵ دوای ئەوە باش بیرێکی لەو زاراوەیە بۆ چـارەنووسی تـورکیا بکردایەتەوە، دەکرا چـارەنووسی ملیۆنان مرۆڤ و حاڵی تای تەرازووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ دنیادا ئێستا زۆر جیاواز بوونایە .

لێنین نـەیدەویست هیچ وەهمێک دروسـت بکات، بـەڵام ئیتر بڕوای بە لێکدانـەوەی مارکسیستی هەبوو و، پێی‌وابوو لای‌خۆیەوە کەلێنەکانی پڕ دەکاتەوە . مێتۆدەکە زانستی بوو، بەڵام زانستە- کە کورتی دەهێنا("فەلسەفە"ی ئابووری تێدا مرۆڤی بە خاوەن ئەخلاقێکی میسالی وەردەگـرت کە وا نەبوو). مستەفا کەمال، ئێجگار زۆر وەهم و خورافاتی خستە ئەنسیکلۆپێدیی پەروەردەی قەومی تورکەوە، نەتەوەیەکی بە چیرۆکی‌ئەفسانەیی دروستکرد و یەک هەنگاو هێنایە پێشەوە و، هەر بەوە هەزاران هەنگاو بردییە دواوە و، کەس نازانێت ئایا قەت مێشکی پووت و هیچو- پـووچی نـاسیۆنالیزمی تـورک قـەت رۆژێک لە رۆژان لە ئـەم هـەمـووە دواکـەوتـوویییەی کە ئـاتـاتورک تێی‌پـەستاوتووە بە کەس پاک دەکرێتەوە یان نا . سەد ساڵیان ویست تا بـەوە گەیشتن قەبووڵی‌بکەن زمانی کوردی هـەیـە و شێوازێکی تورکیی خەڵکی شـاخەکان نیە، چەندی تری

پێدەچێت تا تێدەگەن ناوی" کێنت "ی ئینگلستان تورکی نیە و، سوێدییەکانیش بە ئەسڵ تورک نەبوون کە زمانە تورکییەکەی خۆیان لەبیرچووبێتەوە و، سومەری و بابلی و ئاشووری تورک نەبوون ؟

کورد، ئێستا لە بەشێکی وڵاتەکەیدا دەسەڵاتێکی هەیە، کە باسی زانستیی" مێژوو" تێدا ئێجگار زۆر قەدەغەیە . هەرچی پارتی و یەکێتی لە باسی مێژووی پەنجاساڵی رابردوودا دەیڵێن، هەرچەندە حەتمەن زۆر لە نیوەی پتر داتاشینی چیرۆکی خۆیانە ( نەک مێژوو)، بەڵام دیارە ئەو دوو داتاشینەش یەکتر ناگرنەوە .

١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ بۆچی بە سەرەتای شۆڕش دانراوە ؟ کێ وای داناوە ؟ ئەوجا ئەوەی شۆڕشی کردووە کورد بووە یا " عبدالکریم قاسم" بووە کە بە هۆی عوقدەی سایکۆلۆجیی کە قەت نازانین چی بوون، پەلاماری کوردی دا ؟ ئێ خۆ نەک هەر کورد، ئەگەر پشیلەش پەلامار بدرێت وەڵام دەداتەوە . کوردی باشوور بەتەواوی ٦ی ئەیلوولی١٩٣٠ی لەبیریخۆی بردبووەوە و، دڵسۆزی" کاکە کەریم قاسم"ی عیراقی خۆشەویست بوو، نە ئۆتۆنۆمیی داوا- کردووە و نە لامەرکەزی و نە هیچ و، نە هیچ خۆ ئامادەکردنێکی بۆ هیچ شەڕێک کردووە کە رۆژێک لە رۆژان تووشی ببێت ( وەزعی چەکداریی بارزانییەکان مەسەلەیەکی عەشیرەتیی پەتییە، عەشیرەتییانە و لە سنووری عەشیرەتدا) . ئەی وردەکارییەکانی تۆماری " مێژوو" لە ١٩٦١ـەوە تا ئەمڕۆ، کە دەکاتە شێست ساڵ، چۆن بوون ؟ کە ئێستا نەیزانین ئیدی تازە قەت نایزانین، چونکە بە شێست ساڵ ئیتر نەسلێکی تر دێت کە هەر " ئەفسانەکان"ی شێست ساڵی خوێنینی خۆی دەخوێنێتەوە " نەک مێژوو " .

١

مـرۆڤ لە ژیانیدا رەنـج دەکێشـێت و دەئێشـێت . کاتێک بژیشـک بیەوێت بیر بۆ چـارەی ئێشی مرۆڤێک بکاتەوە، دەبێت بـزانێت ئەو مرۆڤە لە کەیەوە کوێی دەئێشـێت، کەی چیی خواردووە، خـۆی و کەسـوکاری پێشتر چ کێشـەیـەکی لەشساغییان هـەبووە و، زانیاری تـری لەو رووەوە هەبێت، تا ئەوە هەمووی بەرێتەوە سەر یەک و عەقڵی بۆ تـەشخیسێک بچێت، ئەوجا ببینێت چ دەرمانێک بۆ چارەی ئەو شتە هەیە کە تـەشخیسی کردووە : کەواتە دەبێت " مێژوو" بزانێت . خۆ ئـەگەر من لە رێگەیەکی دوورەوە، لە وڵاتێکی ترەوە هاتبم، دکتۆر دەیەوێت شتێک لە ئەو وڵاتـە و ئـەو رێگـەیەش بـزانێت کە من پێـدا رۆیشـتووم . بڵێین، لەم سـەردەمەدا کە هـەڵامەتم هـەبێت و بڵێم وەڵڵا هەر ئێستا لە وڵاتی " چین"ـەوە دێمەوە، مەگەر دکتۆر بیری بۆ ئیحتیمالی کۆرۆناش بچێت . ئێ دە ئەوەتا مرۆڤ یـەک ملیۆن سـاڵە بە رێگەوەیە، ملیۆنان شـتی سـەیری بەسەرهاتوون تا لە شوێنێکی رێگەدا،سەر رێگە، کە هێشتا بە رێگەوەیە و جارێ نەگەیشتووەتە مەنزڵ، دەیـەوێت بژیشکێك لە وێستگەیەکی سەر ئـەو رێگەیە، دەردەکەی پێ بڵێت و بیری بۆ لە چارەیەک بکاتەوە .

بەڵام جارێ، پێش‌ئەوە، بزانین چەند کەس کاتی ئەوەی هەیە بە بیریدا بێت کە نەخۆشە تا بچێتە لای بژیشک ؟ جووتیار و کرێکار و دووکاندار و چـەندی دی لە بەری بەیانییەوە دەیکوتن تا درەنـگی ئێـوارە و، هێندێک جار شـەویش، تا زگی خـۆیان و منداڵیان تێر بکەن و بیانپۆشـن و پێداویسـتی تری ژیانیان دابین بکەن . خۆ ژن ئـەوە وێرای ئـەوانەش، - بڵێین- کە لە مەزراش بێتەوە، لە جیاتی ئەوە ئـەویش وەکو مێردەکەی پشـوویەک بدات، ئـەوجا دەکەوێتە سەر کـاری ماڵ و خـزمەتی منداڵ و فەسڵی یەکەمی رەنـجی رۆژەکەی بە فەسڵی دووەم درێـژە پێدەدات . منداڵ ئەوەندە ساڵان خەریکی دەرس‌خوێندن و بەجێهێنانی فەرمانی مامۆستایە و، ئەو هەمووە شتەی دەرسەکان دەپەستێتە سەرییەوە، تا تەمەنی لە بیست ساڵیش تێدەپەڕێت، بەزەحمەت هیچ کاتێکی بۆ بیـرکـردنەوە هەیە، بیـرکـردنەوەی چی ؟ دەبێت هەر راکات، شـت لەبـەر بکات و

بچێته تاقیکردنەوە و کار بکات و بژیت . ئەگەر کاتیش هەبوو، خۆ هەموو نەخۆشێک نازانێت کە نـەخۆشـە تاکو پـرسیاری چـارە بکات و بیەوێت وەڵامی ئـەو هـەمووە پـرسیارانەی دکتۆر بـداتەوە . کە نـەخۆش بوو، دەکـرێت نـەخۆشـییەکەی پێ بـەڵای " خـودا " بێت، ئیتـر دکتۆری تـەڕەماش لەگەڵ کاری خودادا چیی بۆ دەکرێت ؟ هیچ . ڕەنگە هێندێک هـەڵپەڕین بە دەفەوە لەبەردەم شێخی کەسنەزان شەفاعەتی بۆ بکات .

ئـەو مرۆڤەی کە کات و عەقڵی هەیە و، دەزانێت کە مـرۆڤایەتی لە سەر زەوی نـەخۆشە و، بۆ تەشخیسی دەردەکانی دەبێت مێژووی پەرەسەندنی لە دوورترین رابردوویەکەوە کە لە تواناداية بزانێت، باش تێیبگات و بیباتەوە سەریەک، ئەوە کەسێکە دەتوانێت پێبنێتە ناو ماڵیڕۆشنبیر- ییەوە، تا بەڵکو ببێت بە کەسێکی ئەو ماڵە و پێی بگوترێت ڕۆشنبیر .

٢

هەر وەک هەموو کەسێک نـاتوانێت ببێت بە هونەرمەند یا شـاعیر، حەتمەن هەموو کەسێکیش ناتوانێت ببێت بە ڕۆشنبیر . کێ کاتی بیرکردنەوە و عەقڵ و- لە هەمووی گرنگتر-" میزاج"ی پێویستی ئەوەی هەیە ؟ دەکرێت کەسێک زۆر بخوێنێتەوە، تەنانەت ئەنسیکلۆپێدیی"لارووس" یا " بریتانیکا " هەر لەبەربکات و وەکو بولبول بۆت بڵێت، بـەڵام بە ئـەو هەمووە خۆ ماندوو- کـردنـەی کە ئەو هـەمووەی لەبـەرکردووە ئـەوەی پێیبڵێیت عەقڵ نـەیمابێت، هەر تـەنـەکـە یا تـەلیسـە زانیاری بێت و هیچی تـر . دەکـرێت کەسێکی زۆر زانا بیست ساڵ هەر لێکۆڵینەوەی جۆرێک مێش و مەگەز بکات، کە کارێکی گرنگە بۆ مرۆڤایەتی ... پـرۆفێسۆر دکتۆر ئوسـتاد نازانمچیی مێش و مەگەز، زانست هەمیشە زۆر گرنگە، یا چۆن فڵانە وشە پەرەی سەندووە و لە دواییدا وەهای لێ بە سەر هـاتووە یا ... زۆر شتی تری هێـژا و بەکەڵکی دۆزیینەوە . بـەڵام ئـەوە مەگەر هەر بـەشی ئەوەندە پێوەندیی بە ڕۆشنبیرییەوە هەبێت کە نـەیگوتووە " قودرەتی ئـەرواح " یا شـتێکی وەها دروسـتی کـردووە و نـابێت من لێبکۆڵمەوە، ئـەینا زانست تـەنیا لە چوارچێوەی ڕەتکردنەوەی نا- زانستدا ڕەوشتێکی ڕۆشـنبیرییە، نـە پتر . بڵێین، ئەگەر زانای پـرۆفێسۆری مێش و مەگەز، دوای دۆزینـەوەی زۆر گـرنگی لە دنیای مێش و مەگەزدا، دەفـی

هەڵگرت و کەوتە دەف لێدان بۆ شێخی کەسنەزان چونکە پێیوایە بە دوعای ئەو توانیویە بە ئەو دۆزینەوە گرنگە بگات، ئەوە ئیتر ناکرێت پێیبگوترێت رۆشنبیر .

ئەوەی بتوانێت ببێت بە رۆشنبیر، دەبێت بتوانێت کاغەزێکی سپی بێت و، لە خۆیەوە دەست بە نووسین لە سەر خۆی بکات . وەکو بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەر باڵندەیەک یا درەختێک یا حەشەرەیەکی کە هێشتا هیچی لێ نەزانراوە، نابێت پێشەکی هیچ لەسەر کاغەزی ناو کەللە-سەریدا هەبێت . دەبێت بە سەیرکردنی زۆر بە پارێزەوە، بە گومانەوە ( چونکە جارێ هەر خەریکی لێکۆڵینەوەیە، چووزانێت دوایی بە چی دەگات) زانیاریی بەشی پێویستی بۆ تێگەشتن لە شتێک وەدەست بهێنێت .

ئەوەی بیەوێت ببێت بە رۆشنبیر، دەبێت هەرچی لێیدەکۆڵێتەوە، لە جەغزی" تێکڕاییەکەی"دا ببینێت، نەک ئەوە کە لە " بەشێک"یدا بە تەمابێت " هەموو" ببینێت و، نە ئەوەش کە بە لێنۆڕینی" تێکڕاییەکەی" بەشەکان نەبینێت . دەبێت هەم دارستانەکە بە تێکڕایی ببینێت و، هەم دار بە دار بە جیا، هیچ کامیان حەقیقەتی ئەوەکەیتری لێنەشارێتەوە، تا بشتوانێت پێوەندییەکە لە نێوان ئەو دووانەشدا بدۆزێتەوە .

٣

ئاریستۆی بەناوبانگ گوتوویە کە مرۆڤیش وەکو بزن و مەڕ و بەراز، نێرینەکەی ددانی پتری لە مێیینەکەی هەن! هەرچەندە ئاریستۆ دوو جاریش ژنی هێناوە، بەڵام بە پێویستی نەزانیوە ددانەکانی خۆی و ئەوەی ژنەکەی بژمێرێت تا لە نەتیجەدا بە " قانوون" بگات . بەڵام مرۆڤ ئەمڕۆ زۆر " قانوون "ی زانستی دۆزیونەتەوە و پێویستمان بەوە نیە سەر لەنوێ خۆمان هەموو شت بدۆزینەوە، بەڵام ئەو قانوونانە هەر بۆ دنیای زانست، بۆ زانیارییەکانی " بێتا " ( فیزیا و کیمیا و ریازیات و ئەو شتانە) بە روونی هەن و، ئەوانە کاریان بە " بیروباوەڕ " نەداوە، بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە کە ئەوانە حەقیقەتن، ئەینا پێیان نالێین قانوون . بەڵام قانوونەکانی دەرەوەی ئەوانە، باسێکی ترە .

هەر کە گوترا" نامووس"( بەنموونە : نامووسی تەبیعەت، مەبەست قانوونی تەبیعەتە)، دەبێت

هێندێک سەرمان بخورێنین، بزانین ئایا مەبەست لە"عورف و عادەت"ی مرۆڤە ؟ ئەگەر ئەوە بێت، خۆ عورف و عادەتی مرۆڤ لەم قۆناغەیدا تەنیا بریتییە لە کانالیزەکردنی وەحشیگەری . بەنموونە مرۆڤ، تاقە حەیوانێکە لەسەر رووی زەوی کە بە دەست جنس(سێکس)ـەوە داماوە، سـەر دەهێنێت و سەر دەبات و شـەقلێ لە پـەقلێی نـەزمێکی پێویستی بۆ لێک جیا نـاکـرێنەوە، لە کاتێکدا کە حـەیوانی تر زۆر بە روونی رێگەی خۆیان دەزانن . حەیوانێک کە قانوونی ئەو شتە سەرەتاییەی حەیوانان:"جنس"ی بۆ ساغ نەبووبێتەوە، دەبێت چ حەیوانێکی وەحشی بێت . مـرۆڤ، چونکە - بۆ بەدبەختی -، تەبیعەت زۆر شتی بە کراوەیی بۆ هێشتووەتەوە تاکو خـۆی بە ئـەزموون فێر ببێت، زۆر شت تاقیبکاتەوە و خۆی فریای ژیانی خۆی بکەوێت تا تەبیعەت لێێ وەڕەز نـەبێت و شـەقێکی تێ‌هـەڵنـەدات، ئێستاش کە ئێستایە ( ئـەوە بوو بە ملیـۆن سـاڵ) قانوون! بەدووی قانوون تاقیدەکاتەوە و چرووک دەردەچێت و پەیتا- پەیتا دەکەوێتە - یا باشتر بڵێم- ناکەوێتە سەر قانوونێکی دی و، کێ دەزانێت کەی بە چی دەگات ؟

ئـەوجا کە من بمەوێت رۆشـنبیر بم، شـت لە " تێکڕاییەکەی"دا ببینم، پێویستیم بە " تێکڕا "ی رەوشتی جنسیی مرۆڤ لە پترین کاتی ئـەو ملیۆن ساڵەی تـەمەنیدا کە وەدەستـهێنانی لە تـوانادا بێت دەبێت، ئـا لێرەدایە کە خـوێندەواریم، ئـاگاداری لە زۆر کتێبان و ئـەنسیکلۆپێدییان و سەر- چاوەی زانستان ( ئانترۆپۆلۆجی و ...) ئیدی نـەک هـەر پێویستە بگرە بە بێ ئـەو خـوێندەارییە هەر ناکرێت بە هیچ بگەم . ئەوانە، بڵێین چاویلکەن بۆ منێک، کە زۆر عاقڵم بەڵام چاوم بە بێ چاویلکە نابینێت و، ناتوانم یەک هەنگاو حوکم لەسەر" ناموس" لە مێژووی مرۆڤدا بدەم تاکو بە چاویلکەی ئاگادارییەکی زۆر لە مێژوو رابردووەکەی ئەم حـەیوانە وەحشییەی کە پێیدەڵێن مرۆڤ نەبینم .

کەواتە، دوای کـات و عـەقڵ و میـزاج، خـوێندەوارییەکی زۆریـش پێویستـە تـاکو بتـوانم ببم بە رۆشـنبیر . هەر کام لەوانە بە جیا هیچ - هیچم بۆ نـاکات، دەبێت هەموو ئەوانەم پێکەوە هەبن .

## ٤

بیهێنە بـەرچـاوت، قـەڵایەک کە پێی دەڵێن " دنیا " تـاریک و تـنووک، ژووری زۆر، داڵان و

کون و قوژبنی زۆر و هەندەسەی زۆر ئاڵۆزە، خەڵک تێدا مەستن و یەکتر نابینن و بە راست و چەپدا بە یەکتردا دەکێشن . کەسێکی هۆشیار، کە نەیخواردووەتەوە و، دەستگایەکی وەک ئەوانەی لەشکرەکانی ئەمڕۆی بۆ دیتن لە تاریکیدا هەیە، دەچێتە ئەو قەڵایە و زۆر شت دەبینێت کە ئەوان نابینن . دەستگاکەی بە میزاج و عەقڵێکی کراوە و زانیارییەکی زۆری خوێندەوارییی وەها دروست کردووە، ئەو شتانەی پێ ببینێت کە خەڵکەکەی تر لەو تاریکییەدا نابینن . دەستگاکەی بیرێکی رۆشنە، ئەو شتانەی لەبەرچاوی رۆشن دەکات کە خەڵکی دی لە تاریکیدا نابینن . ئەوان کات و عەقڵ و میزاجی بیرکردنەوەی کراوە و خوێندەوارییی زۆریان نیە تا ببینن، بەڵام کە بیری ئەو هۆشیارە ئەو دەستگایەی لە ئەو شتانە بۆ دروست کردووە، ئەوا ئەو ئەو شتانە لەو تاریکستانەدا دەبینیت کە خەڵکی تری ئاسایی ناتوانن بیانبینن، هیچ، هەر مەستی نەدیتنی خۆیانن و بە راست و چەپدا بە یەکتردا دەکێشن .

لێرەدا " ئەخلاق" حەتمەن پێویستە، بەڵام من لێرەدا وەبەر میزاج و عەقڵی دەدەم، وای دادەنێم مرۆڤ کە میزاجی دوور لە گەندەڵی و درۆ و ساختەچێتی بوو و بە عەقڵی ساغی زانی ژیانێکی باشتر بریتییە لە ژیانی راستگۆیی و دڵسۆزی بۆ مرۆڤایەتی، عەقڵی بە پێویستیی دنیایەکی باشتر دەشکێت .

بۆ ئەوە ئەگەر کەمێک لەو" عمومیات "ی دارستانە پتر بڕۆین، با سەیری دارێک لە دارەکان بکەین، ئەو دارەی کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد : نێوانی ژن و پیاو و، هەر " جنس" (سێکس) بە گشتی لە ژیانی مرۆڤدا . ئەو هەمووە شێوە جیاوازەی کە فەرهەنگەکانی میللەتانی جیاواز و چینە جیاوازەکانیهەیانە، ئەوەندە مرۆڤ لەسەر ئەوە کوژراون،ئێستاش دەکوژرێن، ئەوەندەش خۆیان کوشتووە و دەکوژن، ئەوەندە قانوون دارشتن و کێشە لە سەر ئەوانە، ئەوە هەمووی واتە : مرۆڤی سەر زەوی کێشەیەکیان لەوەدا هەیە و، ئەگەر رۆشنبیرێکیان هەبێت، دەبێت هەوڵ بدات بە توانای میزاج و عەقڵ و زانیاریی کە هەیەتی شتێک ببینێت کە ئەو خەڵکە نارۆشنبیرەی تر نایبینن .

٥

با سەیرێکی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤ بکەین کە لە پێش١٤٠٠ و ئەوەندە ساڵەوە کەوتووەتە سەر

ئەزموونی دینێکی نوێ :

عارەبستان پێش ئیسلام کۆمەڵگەی" دایک" بووە ( وشەی " أمة " ی عارەبیش هەر لەوەوە هاتووە)، ئیسلام هات و کردی بە کۆمەڵگەی " باوک " .

پێش‌ئیسلام، فرە- مێردی لە عارەبستان هەبوو، ژن بە شەرع دەیتوانی تا ١٠مێردی هەبوونایە، ژن دەیتوانی هەر وا بە هاسانی پیاوێک لەسەر رێگە بۆخۆی بباتەوە :

باوکی پێغەمبەر(عبدالله)، پێش هێنانی" آمنة "(دایکی پێغەمبەر)، بە دووی باوکی خۆیـ(عبدالمطلب)ـەوە بووە، مەودایەک لە دوویەوە رۆیشتووە . ژنێک لە رێگە دەیبینێت و ئارەزووی دەکات، دەچێتە لای و پێی‌دەڵێت کە لەگەڵیدا بکات، عبدالله دەڵێت: من بە دووی باوکمەوەم و ناتوانم دووربکەومەوە . عبدالله دوای ماوەیەک، کە ئیتر " آمنة "ی هێناوە، وا رێک دەکەوێت کە رۆژێک تووشی هەمان ژن دەبێتەوە، ژن خۆی تێناگەیەنێت . عبدالله پێی‌دەڵێت : ئەدی بۆچی ئێستا داوام لێ ناکەیت ؟ ژنەکە دەڵێت : فارقک النور الذی کان معک بالأمس، فلیس لي بک الیوم حاجة (ئەو رووناکییەت لا نەماوە کە دوێنێ هەتبوو، ئیدی ئێستا پێویستییەکم پێت نیە) .

وەها ژنێک لە سەر رێگا داوای وەها لە پیاوێکی غەریب بکات، ئەوە بێباکی و هەستێکی ئازادیی ژنێک لە شار پیشان دەدات، نازانم ئەگەر شتی وەها دوای هاتنی ئیسلامیش لە " مكة "ی عارەبستان رووی‌دابێت.

ژن دەیتوانی لە پاڵ مێردەکەیدا ( ئەگەر هەر یەک مێردی هەبوایە) عەشیقێک یا دوو عەشیقی بە رەسمی هەبوونایە ( پێیان‌دەگوت : نکاح الخلیل، نکاح الخلیلین) . " نکاح " لە عارەبیدا بۆ هەرتک : جنس‌کردن و بوونە هاوسەر(زواج) بەکارهاتووە و ئێستاش لە شەرعی ئیسلامدا هەر وەها ماوەتەوە ( " عقد نکاح" بۆ سەنەدی مارەکردن) .

هەر وەک لە وڵاتی یونان و رۆمان، زۆر خەڵک هەبوون کاتێک کچیان دەبوو، نەیاندەویست و فڕێیان دەدا، لە عارەبستانیش وەها بوو، کچیان زیندە بە چاڵ دەکرد ( پێیان دەگوت " وأد ")، بەڵام کەمیی ژن بۆ پیاوان بەوە بە رادەیەکی ئێجگار زۆری وەهای لێ هات، کە - بڵێین- وەکو

چۆن ئـەڵمانەکان وا بـووە لە دوای شـەڕی گـەورە و کوژرانی زۆر لە پیاوان بـڕیاریان داوە هـەر پیاوە دوو ژن بهێنێت، لێرەدا لە عارەبسـتان، لە جیاتی کەمبوونی پیاو، کەمبوونی ژن بـە رادەیـەک بوو کە بە دوو پیاویش بۆ هـەر ژنـە چـار نـەدەکرا، لەبەر ئەوە شـەرع و نـامـووس رێگەی دەدا کە ژن تا ١٠ مێردی هـەبوایە، یا بە لای کەم لە پاڵ مێردەکەیدا " نکـاح الخلیل یا نکـاح الخلیلین"ی هـەبوایە، ئەوە ئیتر پێداویسـتییەکی ژیـانی جنسـی بوو . کاتێک ئیسـلام هات " وأد"ی قەدەغە کرد و توانی لەدواییدا بنبڕی بکات، ژمارەی زۆرتری ژن، کارگەی دروست کردنی ئەولاد، کە کوڕانیش بۆ لەشکر دەهێننە دنیا، پێویست بوو .

لە لایەکی تریشەوە، لەشکرەکانی ئیسلامیش وەکو هەموو لەشکرەکانی ئەوسای دنیا، لە گرتنی وڵاتاندا ژن و کچی زۆریان بە کـۆیلە دەهێنان، ئیتر نیسبەتی ژن زۆر بوو و، پێوەندییەکە قـڵپ بووەوە : فرە- مێردی نەما و، هەر فرە- ژنی مایەوە (کە دەبێت کەسانی دەوڵەمەند پێش ئەوەش هەبووبن کە توانیویانە فرە ژنیان هەبن) .

من لە نووسینێکی ترمدا، " ئاین و نێوانی جنسیی مرۆڤ"(بڕوانە : لار و لەنجەت... ٢٠١٦)، کەڵکم لە کتێبی " ئـەسڵی خێـزان و مڵکداری و دەوڵـەت "ی ئێنگڵس وەرگـرت، کە کـۆمەڵێک نـەتیجەگیریی" ئێنگڵس"ی لە راپـۆرتی" مۆرگەن " تێدایە، کە ئەویش باسی نەتیجەگیرییەکانی زۆری لە لێکۆڵینەوەی مێژووی خەڵکی ئـەسڵیی ئەمریکا دەکات : ئەو مرۆڤە بەدبەختانە چۆن چەندە فۆرمی ژیانی جنسییان تاقیکردەوە تا پسان و کۆتاییان هات( پێستسپییە ئەوروپاییەکان چوون خاکیان داگیرکردن و کـۆتاییان پێ هێنان) . لێرەدا بۆ باسی عارەبستان کەڵک لە سەر- چـاوەیەکی سـەرەتاکانی سـەدەی سـێزدەی" التیفاشـی " وەردەگرم، - کە وەکو باوکی - قـازیـی شوێنێکی- ئەوسا- تونس بووە ( ئێستا دەکەوێتە ئەلجەزائیر) .

٦

بڵاوکەرەوەی کتێبەکەی التیفاشي(جمال جمعة)، لە پێشەکییەکەی خۆیدا، شتێک لە" عائشة "ی ژنی پێغەمبەر دەگێـڕێتـەوە ( لە " فتـح البـاري بشـرح صحیح البخاري، ج ٩، ص ١٥٠)، کە عائشة تێدا هەر باسی چوار جۆر" نکـاح "ی کردووە، ئەوەی کە ئیسـلام هێشتوویەتەوە و سێ

جۆر" نكـاح "ی كه پێش ئیسلام هەبوون و ئیسـلام قـەدەغـەی كـردوون : نكـاح الإسـتبضـاع، نكـاح الرهط ، نكـاح البغايا . ئەوجا"جمال جمعة " دەڵێت : بەڵام جۆرەكانی نكاح زۆر لەوەی عائشـة دەیڵێت پتـر بوون و لیسـتێكی درێژ به جۆره نكاحان ریـز دەكات كه له سـەرچاوەكانی تری وەرگرتوون و زۆر ئاگای لەوەیه ناوی سەرچاوەكانی بهێنێت، ئەو كەسێكی وا نیه كه به بێبەڵگه هیچ بنووسێت :

جۆری نكاحەكان :

ـــ نكاح الاستبضاع : پیاوێک، رێک دوای سووڕی مانگانەی ژنەكەی، به ژنەكەی گوتووه : بـڕۆ داوای " إستبضـاع " له فـڵانه پیاو بكه، واتـه خـۆتی لێ زگپـڕ بكه، چـونكه حـەز دەكـەم منداڵێكم له نەژادی ئەو هەبێت ( بۆ جوانی، ئازایی، شاعیری، یا هەر سیفەتێک) .

جمال جمعة دەڵێت : دەڵێن ئەو جۆره نكـاحه دەبێت له عارەبەوه گەیشتبێته ئـەفغانستان، كاتێک سـوارێكی عارەبیان دیتـووه، به ژنی خـۆیان گوتووه بچێت لەو زگپڕ ببێت و، ئەوه وێدەچێت له دوای فەتحی ئیسلامیدا بووبێت، حەزیان كردبێت منداڵیان له نەسلی فاتحین هەبن .

ـــ نكـاح الرهط : (" رهط " له زمانی عارەبیدا به ژمارەی ٣ تا ١٠ یا ٧ تا ١٠ دەڵێن) . یەک ژن ئەوەنده مێردی دەبوون و، كاتێک منداڵی دەبوو، هەموو مێردەكانی كـۆ دەكردنەوه، ریزی دەكردن و ئیشارەتی به یەكێكیان دەكرد و دەیگوت : تۆ باوكی ئەم منداڵەی منیت . ئیتر تـەواو، قسەی تێدا نـەبوو، هـەموویان دەستبەجێ قـەبووڵیان دەكرد و كوڕ یا كچی تـازه لەدایكبوو بـه كوڕ یا كچی ئەو پیاوه ناو دەبرا .

كەواته، زۆر له ناودارانی عارەبیش كه ناویان فلانی" إبن " فلانـه، دەكرێت - بەگوێرەی ئـەو قسەیه - له رووی نـوتـفەوه فلانی" إبن"ی یـەكێک له ١٠ كەس بـووبن كه ئـەو یـەكەشیان تێدا بووه و، هیچ مەرج نیه له نوتفەی ئەو خۆی بووبن .

ـــ نكاح البغايا(له سەرچاوەی تردا"أصحاب الرايات"): ژن له خێوەتیدا، ئاڵایەكی سێگۆشەی سـووری له سەر خێوەتەكەی هـەڵكردووه، واته پیاو دەتـوانن بچن لەوێ به پارەیەک نكاحێک بكەن . پیاو چووەته لای خێوەتەكه، له دەرەوه راوەستاوه و چاوەڕێیكردووه تا ژن له خێوەتە-كەوه كۆخیوه، ئەو كۆكەیه واته : ئێستا نەگیراوم، پیاوی ترم لا نیه، تۆ دەتـوانیت بۆ نكاح بێیته

ژوور . وشەی " قەحبە " لەوەوە هاتووە، قحاب واتە : کۆکە، یا : کۆخین .
قەحبەی زۆر ناودار و بەرێز لایعارەب هەبوون و ئـەم کتێبەش ناوی هێندێکیانی نووسیون . خۆ چیرۆکی" زیاد بن أبیه"( زیادی کوڕی باوکی)ی قارەمانی ئیسلامی، لە " سمیة "ی قەحبە لە ئەدەبیاتی عارەبدا زۆر بەناوبانگە :

" معاویة"ی کوڕی"أبو سفیان" ویستی پیاوێکی زۆر ئازا و دڕ و ترسناک بە ناوی " زیاد ابن أبیه"(زیادی کوڕی باوکی)ی کوڕی" سمیة"(سومەییە) خانمێکی قەحبە بکێشێتە لای خۆی . بۆ ئەوە، ئەم شانۆیەی ڕێکخست :

داوای کرد زیاد ببینێت، کە زیادی دیت پێیگوت : تـۆ بـرای منیت، لە نوتفەی بابی منیت و نایەیت پشتی برای خۆت بگریت ؟ ئەوە چۆن لە تۆ دەوەشێتەوە ؟

زیاد گوتی : برای من ؟ چۆن ؟

معاویة کـۆمەڵێک شـاهیدی درۆزنــی هێنان کە سـوێندیان خـوارد بە چـاوی خـۆیان دیتوویانە چۆن أبو سفیان سمیة خانمی کردووە و، نـۆ مانگ و نـۆ ڕۆژ دوای ئەوە ئەو زیادە لەدایکبووە . دەقی سـوێندی یـەکێکیان، کە من لە بیستنی یـەکەمجاری لە مامۆستا حوسێن ڕەشوانی ساڵی ١٩٧٥ لە پێنجوێنەوە لە بیرم ماوە، بەمجۆرە بوو :

" والله ثم والله إني رأیـت ماء أبي سـفیان یـتقـاطـر من بین سـبیکتي أمـک یا زیـاد " ( بەخودا و دیسان بەخودا، من بە چـاوی خـۆم ئـاوی معاویەم دیت کە لە نێوان دوو لێوی گەڵی دایکت دەتکا زیاد) .

٧

دەبێت بڵێین معاویة شانسی هەبووە کە زیاد بە " إبن أبیه " نـاسراوە و ناوی باوکی نـەهێنراوە، چـونکە زۆر وابووە بـڕیار لە سەر ئەوەش دراوە کێ بـاوکی کوڕی قـەحبەیەک بـووە، لێرەدا " قائف"ی پسپۆڕ هـەبووە، کە زۆر شتی کردووە، بە نموونـە قوڕەیش بەکاریان هێناوە شوێنی ڕاکردنی پێغەمبەر لە " مکة " بدۆزێتەوە . قائف بە عیلمی قیافە، قافە( شبیە)ی دۆزیـوەتەوە : سەیری شکڵی پیاوانی کردووە و بڕیاری داوە کە منداڵیقەحبەکە لە کێیە و، ئەوە قەبووڵ بووە

و پیاوەکە و قەبیلەکەی بڕوایان پێ‌هەبووە و سەلماندوویانە . تەنانەت قسە هەیە کە پێغەمبەریش لە حاڵەتێکدا بۆ سەلماندنی باوکێتیی کەسێک قائفێکی بەکارهێنابێت( باوکێتیی زید بن حارثە بۆ أسامە ـ کە أسامە ئیتر چیرۆکی زۆرە) .

دیارە وردەکارییەکانی شێوەی بەجێهێنانی قانوونەکان پێش ئیسلام رەنگە قەت نەزانین، چونکە قانوونە" رەسمییەکان "ی ئەخلاق و ناموس، بەشی هەرە زۆریان لە واقیعی قانوونی" ژیانی راستەقینە"ی زۆربەی خەڵک دوورن، زۆریان هەر وا قسەی خۆیان بۆخۆیان دەکەن .

قانوونەکانی چارەسەرکردنی زۆر لە کێشەکانی ژیانی مرۆڤ، کە ئێمە لێرەدا ژیانی جنسیی بەنموونە باس دەکەین، تا لە پێوەندیی ماددیی تەبیعەت نیزیکتر بن، واتە لە درۆکردنی مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ( کە مرۆڤ بەشێکە لە تەبیعەت ) دوورتر بێت، واتە هەنگاوێک لە چارەسەر نیزیکتر بووەتەوە؛ چەندەش مرۆڤ خۆی بێ‌عەقڵ بکات و لای وابێت بە قانوونی ناتەبیعی دەتوانێت لە تەبیعەتدا بمێنێتەوە، تەبیعی کە بە پێچەوانە بە سەریدا دەشکێتەوە و پتر لە زەلکاوی ئەو شتە رۆدەچێت کە لای وایە ئەو قانوونانەی بۆ لێ‌دەرچوونی داناون . دەبێت بزانێت چۆن لە چوارچێوەی تەبیعەتدا دەگونجێت، چۆن کارەساتەکانی تەبیعەت بە قازانجی خۆی کاناڵیزە دەکات، ئەینا ئەگەر سوور بێت لەسەر دەقی قانوونێکی " ژیانی ناتەبیعی"، ئەوا تەبیعەت وای لێ‌دەکات تێر گاڵتە بە ئەو شتە بکات کە مرۆڤەکە خۆی ناوی ناوە : قانوون و ناموس و نازانمچی .

ئێمە، بۆ لێکۆڵینەوە، لە سایەی سەرچاوە نووسراوەکانی وەکو " التیفاشی " و " الجاحظ " و شاعیرانی وەک " أبو نواس" و " خلف الأحمر" و" والبە بن الحباب" و ... سەدان سەرچاوەی تر دەتوانین وردەکارییەکانی واقیعی ژیانی عارەبی مسوڵمانی ئەو سەردەمانە بزانین تا بە ئەوەندە واقیعی ژیانی عارەبی پێش ئیسلامی کە لێ ئاگادارین بەراورد بکەین، دیارە ئێستاش بە چاوی خۆمان دەبینین . نەتیجەی بەراورد زۆر روونە : عارەب پێش ئیسلام پتر رێزی لەو قانوونانە دەگرت کە بۆخۆی دانابوون، عارەبی مسوڵمان نەیتوانیوە هیچ رێز لە ئەو قانوونانە بگرێت کە لافی لێ‌داوە، کردوویە بە گاڵتەجاڕێک کە ئەوسەری دیار نەبووە، نە یەک رۆژ و نە دوو رۆژ، نە یەک ساڵ و نە دوو ساڵ، نە سەد ساڵ و نە دووسەد ساڵ، ئەوە ١٤٠٠ ساڵە

ئاوا دە قوڕ ڕۆدەچێت و ڕێگەیەکی زۆری لەپێشە تا بە سەردەمی پێش ئیسلام دەگاتەوە ...
ڕاستگۆیی ژیانی پێش ئیسلام مەگەر هەر لە خەوندا ببینێت، ئەگەر توانای خەون دیتنیشی پێوە مابێت .

أبو نواس، کە نیزیکی بارەگای سوڵتان و خەلیفەی مسوڵمانان بووە، ماوەیەک " مؤاجر" بووە ( مێردمنداڵی قەحبە)، بە شیعر باسی گەووادەکەی خۆی" حمدان بن بشر"ی کردووە و، کاتێك کە" والبە بن الحباب "ی مامۆستای بەسەرییەوە بووە، کردوویە، ئەو شیعری بۆ هاتووە تاکو باسی بکات چۆن والبە دەیکات، والبە تووڕە بووە : هەتیو جا توخوا ئێستا کاتی شیعرە ؟

أبو نواس، دواتر، کە پیاوێک بووە و زۆرتری شەو و ڕۆژی لە خزمەت سوڵتان و خەلیفەی ئیسلامدا بووە، مێردمنداڵێکی لە کۆلانێکی بەغدا دیتووە، حەزی لێ کردووە و سەودای لەگەڵ کردووە و بردوویە و کردوویە . لە هەموو ئەو پرۆسەیەدا، نە خۆی و نە کوڕەکە، تاقە یەک وشە یا تەنانەت یەک پیتیان لە دەرەوەی ئایەتەکانی قورئان بە یەکتر نەگوتووە، لە هەموو شتێکدا، بەنموونە : کاتێک أبو نواس ویستوویە کوڕەکە قوونی بەلایەکدا ببات، لە سوورەتی " آل عمران" پێیگوتووە : الذین یذکرون الله قیاما و قعودا" و علی جنوبهم". کوڕەکە کردوویە و لە سوورەتی هود گوتوویە : إرکبوا فیها بسم الله مجراها و مرساها . زەلامێک دیتوونی و ئەویش هەر بە قورئان داوای بەشی خۆی لێکردوون : فکلوا منها و أطعموا البائس المسکین ( سوورەتی " الحج") و ... ئیدی .

کتێب بە ناوی فەرموودەی خودا بۆ خەڵک هێنراوە بەڵێ، بەڵام ئەوەتا کەسێکی دۆستی سوڵتان و خەلیفەی مسوڵمانان، یەکەم دەسەڵاتی بەجێهێنانی قانوونەکانی ئەو کتێبە لەسەر زەوی، خۆی و ئەو کوڕە و ئەو زەلامەی بەسەریاندا هاتووە، ئایەتەکانیان ئا بە ئەو جۆرە بەکار هێناوە .

٨

ئەو هەمووە فەزیحەتانەی ئەبو نواس و ناودارانی تریش هیچ لە گەورەییان کەم دەکاتەوە ؟ خەڵکی سەردەمی ئەوانە کارێکی بێئەخلاقییان کردووە کە باسی ئەو فەزیحەتانەیان لە سەردەمی خۆیاندا و بۆ دوازدە سەدەی لەوساوەش تۆمار کردووە ؟ دەبوو ئەو حەقیقەتانە

بشـارنەوە تاکو بە ئێمە نـەگـەن ؟ نـەدەبوو ئێمە لە مێـژووی نـاودارانی ئـەو سـەردەمە ئـاگادار بووینایە ؟ دەبـوو کەسانێکی وەکو " حـوزنـی موکریانـی " مێژوویەکی تـریان لەخـۆیانەوە بـۆ هەڵبەستبانایە ؟

لە"مێژوویئەدەبیاتی فەرەنسی"دا، مێژووی ژیانی ناودارەکان دەخوێنینەوە چەندیان هاوجنس- گەرا بوون، چـەندیان ژنباز بوون و چـەندیان خەریکی چۆن کارانێک بوون کە بە فـەزیحـەت دانراون و ئێستاش قەبووڵ نین و سـزای قانوونیان لەسەرە ( ئاندرێ ژید لە تەمەنی ٤٧ سـاڵیدا نێـوانی جنسیی لەگەڵ کوڕێکی پـازدەسـاڵاندا هـەبووە) . ئـەوانەی ئـەو مێژوویـەیان نـووسـیوە تـەوهین و خیانەتیان بە فـەرەنسا کـردووە ؟ " مرۆڤ" نـابێت ئەو رەوشـتانەی هـەبن ؟ ئێ دە دیارە ئـەوانە هـەیانبووە و بـۆیان تـۆمار کراوە، دەبوو هـەمووی بشـاردرانایەتەوە ؟ مێـژووی مرۆڤ دەبێت لە حەقیقەتی مرۆڤ دوور بێت ؟ رۆشنبیر دەڵێت : نـووسینی حـەقیقەت پێویستە و، دەبێت حەقیقەتی ناوداران و زۆرترینی خەڵکی کە بکرێت لە هەر سەردەمێکی مێژوودا بۆ نـەسلەکانی داهاتوو تـۆمار بکرێن و لە کتێبخانەدا هـەبن . کەواتە ئـەگەر منیش شتێکی وەها لە ژیانی هـەژار یا هەردی یا شێرکۆ بێکەس یا حـەسەن زیرەک یا ... هەرکەس بزانم بینووسم ؟ تەبیعی کە خەڵکیئاسایی ئەو شتانەیان بۆ هەزمناکرێت، بەڵام ئاخر مەگەر کوردیش رۆشنبیر- ی نیە تاکو بڵێت پێویستە شتی وا بکەیت ؟ نازانم، دەکرێت هەیبێت، بەڵام ئیتر من پێی نـازانم!

٩

رۆشنبیر دەبێت قازیی دادگایعەقڵ بێت، کاتێک دوو لایەن بە عەقڵیجیاوازی خۆیان شتێکیان دەوێت، دەبێت دادگای رۆشـنبیر بتوانێت حـوکم بدات داوای کامەیان قـەبووڵە . دادگا دەبێت بە بێلایەنی لێبکۆڵێتەوە . بۆ عـەقلی مرۆڤی سەر زەوی، هەوڵ بدات بە خەیاڵ خۆی بە خەڵکی هەسارەیەکی تر دابنێت، لە گڵۆڵەی روانگەی دوو لایەنەکە نەگلێت تاکو بزانێت عەقڵی ئەوانە بە چ لۆجیکێک کێشە دەنێتەوە .

مسوڵمانێک دێت و دەڵێت : قـوربان دەمانـەوێت ئیسـلام حوکم بـکات . بۆچی ؟ چـونکە دینێکی بـاشە . لە کەیەوە هـەیە ؟ لە ١٤٠٠ ساڵەوە هەیە . ئـەوجا بە ئەو ١٤٠٠ سـاڵە هیچی لە ژیـانی

مرۆڤ باشتر کردووه و پێداویستەکانی جێبەجێ کردوون ؟
دادگا دەستەیەکی پسپۆڕانی مێژوو بانگ دەکات بڵێن دنیا پێش ئەو دینە چۆن بوو و دوای ئەوە چیی لێهات . پسپۆڕان زۆر بە روونی باسیدەکەن کە چۆن کۆمەڵگەی عارەب پێش ئیسلام، بەتایبەتی بۆ باسی پێداویستیی جنسی چەندە لەگەڵ قانوونەکانی تەبیعەتدا پتر دەگونجا و کارەساتی ١٤٠٠ ساڵی کۆمەڵگەی عارەبی دوای ئەوەش باسدەکەن .
مسوڵمانەکە دەڵێت : قوربان، ئەوە هەمووی راستە بەڵام خەتای دینەکە نیە، دینەکە باشە، خەتای ئەوەیە کە مرۆڤ لەسەر دینەکە ناڕۆن .
کەواتە : دینەکە بە کەڵکی مرۆڤ نایەت، وا دیارە نەدەبوو ئەوەندە باش بوایە، تاکو بە کەڵکی مرۆڤ بهاتایە . تۆ کە مرۆڤت پێ حەیوانێک بێت کە بە ١٤٠٠ ساڵ نەیتوانیوە لە سەر ئەو قانوونانەیتۆ بڕوات، نە ساڵێک و نە دووساڵ وازت لە شتێکی باش نەهێنا کە دیتت بە کەڵکی مرۆڤایەتیی خراپ نایەت ؟ ئێ مردووت نەمرێت، تۆ سەیری ئەو دینە جوان و پیرۆزەی مارکس بکە : هەموو چەوساوەکانی دنیا، بە بێ جیاوازیی نەژاد و مێژوو و جوغرافیا و فەرهەنگ و...هەرچی،جیاوازییەکانتان وە لا بنێن و ببن بە یەک دەست لە بەرانبەر چەوسێنەرانتان، ئەو چەوسێنەرانەی مرۆڤانی سەر زەوی، هیچ لەوە پیرۆزتر هەیە ؟ ئێ دە ئەوەتا " لینین"ێک بوو بە پێغەمبەری و پرۆگرام و پێڕەوی ناوخۆی بۆ دانا و تاقیکردەوە، کۆمەڵگە پێیشاد بوو، بەڵام دوای حەفتاوچوارساڵێک تاقیکرانەوە دیتیان ئەوە نەبوو کە لە چەوسانەوەیان رزگار بکات، لەدواییدا هەر بوو بە گۆڕینی چەوسانەوەیەک بە یەکی تر، ئیتر وازیان لێ هێنا . عارەبی مسوڵمان ئێوە هیچ"ئەخلاقی جنسی"ی خۆتان لەم١٤٠٠ساڵەدا بەوەی سەردەمی پێش ئیسلام بەراورد کردووە ؟ ئاخر شەرم لەو بەرەو دواوە رۆیشتنەتان ناکەن ؟
دیسان : ئاخر قوربان ئەوە خەتای دینەکە نەبووە، خەڵک لەسەری ناڕۆن .
ئاخر رۆڵە، وای دابنێ مرۆڤ گورگ یا شێرێکی دڕندەیە، تۆ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت لەگەڵیدا بە بیردا دێت و، دەچیتە قەفەسەکەیەوە و پەلامارت دەدات لەجیاتی ئەوە کە بە قسەت بکات و دەرسی سێرکت لێ فێر بێت، ئەمە مانای ئەوە نیە کە ئەو رێگەیەی کە بیرت لێ کردبووەوە لای ئەو کار ناکات ؟ تۆ بۆخۆت هەرچی لە سەرتدا هەبێت، چەند بە جوان و پیرۆزی ببینیت،

ئەوا بە چاوی خۆت دیتت کە بە دەردی ئەو شێرە ناخوات . تۆ ١٤٠٠ ساڵ دینە باشەکەی خۆت لە قەفەسی کۆمەڵگەی مرۆڤی دڕندەدا - کە گوێت لێ ناگرێت – تاقیکردەوە، نە مرۆڤ - کە خراپە - لەسەر ئەو دینە چاکەی تۆ دەڕوات و نە ئەو دینە نازدارەی تۆ شایانی ئەو مرۆڤانەیە ...ئێ دە دەست لە یەخەی بەردە برا، خۆ بە زۆر نیە، گورگە و بە قسەت ناکات، بیرێک لەوە بکەوە ژیانی گورگەکانی ئەوروپا بە بێ ئەو دینە جوانەی تۆ چۆن هەڵدەسووڕێت، ئەوە باشتر نیە ؟ با لە دڵی خۆتدا هەر کتێبی دینەکەی خۆت لا پیرۆز بێت، منیش مارکسیزمم هەر لا پیرۆزە، بەڵام ئاخر ئێمە دەبێت لابراتوار( مختبر، ئەزموونگە)ی ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤ ( تۆی مسوڵمان ناوی بنێ کۆمەڵگەی گورگ یا هەرچی، کە گوێ لە شتی باشی تۆ ناگرێت، کەیفیخۆتە) سەیر بکەین و لەوەدا نموونەی باشترەکە وەربگرین و واز لە کوتانی ئاسنی سارد بهێنین .

١٠

" التیفاشی" (١١٨٣-١٢٥٣)، قازییەکی خەڵکی باکووری ئافریقا بووە و لە دواییدا چووەتە میسر و لە قاهیرە کۆچی دوایی کردووە . رەنگە پتر لە دە کتێبی نووسیبن ." رجوع الشیخ إلی صباه في القوة علی الباه"ی پۆرنۆی زۆر بەناوبانگ کە لەسەری نووسراوە : ابن کمال باشای تورک بە راسپاردەی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی ( سەدەی پازدە) نووسیویەتی، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی زانایەکی گەورەی ئەڵمان Carl Brockelmann و مێژووی جۆرج سارتن Sarton ( ئەمریکایی بە ئەسڵ بەلجیکی) نووسینی ئەم " التیفاشی"یە بووە، نەک ئەو تورکە، زۆر وێدەچێت وا بێت .

التیفاشی پسپۆڕی زۆر شت بووە : زمان و ئەدەبیات و مێژوو و جوغرافیا و گەوهەرناسی و ...ئیدی، بەڵام لە هەمووی پتر سێکسۆلۆجێکی بلیمەت بووە، هەموو پۆرنۆی سەدەی بیستەمی ئەوروپا وێکڕا بە ئەو"رجوع الشیخ ..."ـەی ئەو ناگات . کتێبی تریشی بۆ سێکس هەن : چۆن سێکس دەکەیت ( مقدمة الجناح في النکاح) و، ئەم تۆمارەی مێژووی ژیانی جنسیی - زۆرتر- سەردەمی زێڕینی بەغدا و بەسرە و، ئەو هەمووە چیرۆکەی گەورەپیاوانی دەوڵەتی خیلافەتی

.

ئیسلامی، شتێکی ئێجگار زۆر گرنگە و، وەرگێرە ئەوروپاییەکان کە وەریانگێڕاوە، لایان سەیر بووە چۆن مرۆڤێک لە سەرەتاکانی سەدەیسێزدەدا توانیویە مێژوویەکی وەها بنووسێت . ناودارانی ئەو سەردەمانە، هێندە لە باسی جنسدا بێکێشە بوون، لێرەدا دەخوێنینەوە کە الجاحظ نووسیویە : میوانێکم هەبوو، شەو لای خۆم خەواند، هەر ئەوەندە بە خۆم زانی، دیتم دەیگام! بە دەیان چیرۆکی وەهای شاعیران و نووسەران و ناودارانی تر، کە هەر وەک باسی ئەوەت بۆ بکەن نیوەڕۆ چییان خواردووە ...بەڵێ من ئەوەم کرد و ئەوە منی کرد و هەرتکمان فلانمان کرد و فلانێش هەرتکمانی کرد و ... وەک هەر خەریکی کرد و کردوو بووبن، زۆر سەیرە . ئێ ئەگەر " دین"ی ئیسلام بەوە بڵێت " فسق و فجور"، ئەوا ئەو ناودارانەی ئیسلام، کە شتی زۆر ئاینی و هێندێکیان تەفسیری قورئان و حەدیسیشیان نووسیوە و، هەرچی دەیڵێن دەبێت بە ئایەت و حەدیس و سوبحان الله جل جلاله بێت، لە سەردەمی دەوڵەتی ئیسلامیدا ئەو شتانەیان لێ دەگێڕنەوە کە ناکرێت هیچی راست نەبێت، خۆ شیعرەکان دەناسرێنەوە و ئەگەر درۆشیان تێدا بن، هەر ئەوە کە کتێبێکی سەرەتای سەدەی سێزدە وەهای لە سەرچاوەی نووسراو و لە خەڵک وەرگرتووە، خۆی لە خۆیدا زۆر دەڵێت . ئێ دە عارەب بە دەگمەن پێشئیسلام ئەوانەی زانیون .

ناوەرۆکی " نزهة الألباب ..." :

بابی یەکەم : فایدەکانی شەپازللە

بابی دووەم : جۆرەکانی گەووادانی پیاو و گەووادانی ژن و، قسەی خۆش و شیعر و چیرۆک و باس لەبارەیانەوە .

بابی سێیەم : مەرجەکانی" زنا"کاران و نیشانەکانی قەحبان .

بابی چوارەم : ( حەوت سنفی ) قەحبەی " المتبذلات " و شیعر و چیرۆک و قسەی خۆشی دەنگوباسیان .

بابی پێنجەم : " زنا"کاران و باس و خواسیان و شیعر و ئیدی .

بابی شەشەم : مەرجەکانی " لوطی"یەکان و نیشانەکانی " مؤاجرین" (مێردمنداڵی قەحبە) .

بابی حەوتەم : دەنگوباس و چیرۆک وشیعری خۆشی دنیای لوسکە حیزەکان .

بابی هەشتەم : دەنگوباسی خۆشی " لوطی"یەکان و شیعریان .
بابی نۆیەم : في أدب الدب و نوادر أخباره و ملح أشعاره . ( الدب : کەسێک پـاڵ کەوتووە و لە پـڕیکدا دیتوویە وا کەسێک بە سەرییەوەیەتی و دەیکات : بە ١٠ سنف دابـەشدەکرێن و، هـەر سنفە وردەکاریی خۆی هەن) .
بابی دەیەم : کردنی کچان بە شێوەی کردنی کوڕان و چیرۆک و شیعر و دەنگوباسیان .
بابی یازدە : سحاق ( پێوەندیی جنسی نێوان مێ و مێ ) و چیرۆک و دەنگوباس و شیعریان .
بابی دوازدە : نێرەمووک( المخنثین و المخنثات) و چیرۆک و دەنگوباس و شـیعریان( ٨ سنفی سەرەکی) .
ئێ کوا عارەبیعارەبستانی پێش ئیسلام ئەو شتانەیان هەبوون ؟ من ئاگام لێ نیە سەرچاوەیەک لە دنیادا باسی هەبوونی" گەوواد" (وشەی قواد)ی لە زمان و ئـەدەبیاتی پێش ئیسلام کردبێت .
من لە مێـژووی هیچ دەوڵـەتێکی دنیادا، جگە لە دەوڵـەتی خیلافـەتی عەباسی، باسی هـەبوونی وەزارەتێکم بە ناوی " وزارة الجواري و الغلمان" نـەدیتووە .

## ١١

## نەتیجەگیریی کۆتایی

رۆشنبیر مرۆڤێکە بەمجۆرە لە دنیا و ژیان دەنۆڕێت کە :
مـرۆڤ ملیۆن ساڵێکە هەیە، کە ئاوڕ لە ژیننامەی خـۆی دەداتەوە، دەستی بە هێندێک تـۆماری دەوری دە هەزارسـاڵێکی تا ئێستای دەگات، دەبینێت : چەندین دینی بۆخۆی دروست کردوون، کتێبی نووسـیون، چـەندین بـەرهەمی هونەر و ئەدەبیات و زانستی هەبوون و نەزمی جیاوازی ژیانی خـۆی و پێوەندیی بە غـەیری خـۆیەوە تـاقیکـردوونەتەوە، کە بە هـەمـووی دەگـوترێت فەرهەنگ . بە حوکمی تەمەنی کورتی، هێشتا پرسیارەکانی زۆر لە وەڵامەکانی پترن و،هێشتا رێگەیەکی زۆری لەپێشە تا بەوە دەگات فەرهەنگی ژیانی لە زۆر وەحشیگەری بـژار بکات و باشترین شێوەی ژیانی کە لە تەبیعەتدا لەتوانادا بێت بدۆزێتەوە .
مرۆڤی رۆشنبیر ئەوە دەزانێت و، دەزانێت کە هەرچی تێدا دەژی کاتییە و قۆناغێکی تاقیکرد-

نەوەیە . ئێمە بۆ ئەوە شکڵیخێزان و نێوانیجنسیی مرۆڤیعارەبمان لێرەدا بە نموونە هێنایەوە، کە سەردەمێک چۆن بووە و دوای ئەوە و تا ئێستا بە چی گەیشتووە : لە تـاقیکردنەوەدا وا بووە زۆر شتی خراپی وازلیّهێناون و، واشبووە ئەو شتانەی بە شتی زۆر خراپتر گـۆڕیونەتەوە و بە بیّعەقڵیی خۆی زۆر شتیخراپی دە ملی فەرهەنگی کردووە . زانست هێشتا زۆر لە سەرە- تـادایە و، ئێجگارزۆری ماوە مـرۆڤ بە هـەمووی بگات و، مـرۆڤ ڕێگەیەکی تری بۆ پەرە- سەندن و باشتربوون جگە لە " زانست" لە پێش نیە . رۆشنبیر، مرۆڤێکە لە " لەحزەی ئێستا " پتر سەیر دەکات، شتەکان هەم لە " تێکڕایی"یاندا دەبینێت ( ریشـەی مێژوو و جـوغرافیا و ... لە هەموو روویەکەوە) و هەم لە بەشە وردەکانیدا، دەزانێت کە ئەو ڕێبوارێکە و بە ڕێـگەوەیە، دەیەوێت بـزانێت لە سـەرەتای ڕێگەکەوە چـۆن بە ئێرە گەیشـتووە و بیر لەوە دەکـاتەوە بـەرەو کویّ بڕوات . رۆشنبیر دەزانێت کە ئەویش وەکو زیندەوەرانی تر بەشێکە لە تەبیعەت و دەبێت تەبیعەت تێبگات تاکو بزانێت چۆن تێدا سەرکەوتوو دەبێت .

١

نـازانم هەژار پێش چوونه بـەغدا چەندی لە زمانی عارەبی زانیوە، رەنگە - بەلای کەم شتێکی لە - " نحو" (رێزمان) ی عارەبی زانیبێت، ئەو زانیارییەی لە " معلقات "یش هـەیبوو، رەنگە هی پێش چوونه بەغدای بووبێت .

لە تەمەنی ١١-١٢ ساڵیدا بووم، هەژار دوو" معلقة "ی " إمرؤ القیس " و" طرفة بن العبد " و نیوەی " معلقة "ی " زهیر بن أبي سلمی "شی پێ لەبەرکردم، هەر رۆژە هەشت دێرم لەبەر - دەکـرد و دەبـوو بێ وەستان و زۆر راسـت و رەوان بـۆی بڵێم و، مانای وشـە بە وشـە و مانای تێکڕای هەر دێڕەیم بە کوردی بزانیبا . ئێستا دەڵێم کاتێک ئەو دەرسانەی پێ دەگوتم، چۆن بوو قەت جارێک سەیری قاموسی نـەکرد ؟ ئاخر زمانی ئەوانە ئیدی پڕە لە شتانێکی کەرەستەی مووزە، وشەی مردوون : ذي عقاف عقنقل و ترائبها مصقولة کالسجنجل و ... زمانی جندۆکان بوو، ئەوە ئیدی زەینی نائاسایی " پارا نۆرماڵ" ی هەژار بوو بۆ لەبەرکردن .

بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو عارەبییەی کە ئەو سەرەتای چوونە بەغدای زانیویە، بەشی خوێندنەوەی هیچ کتێبێک یا گۆڤارێک یا رۆژنامەیەکیعارەبیی نەکردووە، هەرچی لەوانەیخوێندووەتەوە، لە سایەی ئەو عارەبییەوە بووە کە لە بەغدا خۆی فێرکردووە .

ئەوجا دوای ئەوە، شانسێکی گەورەی لەوەدا بوو کە چاپکراوەکانی" دار الهلال" و"مطبوعات کتابي"ی میسری لە بەغدا دەستدەکەوتن . ئەوانە و کتێبخانەی خەستەخانەی لوبنان نەبوونایە، رەنگە هەژار زۆر کەم هیچ ئاگایەکی لە ئەدەبیاتی غەیری کوردی و فارسی هەبوایە . هەژار، بۆ خوێندەواری، قەرزداری ئەوانەیە .

٢

هەژار لە " چێشتی مجێور"دا باسی ئەو کتێبانە دەکات کە لە خەستەخانەکەی لوبنان خوێندوو- نییەوە، کە ساڵی ١٩٤٨چووە لەو خەستەخانەیە کەوتووە و، دوو ساڵ و١٠رۆژ تێدا ماوەتەوە .

لەوێ، زۆری لە کتێبەکانی کتێبخانە دەوڵـەمەندەکەی ئـەو خەستەخانەیە خـوێندووەتەوە . دوای ئـەوەش، لە نێـوان ١٩٥٠ و ١٩٦٣دا لە بـەغدا زۆرتر هـەر لە بـڵاوکراوەکانی کتاب الهلال و دار الهلال و مطبوعات کتابی خوێندوونەوە . دوای ئەوە، خوێندنەوەی دەکرێت بڵێیت نەما، تا ١٩٧٥ چووەوە رۆژهەڵات و لەوێوە بۆ کەرەج، ئیدی ئاگام لە خوێندنەوەی کەرەجی نیە .

" دار الهلال"،" جورجی زیدان"ی بلیمەتی لوبنانی کە بۆ خوێندن چووبووە میسر و تا کۆتایی ژیانی ( ١٩١٤) لەوێ مابـووەوە، ساڵی ١٨٩٢ دایمـەزراندبوو، وێـرای گـۆڤاری زۆر چـاکی " الهلال" ی مانگـانە، کە هـەمووجۆر باسی تێدا بوو، بە دەرهێنانی وەک کتێبێک دەردەچـوو، دوو زنجیرەی مانگانەی تریشی هەبوون : کتـاب الهلال و روایـات الهلال، کە ئەوانیـش وەک کتێب دەردەچـوون و، رۆمان بـوون . ئەوانە دوای "جورجی زیدان"یش هەر مان، رەنگە ئەو " دار الهلال"ـە ئێستاش مابێت . من لە سـاڵانی شێستـەکانی سـەدەی رابـردوو، بە رێـکوپێکی هەموو ژمارەیەکی هەرسێکیانم دەکڕی . هەژار هیچ لەوانەی لە ماڵ نەبوو،بەڵام لە ساڵانێکی زووتـرەوە نـازانم لە دوای کتێبخانەکەی لوبنان لە کوێی خـوێندبوونەوە، هێندێک لەوانەشی کە من دەمکڕین دەخوێندنەوە . ( من گۆڤاری " العربي"ی کـوێتی و" الشعر"ی "یوسف الخال"ی لوبنانی- وادەزانم لە میسرەوە دەهات- یشم دەکڕین، بەڵام هەژار ئەو ماوەیە زۆرتر لە چیا بوو و کە نـاو بە نـاو دەشهاتەوە خـۆی دە ئەو دووانە نـەدەگەیاند، دەیدیتن کە من لە ماڵ هـەمبوون، بەڵام نەیدەخوێندنەوە) .
لە پاڵ کتاب الهلال و روایات الهلال، شتێکی تریش لە میسرەوە دەهات :" مطبوعات کتابی "، ئەویش مانگانە و بە شێوەی کتێب بوو( من ئـەویشم دەکڕی)، لاپـەرەکانی لەوەی دووەکەی تـر بچووکتر بوو و، پیتەکانی وردتر بوون و، زۆرتر وابوو ژمارەی لاپەڕەکانی لەوەی ئەوان پتر بوو . کتاب الهلال و روایات الهلال و مطبوعات کتابي وێکڕا، هـەموو مانگێک سێ رۆمانی ئێجگار زۆر چاکیان بڵاودەکردنەوە، باشترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی ئینگلیسی و فـەرەنسی و رووسی و ئەمریکایی و یونانی و ئیتالی و... ئیدی، تەنانەت وا دەبوو هی چیرۆکی" چین"یش، وێرای رۆمانەکانی " جورجي زیدان" خۆی کە مێژووی ئیسلامی بە رۆمان دارشتبوون . من

ئێستا ١٠ لەو رۆمانانەم هەن، ١١ بوون بـەڵام یەکێکیان(صلاح الدين الأيوبي)م دا بە دۆستێکم ( کە تێدا بـاسی ئەوە دەکات عارەبی میسر چۆن بە دەست کـوردەکانی سـەلاحەدینەوە وە زاڵـە هاتبوون). ئێستا دوو کتێبی تری زانستی زمانیشیم هەن، جورجی زیدان دەیانگوت فـراماسـۆن بوو، بلیمەتێک بوو، زانایەکی نائاسایی ئێجگار زۆر گەورە کە ئێستاش کتێبەکانی بە دەرس لە زانکۆکان دەخوێندرێن . لە بڵاوکراوەکانی ئەوانە : بیرل بیک ( پێرل بەک )، سـومرست مـوم (سۆمەرسیت مۆم)، تۆلستوی، بلزاک ( بالزاک)، تشیخۆف ( چیخۆڤ )، هۆمیروس، ڤیرجیل، دوما، شتاینبک، نـابۆکۆڤ ... بـەوجۆرە ئەوانە مانگ دوای مانگ و سـاڵ دوای سـاڵ، ئا وەها ئەدەبیاتی دنیایان بە زمانیعارەبی دەگەیاندە خوێنەرانیان . وادەبوو کتێبێکی"مطبوعات كتابي" زۆر گـەورە دەبـوو، وەک " الإنياذه "ی ڤیرجیل، " الإلياذه "ی هۆمیروس، دەیانکرد بە چـەند بەرگ و هەر بەرگەی بۆ مانگێک بوو .

٣

هەژار، لە شیعری" بدر شاكر السياب" و"عبدالوهاب البياتي"یش ئـاگادار بوو، بەڵام من ناوی " نازک الملائكة " و" بلند الحيدري"( کاک بڵند حەیدەریی کورد) م لێ نـەبیستووە ( کە ئـەو چوار شـاعیرانە دەورێکیان بۆ ئـەدەبیاتی نوێی عـارەب هـەبوو دەکرێت بەوەی شێخ نووری و گۆران لە ئەدەبی کوردیدا بـەراورد بکرێت) . کەیفی بە جەواهیری نـەدەهات ( کە جارێکیش جەواهیری لە سلێمانی زێدە چەپڵەی بۆ لێدرا، ئیدی ئەوەندەی دی لای رەزاقورس بوو) .
چـەند دێڕ لە شیعرێکی بەناوبانگی" محمد صالح بحرالعلوم "ی لەبەر بوو : " أين حقي ؟"، وا دەبـوو لەبـەرخۆیەوە ئەم دێڕەی دەگـوتەوە :" و بباب الكوخ كلب الشيخ يعوي أيـن حقي ؟ " لە بـەر دەرگای کۆخ، سـەگی شیخ ( دەرەبـەگی عـارەب) دەوەڕێـت دەڵێت : کـوا هـەقی مـن ؟ ( کە کـۆخەکە هی لاوێکە لە میری نـاو کۆشـک هێژاترە، بـەڵام رۆژانە لە نـانێکی کەمی دوو لە سەر سێی خـۆڵ و ئـەوەکەی تری جۆ پتری نیە، سـەگی شێخـیش وا پێی دەوەڕێـت و داوای هەقی لێ دەکات) . ئـاگاداری شاعیرە زیندووەکانی میسری ئـەو سەردەمە نەبوو ( ئەوانەی کە هەر تەنیا بە شاعیر ناسرابوون،" العقاد"ێک جارێک شیعرێک دەڵێت ئەوە جیایە)،لە مردووە-

کانیش من هەر ناوی"أحمد شوقی"یم لێ بیستووە، کە بە لای کەم زۆر هۆگری شیعری‌شانۆی "مجنون لیلی"ی بوو، هێندێک جار ئەوەی دەگوتەوە :

" قیس إمض قیس إمض

جئت تأخذ نارا أم تری جئت تشعل البیت نارا " .

کاتێک مەجنوون بە بەهانەی داوای ئاگر دەچێتە بەر خێوەتی ماڵی مامی و، مام دەبینێت قسەی ئەڤین لەگەڵ کچیدا دەکات، پێی دەڵێت : قەیس بڕۆ، هاتوویت ئاگر بەریت یان هاتووی ئاگر دە ماڵ بەر بدەیت ".

لام وایە ناوی زۆر گرنگی وەک " محمود سامي البارودی"ی ئاگا لێ نەبوو . بە هەمان شێوە، لە لوبنانییەکان ئاگاداری جبران خلیل جبران بوو، بەڵام کە جارێک لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆن باسی" میخائیل نعیمة " دەکرا، وێ دەچوو ئاگادارییەکی لێ نەبووبێت، نازانم ئەگەر لە" بشارة الخوری" ی ئاگادار بووبێت، کە " إسمهان" شیعری بە گۆرانی گوتووە :

إسقنیها بأبي أنت و أمي - لا لتجلو الهم عني أنت همي

بمدەرێ بیخۆمەوە بە دایک و بابم بیت

نەک بۆ ئەوە کە خەمم لەسەر لابەریت، تۆ خەمی منیت .

بە گشتی، هەژار ئەوەی بە رێکەوت بەرچاوی کەوتبوو دەیزانی، دەنا بەتایبەتی وەدووی هیچ بزووتنەوەی ئەدەبیاتی عارەب و شاعیرەکانیان و ئەو شتانەوە نەبوو . وا رێك نەکەوت کە لە "عبدالله البردونی"ی یەمەنی ئاگادار بێت، ئاگای لە - بڵێین - شاعیرانی عارەبی باکووری ئافریقا یا سوودان (الفیتوری) نەبوو ." طه حسین"ی باش خوێندبووەوە،" رقی لە "العقاد" بوو ( العقاد دەیگوت دایکم کورد بووە)، وا دەبوو جنێوی پێدەدا : ئای ئەو سەگبابە بە " ماکسیم گۆرکی" دەڵێ : صعلوک! ... بابت صعلوکە! ( صعلوک لە ناو عارەبدا بە کەسێکی لات و چەتە و یاخی و بێ ماڵ و حاڵ گوتراوە، لە ئەدەبیاتیاندا شوێنێکی هەیە : " عروة بن الورد "ی شاعیر ٥٤٠-٦٠٧ بە صعلوک ناوبراوە، دەڵێن وەک" رۆبن هود" دەوڵەمەندی تاڵان کردوون و تاڵانەکەی بۆ هەژاران بردووە؛ بەڵام ئیدی بووە بە جنێویش). هەژار حەتمەن ئاگادارییەکی لە"أبو العلاء المعري"هەبوو، بەڵام نازانم چیی لێخوێندووەتەوە، ئەگەر هیچی لێخوێندبێتەوە

( دێڕێکی لێ وەرگێڕاوە، بەڵام ئەو دێڕە زۆر بەناوبانگە) .

٤

ئـەوەی بە بیریدا هێنام ئەم باسە بنووسم، " ئەبو نواس" بوو، چـونکە ئەبو نواس بە تـەنیا خۆی لای هەژار لە لایەک و هەموو ناودارانی تری ئەدەبیاتی عارەب، تەنانەت بە " الجاحظ"یشەوە کە هەژار زۆر هۆگری بوو، لە لایەکی دی بوو . ئای کە شێت و شەیدای ئەبو نواس بوو .
من، لێرەدا داوای لێبـوردن دەکەم کە رەنگە دڵی کەسـانێک بەم قسـەیەم بـڕەنجێنم، بـەڵام ئیدی ئەگەر نـەیڵێم وا هەست دەکەم هیچم لەو باسەدا نـەگوتووە و، دەشمەوێت بڵێم : پێم وایە، خەیاڵ بۆ هەژار لە بەغدا لەوە خۆشتر نەدەبوو، کە لە پڕێکدا چاوی بکردایەتەوە و،وەکو لە چیرۆکە-کانی هەزار و یەک شەودا، بە خۆشی نەزانیایە چۆن وا لە سەردەمی " هارون الرشید "دایە و لە کۆڵانێکی تـەسکی بـەغدا لووتی بە لووتی کەسێک دەتـەقێتەوە، کە ئـەو کەسە پێیدەڵێت :
مـەگـەر نازانیت من کێم ؟ تۆ کێیت ؟ من " ئەبو نواس"م!
(... ئیدی ئازایەتییەکەی منیش لێرە تەواو دەبێت! )
ئەبو نواس هەژاری لەگەڵ خۆیدا بۆ کوێی"کرخ "ی بـەغدا دەبرد، سەری بە چ ماڵە جوویەکدا دەکـرد نـازانم ( کە لە شـیعرێکیدا باسـی شتێکی وەها دەکـات، چۆن دوای نیوەشـەوێک لەگەڵ هـەڤاڵێکیدا چـوونەتە یـەکێک لەو مەیخانانەی کەرخی بەغدا کە حـەتمەن دەبێت قـەحبەخانەش بووبێت، ئێستا شـیعرەکەم لەبـەردەستدا نیە، بـەڵام بـە ئـەم مـانایـەیە، دەڵێـت : لە دەرگـامان دا، خاوەن مەیخانە لە پەنجەرەوە هاواری لێ کردین : ئـەوە کێیە بەم دوای نیوەشـەوە خـەومان لێ تیـکدەدات ؟ . گوتمان : بە قـوربانت بین، بۆ خـاتـری محـەمەدی پێغـەمبـەر بیـکەرەوە با بێینە ژوورەوە . گوتی : محـەمەد ؟ خۆ من مسوڵمان نیم . گـوتمان دە بـاشـە، بۆ خـاتـری عیسی بن مریم بیکەرەوە، گوتی : جا خۆ من مەسـیحییش نیم . گوتمان دە کە واتە بۆ خـاتری حەزرەتی مووسا بیکەرەوە) . رەنگە شیعرێکی وەهای بۆ بگوتایە :

ألا قوموا إلى الكرخ　　إلى منزل خمار
إلى صهباء كالمسک　　لدى جونة عطار

و بستان لە نهر لدى نخل و أشجار
فأطعمكم بە لحما من الوحش و أطيار
و إن أحببتم لهوا أتيناكم بزمار
و إن أحببتم نيكا فنيكوا ربة الدار

لەوە بە پارێزتر و کەمتر بێشەرمییەوە، ئیدی بۆ باسی ئەبو نواس نابێت .

" أبو نواس"( نواس، نوئاس، نەوواس) نازناوی" الحسن بن هانئ ٧٥٦-٨١٤" بووە ( لێرەدا واتە : ئەوکەسەی کە هێندێک لە مووی سەری بەسەر ناوچەوانیدا شۆڕبووەتەوە) . لە دایکێکی فارس کە لە خوزستانەوە پەڕیونەتەوە بەسەرەی عیراق، وا دیارە بە تەئسیری دایکی بووە کە زۆر رقی لە عارەب بووە . دایکی ویستوویە کوڕەکەی زمانی عارەبی باش فێر ببێت، بردوویەتە لای " والبە بن الحباب"ی شاعیری عارەب . والبە پێیگوتووە کە : رۆڵە، خەڵکی شارستان زمان نازانن، ئەگەر بتەوێت عارەبییەکی باش فێر ببیت دەبێت بچیت زۆر لە ناو عارەبی بیابان بگەڕێیت و لەوان فێر ببیت و ئەوجا بێیتەوە لای من و گوێ لە دەرسەکانم بگریت . ئەبونواس وایکردووە و، لە دواییدا عارەبی لە والبەی ماممۆستاشی باشتر فێر بووە و چووەتە بەغدا و بووە بە دۆست و خۆشەویستی سوڵتان و خەلیفەی مسوڵمانان .

ئەوەندەی من تا ئێستا توانیومە ئاگاداری ئەدەبیاتی دنیا ببم، بۆ شیعری باسی مەی، لە " ئەبو نواس" بلیمەتترم نەدیتووە . هەژار، چەند دێرێک لە شیعری وەرگێڕاوە . زۆر وادەبێت لە بەرخۆمەوە بە چۆکی خۆمدا دەکێشم و دەڵێم : ئاخ و سەد داخ هەژار، لە جیاتی ئەو " القانون " و مانوونەی ابن نازانمچی، بۆچی دیوانێکی"أبو نواس"ت وەرنەگێڕا سەر زمانی کوردی، سەد حەیف و مخابن .

هەر ئەوەندە ناوی ئەبو نواس لە مەجلیس بهاتەیە، هەژار تازە هەموو شتێکی تری دەخستە لاوە و چیرۆک بەدووی چیرۆکدا دەچووە دنیای ئەبونواسەوە، زۆر گەرم دەبوو و، ئیدی دەبوو بزانیت تازە ئەبونواس یەخەی گرتووە و بەری نادات . منیش زۆرم لە باسی ئەو سەردەمەی

بەغدای کۆن و ئەبو نواس خوێندووەتەوە، بەڵام هەژار هەمیشە چیرۆکی هەبوون کە من تەنیا هەر لەوم بیستوون و لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمدیتوون، دەمگوت خودایا هەژار ئەو چیرۆکا- نەی لە کوێ دیتوونەتەوە ؟

من یەکێک لەو چیرۆکانەیم لە کتێبێکمدا نووسیوە : جارێک زەلامێک لە بەغدا جنێو بە ئەبو نواس دەدات، بەو خەیاڵە کە ئەبو نواسیش بە شیعر وەڵامیبداتەوە، ئەبو نواس چیی پێدەکات، ئێ دە من لە هیچ سەرچاوەیەکدا تووشی ئەوە نەبووم .

٥

جگە لە ئەبو نواس، من قەت جارێک باسی شاعیرێکی تری بەغدای سەردەمی عەباسییەکانم لە هەژار نەبیستووە، قەت . بەڵام تاقە کەسێکی تریش لە ناودارانی تری ئەدەبیاتی عارەبی ئەو سەردەمە، لە دوای ئەبو نواس کە هەژاری دەگرت و، تا ناوی بهاتایە، هەژار بە لای کەم نیو سەعات چیرۆکەکانی دەگێڕانەوە، " الجاحظ" بوو ( بۆ ئەبو نواس قەت بە کەمتر لە سەعاتێک نەیدەبڕییەوە) :

الجاحظ(واتە چاوزەق)، نووسەر و تۆژەرێکی زۆر گەورە، بە هەژاری لە بەسرە گەورە بووە و، دوایی پێگەیشتووە و چووەتە"دار الحكمة"ی بەغداش و، دوایی گەڕاوەتەوە بەسرە و لەوێ کۆچی دوایی کردووە، ئەوە رەنگە ساڵی ٨٦٨ لە تەمەنی ٩٢ساڵیدا بووبێت ( بەڵام هێندێک گومان لە وردیی ساڵەکان هەیە) . ریزێک لە کتێبەکانی بەسەریدا کەوتوون و بەوە مردووە، هەژار دەیگوت : چ گۆڕێکی بۆخۆی هەڵبژاردووە! خۆی لە نێو کتێبەکانیدا ناشتووە .

الجاحظ، کە رەنگە باپیرانی عارەب نەبووبن، خۆی رووحێکی عارەبیی هەبووە و، زۆری پێ ناخۆش بووە کە زۆرترینی ناودارانی ئەو سەردەمەی عەباسییەکان لە شاعیران و زانایان و نووسەران و کەسانی تریش ( لە ئیدارەدا) لە غەیری عارەب بوون . زۆر کتێبی نووسیون، یەکێک لەوانە، بۆ ئەو سەردەمە کارێکی زۆر نوێ و سەیر بووە : البخلاء ( بەخیلەکان، رژدەکان، سەقیلەکان، رەزیلەکان)، چیرۆکی سەیری ئەوانەی نووسیون . لە شوێنێکدا چیرۆکێکی خەڵکی " قم "ی ئێران دەگێڕێتەوە کە خەڵکی شاری قم جارێک پارچە گۆشتێکی

قوربانییان بۆ هات، گوتیان چۆن بە یەکسانی بەشی بکەین ؟ دوای چەند پێشنیارێک، بڕیاریان دا بەمجۆرە بێت و کردیان :

گۆشتەکە ورد - ورد کرا و، هەر یەکە بەنێکی لە یەکێک لەو گۆشتە وردیلانە گرێ دا و سەری بەنی بەدەستییەوە گرت، ئاوا خرایە مەنجەڵەوە و کوڵاندیان تا کە کوڵا هەرکەسە بەنەکەی خۆی بکێشێت و گۆشتی خۆی بخوات!

هەژار، پێم وایە هەمووی لەبەر بوو، بەتایبەتی ئەمانەی بە کەیف و پێکەنینێکی سەیرەوە دەگێڕانەوە :

ژنێکی بە تەمەن هەبوو قەت میزەکەی بە تەواوی نەدەکرد، هەر هێندێکی دەکرد و دەیگوت : دە توخوا من چۆم ئەو هەمووە میزە بە خۆڕایی بڕێژم ؟

خاوەن عەلوەیەکی خورما لە خانێکی گەورەدا شاگردێکی لەبەر دەست بوو، هەر جارە دەینارد لە گۆشەیەکی خانەکەوە تەلیسێک خورما بۆ کڕیارێک بهێنێت، کە دەیهێنا دەبوو دەمی بکاتەوە، لۆکەیەکی دەخستە دەمییەوە و دەیگوت : بیجوو! ئەوجا لە دەمی دەردەهێنا و سەیری دەکرد، ئەگەر زەرد بوایە لێی‌دەدا و دەیگوت : دیسان خورمات خوارد ؟

واش‌بووە هەژار چیرۆکێکی ئەو کتیبەی بە دەستکارییەوە و بە بێ ناوهێنانی کتێبەکە، هەر بە ناوی خۆی لە کۆڕێکدا گێڕاوەتەوە :

کابرای بەغدایی گوتی باوەشێنەکەی من هەر نوێ دەمێنێتەوە چونکە من ڕاست ڕایدەگرم و لە جیاتی ڕاوەشاندنی ئەو، سەری خۆم ڕادەوەشێنم .

هەژار زۆر تیئاترانە ئەو شتانەی دەگێڕانەوە و وا دەبوو لە شوێنی خۆی هەڵدەستا یا دەست و لاقی ڕادەوەشاندن تاکو تەئسیری چاکی هەبێت . ئوستادێک بوو لە هونەری گێڕانەوەدا، بلیمەتێکی کابارێتی بوو .

٦

لە چیرۆکەکانی بەغدای کۆن، کە من هەر تەنیا لە هەژارم بیستووە :

کوڕی خەلیفە، عاشقی کچی دووکاندارێکی هەژاری بەغدا بوو . ویستی لێی نیزیک‌بێتەوە،

هەرچەندی کردی بۆی وەدەست نەهات . کچ گوتی : دەبێت لە پێشدا بە شەرعی خودا و پێغەمبەر بمهێنیت و بە شایی و زەماوەندی ئاشکراوە کە هەموو خەڵکی بەغدا ببینن بمگواز-ییەوە و ببم بە ژنت، ئەوسا چیت دەوێت هەقی خۆتە، دەنا پێش ئەوە رێگە نادەم دەستت وە دەستم بکەوێت .

هەرچەندی کوڕ هەوڵی دا، هیچ کەڵکی نەبوو و، زۆریش عاشق بوو . ناچار، بڕیاری دا بیهێنێت . دەستەیەکی پیاوماقووڵانی شاری نارد کە بە رەسمی لە بابی داوا بکەن : مفتی و سەرۆکی قازییان و شیخ فلان و شیخ فیسار . وەفد چوو و سەلاموعەلەیکوم، وە عەلەیکومو-سسەلام، یا ئەڵلا، فەرموون، ئێوە کێن و خێرە هاتوونەتە لای من ؟

سەرۆکی قازییان دەستی پێکرد : هەر وەک خودای تەعالا لە قورئانی مەجیددا ... هەر وەک حەدیسی پێغەمبەر دەڵێت... هەر وەک ئیمامی شافیعی و ئیمامی حەنەفی و ... درێژەی دایێ ... باوکی کچە گوتی : ئێ ؟ چیتان دەوێ ؟ قورئان و حەدیس و شافیعی و حەنەفی و چ بەزمە ؟ بڵێن ئێوە کێن و بۆچی هاتوون ؟

گوتیان : لەسەرەخۆ برای مسوڵمان لەسەرەخۆ، هەر وەک شاعیر لە باسی سەبر و لەسەرە-خۆییدا گوتوویە ...

دووکاندار ئیدی چیدی خۆی پێ رانەگیرا، چوو دەستی دا گۆپاڵێک و بۆیان چوو : سەگی سەگبابینە! کەسێکی دیکەتان نەدیتەوە بچن پێی رابوێرن ؟ بە قەبری بابی خۆتان وشاعیرتان و ماعیرتان، جارێکی دیکە بتانبینمەوە بە کوشتن نەبێت وازتان لێ ناهێنم ... راوی نان .

وەفد چوونەوە لای کوڕی خەلیفە و بەسەرهاتیان بۆ گێرایەوە . تەبیعی دەیتوانی دوو پیاوی بنێرێت بە شەق بیهێنن بەڵام کە زۆر عاشق بوو و بڕیاری دابوو کچەکە بهێنێت نەدەکرا دڵی کچ بڕەنجێنێت . خەمبار و داماو دانیشتبوو بیری لێ دەکردەوە خودایا چی بکات .

دۆستێکی پەیدا بوو، وای دیت، لێی پرسی چ باسە، ئەویش بۆی گێرایەوە کە حاڵ و مەسەلە ئاوا بوو . دۆستەکەی زۆر پێکەنی و گوتی : ئاخر بێقەزا بیت، پیاوی وا چۆن کەسانی وای بۆ دەنێریت ؟ ئەوە کاری کەسێکی وەکو منە، من هەر ئێستا دەچم پێیدەڵێم سبەینێ بە دەستی خۆی کچەکەیت بۆ بهێنێتە ئێرە و دەست و پێشت ماچ بکات . چۆن ؟ گوتی : سبەی دەیبینیت .

دۆستەکەی هەر ئەو شەوە چووە بەر پەنجەرەی ماڵی دووکاندار و، هاواری لێ کرد : هۆۆ سەگی سەگباب ... قەحبەباب و وا وا لێکراو، هەتیو ئەتۆ چۆن ئەو پیاوە ماقوولانە بەو دەردە دەبەیت ها ؟ هەتیو ئەوانە هاتبوون کچەکەت بۆ کوڕی خەلیفە داوا بکەن، مەگەر تۆ لە ... ی کوڕی خەلیفەت بۆ کچەکەت باشتر دەستدەکەوێت هەی سەگباب ؟ خۆ تۆ هەر نەتهێشت قسە بکەن . دووکاندار گوتی: قوربانی دەمت بم سەگیسەگباب، لە خۆم سەگبابتر! ئێ من چووزانم ئەوانە چییان دەویست، چەند خوێنتاڵی ریشدرێژ-ریشدرێژی سەگباب هەر مێشکی گونی بارگینیان بردم، هەر نەمدەزانی دەڵێن چی، تووشی سەرێشەیەکیان کردم ئێستاش بەریناداوم؛ پیاوێکی وەکو تۆ بە ئوسووڵی ناردبا، تێیبگەم و تێمبگات، زمانم بزانێت و زمانی بزانم، ئەمن کێم تا داوای کوڕی خەلیفە رەت بکەمەوە . هەر رۆژ بێتەوە، بە دەستی خۆم کچی بۆ دەبەم و دەست و پێشی ماچ دەکەم .

ئەوجا هەژار دەیگوت : بۆ قسەکردن لەگەڵ سەرسەری، دەبێت سەرسەرییەکی وەکو خۆی بۆ بنێریت کە زمانی بزانێت .

## نیشتمان هی ئەوانەیە کە دەتوانن بیکەن بە نیشتمان، تەبیعەت وا دەڵێت -٨٩-

١

تورکـزمانانێک بە رابـەریی سـەلجووق نـاوێک، لە نـاوەڕاستی ئـاسیاوە هاتن، خاکی چەندین قەومیان داگیـرکردن و کـردیانن بە " نیشـتمان " بۆ خـۆیان و بۆ ئـەولادی خـۆیان و ئـەولادی ئەولادی خۆیان . کوڕی" ئێرتوغرول"ێکیان، بە ناوی " عوسمان"، ڕۆژی داگیرکرانی بەغدا لەلایەن موغۆلەوە لەدایکبوو و، ناوی خۆی دا بە ئیمپراتۆرییەک کە تا کۆتایی شەڕی جیهانیی یـەکەمی سـەدەی بیستەم هەر بەو ناوە مایەوە . ئـەوجا بـەشێک لەوە - بەگـوێرەی فـەرهەنگی سـەردەمی خـۆی - بوو بە " تـورکیە جمهوریەتی"، هی کێ ؟ هی شـتێکی نـوێ - بەگـوێـرەی فەرهەنگی سەردەمی خۆی - بە ناوی " نـەتـەوەی تورک"! ( ئـەگەر خەڵکی هـەسارەکانی تر بتوانن بە دووربین سەیری زەوی بکەن، ئاڵای وجوودی لەسەر خانووەکەی نیویۆرک دەبینن، ئیتر دەزانن کە ئەوە یـەکێک لە "هـاوهـەسـارە "کانی زەوییە، وجووی لە سەر ئەم هـەسارەیە هەیە) .

ئـەوروپاییش چوون وڵاتانی چـەندین نەتەوەیان - بە قانوونی تەبیعەت - داگیرکردن و لە نێوان خۆیاندا لەتوپەت و دابەشکردن و ناویان نان"نیشتمانی نەتەوە"ی فڵان و" نیشتمانی نەتەوە"ی فیسار . ئەوە حوکمی تەبیعەتە، ئاسمان هیچ کوێی نەداوە بە هیچ کەس .

تەبیعەت جەنگەڵە و بە گیاندارەکانی دەڵێت :

دەی ڕۆڵەکانم با بتانبینم بزانم کێ دەتوانێت چ خاكێك لە ژێر ئـاسمان بکات بە نیشتمانی خۆی، - بەگوێرەی فەرهەنگی ئەم سەردەمەی ئێستای ئێمە- بە ناوی " نەتەوە "، بیکات بە نیشتمانی نەتەوەیەک کە خۆی دروستیدەکات( ئوسترالی، نیووزیلاندی، کرواتی ...هەرچی کە بتوانێت ئاڵای لە سەر خانووەکەی نیویۆرک هەبێت) .

کوردسـتان کەی چ نـاوێکی هـەبووە یا نـەبووە، بە هیچ ناچێت . کوردستان وڵاتی ئەو کەسەیە کە دروستی دەکات، ئەوجا کێ دروستی دەکات ؟ ئەگەر ناوی سعودی بێت، ئەوا ئێجگار زۆر لە جێگەی خـۆیدایە کە پێیبگـوترێت سعودیستان و، ئـەگـەر ناوی بارزانی بێت، سـەد لە سـەد

مافی خۆیەتی کە نـاوی بکات بە بـارزانیستان . خـۆش ئـەوەیە، کەسـێک نـازانم لە کوێـوە بـۆ بارزانییەکان دەنووسێت : ئەم وڵاتە ئیتر هی ئێوەیە!

ئێ تـەبیعی هی ئەوانە، بـارزانی لە سـەر ئـەو خاکە دایانکوتاوە و بە قیرسـیچمەیی دەیـانەوێت دەوڵەتێکی خۆیان لەسەر بەشێکی دروست بکەن، تۆش پشتی تێدەکەیت و دەڕۆیت ... ئـەوجا پێشتنـاخۆشە کە ئەوان دەتـوانن بۆخۆیان شتێکی لێ دروست بکەن چـونکە تۆ ئەوەت لەبـاردا نیە کە ئەو کارە لە سەر ئەو خـاکە بکەیت ؟ ئێ بۆچی گلەیی لەوان دەکەیت ؟ ئـەوان چیت لێ بکەن ؟ چیتر هیچ کار نـەکەن تاکو دڵی تۆ نـەڕەنجێت ؟ دەڕۆیت و پشتی تێدەکەیت، خـۆ بـڕۆ تۆش وەکو من ملیخۆت بشکێنە. کە خۆت هیچت لەباردا نەبێت، قسە بەوانە دەڵێیت کە لەسەر ئەو خاکە دایانکوتاوە و دەیانەوێت شتێکی لێ دروست بکەن ؟

## ٢

کتێبی زۆر لە کتێبخانەکان هـەن کە مێژووی سیاسـیی مـرۆڤ لە سـەردەمی سـومەرییەکانەوە باس دەکەن . چەند دەوڵەتی شـاری کاهینـان هـاتن و چـوون و، چـەند پادشایی و ئیمپراتۆری و ئـەمارەت . ئـەوانـە دەکـرێت مـرۆڤی زۆر تـەپـۆیان هـەبووبن کە پێیان وابـووبێت ئـەو کیانانە تا سەر دەمێنن ... خودای سـومەر چۆن واز لە سـومەر دەهێنێت ؟ خـودا کە بە قسەی خـۆی لە تەوراتدا دەڵێت : من هاتمە ناو بەنی ئیسرائیل و بەنی ئیسرائیل بەجێنـاهێڵم ( نـە بۆ بـابلییەکان و نە بۆ رۆمانییەکان و نە بۆ کەس) چۆن بابلی و رۆمانی داگیری دەکەن ؟

ئێستاش، وەکو هـەمیشە، مرۆڤی تـەپۆی زۆر تەپۆ هەن کە دەڵێن : ئەمە ئاخری دنیایە و قەت ناگۆڕێت، ئەڵمان و فەرەنسا و ئینگلیس و تورکیا و ئەمریکا و ئێران و رووسیا و... هەمووی، تازە تەواو، بە ئەم جۆرە دەمێننەوە، خودا نەخشەی دنیای ئا بە ئەم شکلە کۆتایی پێ هێنا!

تـەبیعی ئەگەر پێیانبڵێیت : مەگەر دوێنێ لەگەڵ خودادا چاتان خواردەوە و ئەو نهێنییەی خۆی بۆ درکاندن کە تازە ئیدی نیازی نیە گۆڕان دە نەخشەیسیاسیی دنیادا بکات ؟ یا شێخی کەسنەـزان پێیگوتن ؟ یا هەر زیرەکیی خۆتانە هەی فێڵبازینە ؟! رەنگە وەڵامەکانیانمان بە دڵنەبێت . هیـچ شـتێك نیە نـەگـۆڕێـت، هیچ- هیچ- هیچ شـت، شـت = گـۆڕان، شـت کە شـت بوو دەبێـت

بگۆڕێت دەنا شت نیە . بەتـایبەتی رۆژ هـەڵاتی نـاوەڕاستی بـازیچەی لـونا پـارکی شتەکان، کە رۆژ هـەڵاتی نـاوەڕاسـت خـۆی بـازیچەیەک، تۆ بڵێ گاڵتـەجاڕ و فشـقیاتـجاڕێکی شـتەکانە، بە جۆرەها کارتۆنی دیکۆری سەیر و کاغەزی بە ناوی سەیر جاری رازاندوویانەتەوە ...

ئـەم سنوورانەی رۆژ هـەڵاتی نـاوەڕاست گاڵتەجاڕی مێژوون، نـە دەتوانن تـەمەنی سومەرییە- کانیان هـەبێت، نـە بـابلییەکان، نـە رۆمانییەکان، حـەتمەن نە ئیمپراتۆریی رۆمانیی پیرۆز( کە نـاپلیۆن کۆتایی پێهێنا ) . دەتـوانی ئەو دەوڵەتانەی رابـردوو بۆ بـەراورد لە بـاسی فـەرەنسا و ئـەڵمان و ئـەمریکا و رووسدا باسبکەین، نەک ئەم سنووره بێبێجان خانمانەی ئێستای رۆژ- هـەڵاتی ناوەڕاست . ئـەمانە ئێجگار- ئێجگار کاتین، لەسەر هیچ لۆجیکێکی سەقامگیری وەکو ئەو دەوڵەتانەی ئەوروپا ( و ئەمریکا) نـەکێشراون، ئـەوجا ئەگەر ئەوان وەکـو دەوڵەتانی پێش خۆیان کاتی بن، ئەم قەشمەرانەی رۆژ هەڵاتی ناوەڕاست چین ؟

٣

مرۆڤ مێژوو بزانێت باشە،هێندێک جار بەکەڵکیشە، بەڵام ئیتر مێژوو هەر مێژوو دەمێنێتەوە و شـارەزایی لە مێژوو، لە دواییدا هـەر بۆ دەرسـەکانی بە کەڵک دەمێنێتەوە . یـونانییەک پێی- خۆشە پێش ئـەوەندە سـەدە یـونان چـۆن بووە، بۆچی پێی ناخۆش بێت ؟ تورکێکیش پێی خۆشە چۆن سـەلجووقی و ئـالیعوسـمان و ئەو شتانە لە رابردوودا هەبوون، بۆی ناخۆش نین، بەڵام ئێمە " ئێستا " دەژین . " کـۆلومبوس"ی پۆرتوگالی بە پارەی ئێزابێل خـانمی پـادشای ئیسپانی چووە وڵاتێکی نوێ و خـەڵکی دی بەدوویدا چـوون و نـەتـەوەیەکیان لەوێ دروسـت کرد، خـۆ ئەوانە هیچ مێژوویەکیان لەوێ نەبوو، مێژوویان بۆ چیە ؟ مێژوویەکی خۆیان بە کەیفی خۆیان بۆ خۆیان لەوێ دروست کرد .

ئـەوروپایی لە کەشتییەکەی دادەبەزێت و سـەیری شوێنێک دەکات : هممم چی لێ بکەم ؟ چۆن چ مێژوویەک لێرە دروست بکەم ؟ دەکـەوێتە بیرکردنەوە و بـەرنامە دانان : یـەکـەم شت : من بە وردی چیم دەوێت ؟ لەم هـەلومەرجەدا، بە ئـەم تـوانایەی هـەمە، لەسەر رێبازی گەیشتن بە ئەوەی کە دەمەوێت چی لە توانادایە ؟ باشترین رێگەی بەردەمم کامەتە ؟ ... ئیتر چ کاری بە

مێـژوو داوە ؟ ئـەو شـانەکانی مێشکی بە ئـەزموونـی زۆری کە لە مێـژووی دەریـاوانیی خـۆی چالاک بوون، دەتوانێت بیر بکاتەوە و بڕیار بدات و بە لۆجیک شەڕ بکات ( کە مرۆڤ دەبێت بزانێت چۆن لە جەنگەڵی دنیادا شەڕ دەباتەوە) . زانیاری و بیرکردنەوە و بـڕیار و بەجێهێنانی پێویستە، پێویستی بە هیچ مێژوویەک نیە، ئەو خۆی دەیەوێت مێژوویەکی‌نوێ بۆخۆی دروست بکات .

٤

هەر وەک هـەموو کەسێک ناتوانێت شاعیر بێت یا نووسەر بێت یا هونەرمەند بێت یا رۆشنبیر بێت ( تـەنانەت ئـەگەر سـەد هـەزار کتێبیش لەبـەربکات)، هـەمووکەسێکیش لە مەعدەنی ئـەو مرۆڤانە نیە کە دەیانەوێت خۆیان مێژوو دروست بکەن و، نەتەوە دروست بکەن .
کەس نازانێت ژمارەی ئەو قەومانەی کە وەستای دروستکردنی مێژوو و نەتەوەیان تێدا نەبووە و بولدۆزەری مێژوو رایماڵیون و بوون بە تۆزی بانان چەند بوون، زۆر- زۆر بوون... براڕۆ کە دەبێت زۆر بووبن ( لە ئەتڵەسی مێژوودا ناوی شتی ئەوەندە سـەیروسـەمەرە دەبینین دەڵێین خودایا دەبێت ئەوانە چی بووبن ؟ یـەککوو کە ناوی سـەیری تێدان) . ئـەگەر قەومێک وەستای دروستکردنی مێژوو و نـەتـەوە ( یا پـاراستن و پێشخستنی - ئـەگـەر هەیبێت) نـەبێت، شـوێنی لە سەر هەسارەی زەوی بە خەڵکانێکی تر دەگیرێت کە وەستای ئەو دروستکردنانەیان هـەن . تەبیعەت وا دەڵێت .
هـەمووکەسێک کـۆلومبوس نیە، یا ئەو کاوبۆیە نیە کە بە دوو دەمانچە بە سـەر دوو سمتییەوە، بە تـاقی تـەنیا و بەسەر ئـەسپێکەوە رێگەی رۆژئاوای ئـەمریکای گرتووە، بە ناو ئەو هەمووە حـەیوانی دڕندە و سوارانی تـری کە هاتوون زێڕ بـدۆزنـەوە و تلی‌لی‌لی‌ی عەشیرەتانی پێست-سوورکراودا دەڕوات و هەر دەڕواتەپێشەوە، چونکە بڕیاری داوە ئا لە ئەو رۆژئاوایە قوڵنگی خۆی لێ‌بدات و ... تەبیعی دەکرێت بکوژرێت و بە هیچ نەگات، بەڵام ئەوە تەبیعەتی ژیانە .
ئەو سوارە بڕیاری‌داوە ژیانی پێشووی قەبووڵ نەبێت و، بە هەرتکحاڵەت : چ بە خەونەکەی بگات و، چ مردنەکەی لە سەر رێگەی ئەوەدا بێت، ئەو تازە بڕیاری خۆی دا . ئەو سوارە، لە

ژیانیدا نەبوو بە شاعیر یا نووسەر یا رۆشنبیر بەڵام بوو بە دروستکەری مێژوو و نـەتـەوە ... هەمووکەس نـابێت بە ئـەو شتانە، ئـەو بوو بە یەکێک لەوانە : وەستای دروستکردنی مێژوو و نەتەوە، ئەوە گاڵتە نیە، شاعیری چی و نووسەری چی و چیی چی ؟

هـەژار، مـەلەوانێکی دەریـای قسـەی خـۆش بوو، زۆری بیسـتبوون و، خـۆی بە وەسـتاکاریی خۆی مشت وماڵی دەدان و خۆشتری دەکردن، لەوانە دەیگوت :

" حەمەدی مەولوودی( کاپیتانی قارەمانی کۆماری‌کوردستان، خەزووری محەمەدی ماملێ)، رۆژێک لە " سولەیمانیی عیراقێ"! ( " سلێمانی"ی باشوور) وەڕەز بوو و کوتی : دە بە حەزرەتی غەوس دەبێ بچمە عروسیاتی، ئەوجا لە کەسێکی پەنا خۆی پرسی : ئەرێ برا گیان عروسیات لە کامە لایە ؟ بێرەدا بە سەرچناردا بۆی دەچن یا بە گردی سەیواندا یا بە کوێدا رووم لەوێ دەبێ ؟ کوتیان ئا بە ئەو ئاقارەدا(لایەکیان پیشان‌دا)، کوتی : دە زۆر چاکە، ئەوا من دەچمە عروسیاتی، خودا حافیز!
ئیدی بە ئەو ئاقارەدا رۆیشت ... رۆیشـت و ... ئـاوڕی نـەدایەوە، هەر رۆیشت ... تا گەیشتە عروسیاتی! " .

تەبیعی بە وردی رێک وا نەبووە، بەڵام هەژار زۆر جوانی دەرازاندەوە، وردەکارییەکان لەو لا بوەستن جـەوهەری کارەکە وەهـا بووە . تۆ کە بـڕیاری خـۆت دا، ئیدی رێگەی خۆت دەگریتە بەر و ئاوڕ نادەیتەوە . چی دەکەیت ؟ دەڕۆیت!

٥

نـەخۆشییەکی ئێجگار زۆر خـراپ لای خەڵکی وڵاتانی زۆر دواکـەوتوو هەیە کە بـریتییە لە : قسە گوتن بە نەسلەکانی رابـردووی قەومەکەیان . هیچ نەسلێک قەت لە رابردوودا هیچ- هیچ درێغییەکی نـەکردووە . رەوەی مرۆڤەکان ( قەوم، ئێستا : نـەتەوەی کە پەڕۆی ئاڵاکەی لەسەر خـانووەکەی نیویۆرک هـەیـە) هەمیشە وەهابوون : هێندێکیان بیـریان کردووەتەوە، هێندێکیان بێ‌عەقڵ بوون، هێندێکیان فـەرمانڕەوا بوون، هێندێکیان جـادووگەر بوون، هێندیکیان خزمە-

تکار بوون، رێک وەکو ئێستا و رەنگە وەکو ملیۆنساڵی داهاتووش، هەمان تاس هەمانحەمام، هـەمان رەوە زیندەوەر بـوون و بە گوێـرەی فـەرهەنگی سـەردەم ژیـاون . بـەڵام جیاوازییەکی گرنگیان لەگەڵ ئەم خەڵکە دواکەوتووەی ئێستادا هەبووە : شەهامەت .

ئەوان شـەهامەتیان هـەبووە و لەجیاتی قسەگوتن بە رابـردوویان، قسەیان بە خۆیان گوتووە کە بـۆچی ئێمە دادپەروەر نین، بـۆچی نـاتوانین لەگەڵ یـەکتردا بـاش بین، بـۆچی نـاتوانین سەری قەومی خۆمان ( یا دینی خۆمان یا ...هەرچی فەرهەنگی قۆناغەکە گوتوویە) بەرز بکەینەوە ؟ شـتێکی کـەم لە سـنووری" جـاهیلییەت "( بڵێین لە بـاسی پێـش ئیسـلامدا یا پـێش پێغـەمبەرانی عیبرانی یا مەریەمی عەزرا و کوڕەکەی...ئیدی)دا هەبووە، بەڵام ئەویش دراوەتە پاڵ حیکمە-تی ألله یا ئێلۆهیم یا باوکی مەسیحا یا نازانمچی، چونکە خۆ ناکرێت یەخەی خودا بگرن : وەرە تـۆ بـۆچی زووتر ئـەو پێغەمبەرانەت نـەناردن تا هیـدایەتمان بکەن هـا ؟ هـەموو کتێبە ئـاینییە سامییەکان(ئیبراهیمی) رێزیان بۆ ئادەم و بۆ حەوای سێوخۆرەکەش و بۆ ئەولادیان و ئەولادی ئەولادیشیان هەیە . ژمارەیەکی بێ ژماری پێغەمبەران یـەک بەدوی یـەکدا هـاتوون و لە کتێبە ئـاینییەکانی دواتـردا رێـزیان لێ گیـراوە، لە کاتێکدا کە ئـەوانە هیچیان نـەیانزانیوە تـەورات و ئینجیل و قورئان چین، چونکە ئەو کتێبانە هێشتا نەبوون .

کاتێک کوردێـک قسە بە رابـردووانی مێژووی خـۆی دەڵێت کە بۆچی دەولەتی نـەتـەوەیان بۆ دروست نەکردم، رێک و سەد لە سەد بێ هیچ ئەملا وئەولا، بە دیجیتالی وەکو ئەوەیە ئینگلیسـ-ێک هـەزار قسە بە شکسپیر بڵێت کە بۆچی لە جیاتی نووسـین و بـازیکردنی ئەو شـانۆیانەی، دانـەنیشت تەلیفۆنێکی مۆبایلی بۆ دروست بکات ؟ یا ئـەڵمانێک جنێو بە دەیان میرانی ئـەڵمان بدات کە چەندین سەدە هەر خەریکی پەلاماردانییەکتر بوون لەجیاتی ئەوە کە یەک ئۆتۆمبیلی مارسێدیس- بێنزی بۆ دروست بکەن .

٦

کە دێینە ئەم دنیایە، خراپ نـابێت بزانین دنیا بـۆچی بەوجۆرەیە، بـەڵام هـەرکەسێک بێتە ئـەم دنیایە، هەر مەگەر بڵێت : ژیان لەم دنیایەدا وا شکاتەوە کە ئێستا وەهایە . ئەو هەمووە کتێبانە،

بە هـەزاران و هـەزاران کتێب، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، زۆرتـر هەر باسی یـەک شتیان کردووە : هاتووینە چ دنیایەکی سەگ و سەگباب! ئەو هەمووە تراژیدییەیمرۆڤ، ئەو هەمووە منداڵە بێ ماڵانەی لەندەن، ئەو هەمووە کرێکارە هەژارانەی کە دەچەوسێنرێنەوە(وەک ماکسیم گۆرکی دەڵێت کە لە کارگە دەردەچن وەک تـەلیسە پـەتاتە هـەڵدەرێژرێن)، ئەو کاربەدەستە بێ ئینسـافانە، ئەو زیندانانەی کە چـارلز دیکنـز وا چـاک وێنـەی گرتـوون، ئـەو بـەدبـەختانەی لە ئەمریکا لە واگۆنی فرێدراوی قەتاردا دەژین ... چەوسانەوە و زبری و گەندەڵی و بێ ئینسافیی وەحشیگەریی مرۆڤ بەرانبەر مرۆڤ ... بێکۆتایی .

بەڵام تازە ئیتر هەموو هاتوونەتە دنیا و دنیا وەهایە، وەها شکاوەتەوە . دەکرێت زۆر خوێندەوار بیت و زۆری لێتێبگەیت کە چۆن مرۆڤ لە سەفەری یەک ملیۆنساڵیدا بە ئەم حاڵە گەیشتووە، بەڵام هیچی لێ تێبگەیت یان تێنەگەیت، هەر دەبێت هەمان پرسیار وەڵام بدەیتەوە :

من ژیانم لە دنیادا وەها بۆ شکاوەتەوە، ئێستا چی بکەم ؟ بەوە کە مـرۆڤ لەو گیاندارانە نیە کە بەتـەنیا دەژیـن، بـەشێکە لە رەوە، چـارەنووسی بە رەوەکەیەوە بـەندە، ماسیـگرێکی نـەرویجی ژیانی لە ماسیگرێکی سـۆمالی جیاوازە، ئـاسایشی ئەڵمانێک لەوەی ئەفغانییەک جیاوازە، تاک بەشێکە لە کۆمەڵگەی نەتەوەیەک (کە پەڕۆی ئاڵاکەی لەسەر خانووەکەی نیویۆرکە) .

کـوردیش - خۆشی بێت و ترشی بێت - بـەشێکە لە کۆمەڵگەیەک کە هێشتا تـەنانەت نەبووە بە نەتەوە! ( پـەڕۆی ئاڵاکەی لەسەر خانووەکەی نیویۆرک نیە، دنیا بە یەکێک لە کەسەکانیخۆی دانانێت، وجوودی نیە) . کەواتە، یەکەم شت : بوونە دەوڵەت دەبێت قیبلەی کورد بێت .

تاکو بە خەڵکی هەسارەی زەوی بژمێردرێت ( ئاڵاکەی لە سەر خانووەکەی نیویۆرک هەبێت)، ئەوجا هەموو شتی دی بەدوودا باس دەکرێت . دەڵێم" قیبلە"، چونکە هەرچەندە دەزانم حەتمەن نەخشەی سیاسی دەگۆڕدرێت و کوردستان دەبێت بە دەوڵەت، بەڵام ئەوە بە رێگەیەکی خەباتدا دەڕوات، هەرچی لەو قیبلەیەم نیـزیک بکاتەوە، لای من پیرۆزە و هـەرچی لەو قیبلەیەم دوور بخاتەوە، دوژمنی منە . بەوجۆرە یەکەم پرەنسیپی هەڵوێستیخۆم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم بڕیار دا، بە بێ ئاوڕدانەوە و ئەملا و ئەولا پێوانەکەم بۆ پێوانی هەر کارێک دانا :

نیزیکم دەکاتەوە لە قیبلەکەم ؟ دەمەوێت . دوورم دەخاتەوە ؟ نامەوێت .

١

نیشتمان درۆیەكی گەورەیە، مرۆڤی هەژار بێ نیشتمانە، كە تۆ كراست نەبوو ئەو پەڕۆ ئاڵایە چیە ؟ و ... قسەی تری لەو بابەتە لە كاك شێرزادیش دەبیسین، كە ئەویش وادەبێت وەكو كەسانێكی تر، كاوێژكردنی قسەیەكی نووسەرێكی عارەب (محمد الماغوط)یشی بۆ دەكات بە بەڵگە . ئەوجا ئەوە رۆشنبیرییە ؟ كە وا بێت با ئێمەش لەو رۆشنبیریخانەیەدا بۆخۆمان هێند- ێک رۆشنبیری بكەین، بۆچی نا ؟ با بزانین هەر ژیان خۆی یانی چی ؟ چ مانایەكی هەیە ؟ كە كاك حەسەنێک و ژنێک دەبنە ژن و مێرد و منداڵێكیان دەبێت و ناوی دەنێن شێرزاد، ئەوە بە چ لۆجیكێک چ مانایەک دەدات بە ژیانی ئەو كەسە ؟ پرسیاری پێ كرا ئایا دەیەوێت بێتە دنیا ؟ دنیا خۆشە یا دەكرێت تەنانەت رۆژێک كراسێكیشی لە دنیادا نەبێت، برسی بێت، نازانیت بۆچی هات و بۆچی لە دنیادا بە ئەو هەمووە دەرد و پەتا و بوومەلەرزە ولافاو و گڕكان و مار و دووپشک و دڕندەی جەنگەڵ و خەڵكی سەرسەری و بێحەیا و چەقۆكێشەوە و ... بژی ؟ بۆچی ؟ تاكو ئاوا لەگەڵ دۆزەخی ئەوانەدا بیباتە سەر تا پیری و كۆكەكۆک بەرەو كۆتایی گلۆر دەكاتەوە، ئاخر ئەوە چ لۆجیكی بۆ كاك شێرزاد تێدا هەیە ؟ بۆچی بە دەست ژیانێكی وەهاوە كە خۆی هەڵینەبژاردووە و - وەكو هاتنی هەموو مرۆڤێک - هەر بە بەیەكگەیشتنی مرۆڤێكی نێر و مرۆڤێكی مێ هێناوییەتی و هیچی تر، بناڵێنێت ؟

كاك شێرزاد دلسۆزێكی نیە رزگاری بكات لەو نالۆجیكییەی هاتنە دنیا و كۆتایی بە ژیانی بهێنێت ؟ یا هەر خۆی كە مرۆڤێكی رۆشنبیرە و شتی نالۆجیكی قەبووڵ ناكات بۆچی كۆتایی بە ئەو شتە نالۆجیكییە ناهێنێت كە ژیانییەتی ؟

ئەو سویسری و ئەڵمان و سوێدی و دەوڵەمەندانەیتری دنیا، كە هەموویان كراسیان دەبەردایە، ئایا لە بەرەبەیانی مێژووەوە بە كراسەوە لەدایكبوون ؟ چاكەت و پانتۆڵیشیان دە رەحمی دایكیاندا دەبەردا بووە، یا بە سەدان ساڵ پەرەسەندنی قەومیان - بە خوێنڕشتن و خوێن رژانیش تێدا( كە كارێكی وەحشیگەریی نامەنتیقییە) - لە جەنگەڵی نامەنتیقیی هەسارەی زەوی

ئێستا بە ئەو کراسە پاک و جوانانە گەیشتوون ؟ مێژووی ئەو شوێنکردنەوەیەیان بۆخۆیان لە سەر زەوی و کراسی جوان دەبەرکردنەیان بە بێ فیداکاری بۆ ئاڵا بووە ؟ بە بێ مەعنەویات بووە ؟ بە بێ نیشتمان بووە ؟ خۆ کە ئەو هەمووە خەڵکەی لەو مارشەی چەندین سەدەی ژیانی نەتەوەدا بوونەتە قوربانی لە پێناوی گەیشتن بە ئەم ژیانەی ئەمڕۆی زیندووەکانی تر، یا گۆڕیان دەستکەوتووە ( بە بێ کراس) یا گۆڕیشیان دەستنەکەوتووە و هەر وا لەو دەشت و دەر و چیا و چۆڵانە بوونەتە خۆراکی سیسارگان ؟

مامۆستا مەسعوود محەمەد بۆ جیاکردنەوەی وڵاخ لە مرۆڤ، دەیگوت : سەوزیی چ دیمەنێکی جوانی سەوزاییەک کە ئیلهامی چ شیعرێک دەدات بە شاعیرێک، وڵاخێک لەولاوە دێت و بە قەپێک - شاعیر گوتەنی- لوولی دەدا قووتی دەدا مانەندی حووت! بەڵام من کە وەکو مامۆستا مەسعوود محەمەد دنیا بە فەلسەفەی میسالی تەفسیر ناکەم، لە فەلسەفەی تێگەیشتنی ژیان و گەردووندا سەد لە سەد ماددی وعیلمانیم، مەسەلەکە وا دەبینم کە کاک شێرزادیفێڵباز دەیەوێت کراسەکەم لەبەر داماڵێت و پانتۆڵەکەشم و فانیلەکەشم و دەرپێکەشم، هی خۆم و هی ژنەکەشم، خوشکیشم،دایکیشم و باوکیشم و دەوری چل یا پەنجا ملیۆنیتر لەو خوشک و برا و کەسوکار-انەم... من بە لێکدانەوەی ماددیی پەتیی خۆم زۆر بە حەرفی وەها ... یا زۆر لەوەش خراپتری دەبینم : دەیەوێت دوای رووتکردنەوەمان، خاوەن ئاڵا هاوسێکانم بە رووتییەکەشمان وازمان لێ نەهێنن، بێن خۆم و ئەو چل- پەنجا ملیۆن کەسەیماڵەکەم بگرن و وەکو مردووەکانی چیرۆکی لوسیان بمانکەن بە " دووکەڵ" و تێکەڵ بە هەوامان بکەن، من، رێک، سەد لە سەد وەهای دەبینم .

٢

کاتێک منداڵێکی مرۆڤێک یا بەچکەی حەیوانێکیجەنگەڵ یا هەر زیندەوەرێک دێتە ئەم دنیایە، هەرچەندە ئەگەر بشتوانێت لەگەڵ " خەیام "دا هاوار بکات : " هاتن بە دەسی خۆم نەبوو، هێنایانم - دەرچوونە دەریش چۆن و کەیە نازانم "، هەرچەند بتوانێت ئەو هاوارە بکات، بێ هوودەیە، تازە هاتووەتە سەر ئەم زەوییە و دەبێت بەگوێرەی - مامۆستا مەسعوود محەمەد

گوتەنی - " پەلەی ژیان"، ژیانی خۆی بە قانوونەکانی ژیانی سەر زەوی لە مەرگ بپارێزێت؛ یا راستـگۆ بێت و بە پێچـەوانەی کاک شێرزاد، ژیـانی نـامەنتیقیی وەحشـیگەریی سـەر زەوی قـەبووڵ نـەکات و دەستبەجێ خۆی بکـوژێت؛ بـەڵام ئەوساش هەر خۆی بکوژێت نەک ئەوە کە بیەوێت کـۆتایی بە ژیانی چل - پـەنجا ملیۆن مـرۆڤی تریـش بهێنێت ( کە ئـەوان وەکو ئـەو رۆشنبیر نین و دەیانەوێت بە قـانوونەکانی ژیانی سەر زەوی لەسەر زەوی بـژین) . ئـەوجا کە ژیان لەسەر زەوی - زۆر بە داخەوە- بە سنووری نیشتمانی جیاوازی نەتەوەی جیاواز دابەش کرابێت، ئەویش - بەدبەختانە- دەبێت شوێنێک بۆخۆی لەو جەنگەڵەی دنیادا بکاتەوە : نیشتمان و سنوور و ئاڵا و حکومەت و ... هەموو بەدبەختییەکانی تری ژیان!

مرۆڤ ماڵی پێویستە کە تێدا بـژیت و، تـاپۆی مڵکداریی ماڵەکەی خـۆی کە ئاڵاکەیەتی لە ماڵی خـۆیدا بێت نـەک بە دەسـت دوژمنێکییەوە کە تـەنیا رێگەی دەدات بە کـۆیلەیی دە خـانووەکەی ئـەودا بژیت . دەڵێیت : خـانووەکەی ئەو ؟ بۆچی نیشتمانی باب و باپیرانی هەزاران ساڵی من خـانووی بابی ئەوە ؟ نـەخێر ماڵەکە هی ئەو نیە، بـەڵام تاپۆکەی کە ئـاڵایە بە دە ست ئـەوە و، ئیدارەی عەقاریی مڵکداریی ماڵ لەسەر زەوی سەنەدی تاپۆی قەبووڵە و هیچی دی، تـاپۆکەش ئەو ئاڵایەیە... چ ئیدارەیەکی عەقاریی نارۆشنبیر و دڕندەیە! ... بەڵام وایە ؟ بەڕاستی دڕندەیە یا من لە ئاستی ئەوەدا نیم کە بە قانوونەکانی تەبیعەت لە تەبیعەتدا بژیم ؟

قانوونەکانی ژیانیمرۆڤ لەسەر زەوی، زۆر بەداخەوە، وا دەبێت زێدە شووڵی لێهەڵدەکێشن: مامۆستا عەلائەدین سەجادی، جارێکیان لە گۆڤارەکەیدا ( نزار) نامەیەکی کراوەی بۆ سەفیری ئینگلستان نووسیبوو، تێدا گلەیی ئەوەی لێ کردبوو کە : ئێوە بـۆچی وڵاتانی تـر داگیردەکەن و بە کەیفی خۆتان دابەشیان دەکەن و سامانیان دەبەن و ... ئا لەو شتانە (کە ئێستا دەقی ئەسڵەکەم لە بیر نیە)؛ سـەفیری ئینگلیس، وەڵامی بۆ نـارد و تکای لێ کرد کە وەڵامەکەی ئـەویش بڵاو- بکاتەوە . سەجادی وەڵامەکەی بڵاو کردەوە کە خولاسەکەی بەمجۆرە بوو :

بـەڕێز ئوستاد سەجادی، قـەومی ئینگلیس ئـەوەندەی کە لە دوورگەی ئینگلستانی نیشتمانی خۆی دەتوانێت هەیبێت بەشیئەوە نـاکات کە ئەو دەیەوێت! ئێ ناچارە بە قانوونیژیان بچێت وڵاتانی تر بگرێت . کەواتە وەڵامی پـرسیارەکە زۆر هـاسـانە و، پێی سـەیرە ئوستادێکی زانا و لە دنیا

ئاگاداری وەک ئوستاد سەجادی پرسیاری وەهای کردووە!
ئێ دە ملیۆنان ئینگلیس لە سەدەی نۆزدەشدا و تا سەرەتاکانی سەدەی بیستیشدا ژیانی زۆر خراپیان هەبووە، کولەمەرگییەک بووە، لە هۆڵەنداش هەر وەتر، کە ئێستا ئەوانە لە ئەدەبیات و هونەردا( رۆمان، شانۆ، فیلم و ...) دەبینین و، بە دیتنی ئەوانە مووچڕک بە لەشماندا دێت . مرۆڤ سەیری دەمێنێت لەوە کە ئەوانە چۆن توانیان ئا لە ئەو وەزعە بپەڕنەوە و نیشتمان و ئاڵای رێز و مەرکەزیان لە دنیادا ئێستا وا بشەکێتەوە . ئەوانە بە هەستیـنەتەوایەتی و نیشتمانی دەیانزانی چارەنووسیان پێکەوە گرێدراوە، یەک نەتەوەن و یەک ئاڵایان هەڵکردووە و یەک نیشتمانیان هەیە، ئەو هەژاری و نەداری و چەوسانەوە چینایەتییە شایانی ئەو نیشتمان و ئاڵایە نەبوون، خەجاڵەت خۆیان کە نەیانتوانیبوو رێز لە ژیانی بەر سێبەری ئەو ئاڵایەیان بگرن، کەواتە دەبوو پتر خەبات بۆ ئەو ئاڵایە بکەن .

٣

ئەوە مەسەلەیەکی ئانترۆپۆلۆجییە ( زانستی مرۆڤ بەو سیفەتەی کە یەکێک لە حەیوانەکانی سەر زەوییە)، کە پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ، بە " رێکخراو" گەیشتووە، لە خێزانێکەوە ( سەرەتا زۆرتر دایک و ئەولادی، دوای ئەوە باوکیش) بۆ عەشیرەت و دەوڵەتی شار و ... ئیدی تا ئێستا بە ئەم رێکخراوەی دەوڵەتان ( ١٩٣ دەوڵەت لە سەر هەسارەی زەوی بۆ پتر لە حەوت ملیار مرۆڤ، کە هەر بە دەوڵەت دەڵێن نەتەوە، لەبەرئەوە بە خۆیان دەڵێن نەتەوە یەکگرتووەکان - نەک دەوڵەتە یەکگرتووەکان) . منیش ئەگەر بمەوێت شوێنێکم لەم دنیایەدا هەبێت، دەبێت بەشێک بم لە نەتەوەیەکی سەر زەوی، خۆ ئەگەر باڵی فڕینیشم هەبوایە نەمدەتوانی بچمە سەر مانگ یا هەر هەسارەیەکی تر، ئیتر ژیان لەسەردەمی ژیانی مندا لەسەر ئەم زەوییە وەهایە. ئەوە تەبیعەتە، تەبیعەت جینەکانی ئەمجۆرە زیندەوەرەی وەها رسکاندووە . شت لە دەرەوەی تەبیعەت وجوودی نیە، ئەگەر خەڵکانێک یا هەر جۆرە حەیوانێک ( دیناسۆر بە نموونە) لەگەڵ قانوونەکانی تەبیعەتدا نەگونجابێت، تەبیعەت خەتێکی بەسەردا کێشاوە و فتی کردووە! ئەوە من وام هەڵنەبژاردووە، تەبیعەت وای بۆ هێناوم .

عەشیرەتانی دڕندە بە فەرماندەییسەلجووقێک، لە قانوونەکانی سەردەمیخۆیان ئاگادار بوون، باشیان تێگەیشتوون و کوشتن و بڕین و جەردەیی و هەرچی لە سەردەمیاندا شەرافەتی بۆ دابین کردوون و ڕێزی بۆ پەیداکردون، توانیویانە چەندین دەوڵەتی یونانی کۆتایی پێ بهێنن و خاکیان - لەدواییدا - بۆخۆیان ناو بنێن تورکیا و، بەشیک لە خاکی ئەرمەنەکانیش و بەشێکی گرنگیشیان لە خاکی کورد خستووەتە سەر ئەو " تورکیا "یە ( واتە : وڵاتی تورک) . ئێستا هەر کام لە ٢٥ ملیۆن کوردی ژێردەستی، هەرچۆنێک بجووڵێتەوە پێویستی بە هەویە، پاسپۆرت، هەر سەنەدێکی ئیدارەی ژیانی هەبێت : دووکان کردنەوە، خانوو کڕین، ژمارەی بۆ ئۆتۆمبیلەکەی ... هەرچی، دەبێت کە فلـق یەک مانگی سەر گۆلاوێکی خوێنی تورکی وێرای عیبارەتی " تورکیە جمهوریەتی" پێوە! بۆ ئەوە بە دەستەوە هەبێت . هەر کەسێک لە هۆڵەنداش بجووڵێتەوە هەر پێویستی بە هەویە و پاسپۆرت و سەنەدی رەسمی هەیە کە بە هەمان بەزم لە سەری نووسراوە : " دەوڵەتی پادشایی هۆڵەندی"، ئەڵمانیش و ئەمریکاییش و ... ئیتر ژیانی ئەو لقەی هۆموساپیینەکان کە ناوی بووە بە مرۆڤ وەهایە :

دەبێت هەویەی نەتەوەیەک هەڵبگرێت کە یەکێک بێت لەو ئەندامانەی یەکێتی نەتەوەکان بە زمانی نیویۆرک، واتە دەوڵەتێك لە دەوڵەتەکانی دنیا کە ئاڵای لە سەر ئەو خانووەی نیویۆرک هەبێت . ئەوە ژیانی مرۆڤە لەسەر زەوی، خۆ من هەڵمنەبژاردووە، دەی من کوا شوێنم لە سەر ئەم زەوییە ؟ تورک جمهورییەتیم من ؟ من - بە بێ ئەوە کە من هەلمبژاردبێت - وەک کە ناوم شیرکۆیە، مەگەر بە هەمان شێوە " کورد"یش نیم ؟ خۆ من وا لەدایکبووم نەک خۆم دامهێنابێت، دەی کوا هەویەکەم لەسەر زەوی ؟ بەڵگەی وجوودەکەم لەسەر زەوی کە ئاڵایەک بێت لەسەر ئەو خانووەی نیویۆرک لە ناو نەتەوەکانی پتر لە حەوت ملیار مرۆڤدا کوا ؟

ئەو پارچە پەڕۆیەی کە ئاڵایە" وجوود"ی منە، نەک هەر ئەگەر بێکراس بم نایکەم بە کراس، خوێنی خۆم و منداڵەکەی سەر بێشکەم و دایکەکەم و باوکەکەمی بە قوربان دەکەم ... من بە بێ ڕێزگرتنی دنیا لەو هەویەتەم تا بڵێت منیش وجوودم هەیە، بە بێ ئەوە، لە هەر حەیوانێک بێ قیمەتترم، من بە بێ ئەو ئاڵایە تەنانەت سیسریش نیم، مێش نیم، مێشوولەش نیم ... لەوانە کەمترم . ئەوە من ئەو ڕێگەیەم هەڵنەبژاردووە، ئەوە قانوونی ئەم دنیایەیە کە تێدا دەژیم .

بـەختیار عەلـیش فیزم بەسـەردا لێدەدات : كـورد هیچ داهێنانێكی نـەبووە، ئەگەر نەشمێنێت، دنیا هیچی لێ كەم نـابێتەوە!   ئـاخر هەی ... بەختیار عەلی، منداڵی كـورد حـەفتا سـاڵی ژێـر- دەسـتەیی تـورک ئـەو زمانەی كە لە دایـكی فێری بـووە لێی قـەدەغەكراوە و مامۆستای لەسەر وشەیەكی كوردی بە دار لێیداوە . هەر ئەوەندە كە كورد گوتوویە : "من هەم"(كوردم) ئەوەی بە جینایەت لەسەر حیساب كراوە و دادگای تـورک جمهوریەتی بە قـانوون لەسەر ئەوە سزای داوە، داهێنانـی چی لە كـوێ كە وا تـۆ لە ئـەڵمانیاوە وەک رۆشـنبیرەكەی هـەڤاڵـت ئـەو فیـزەی بەسەردا لێدەدەیت ؟

٤

وەک پێشـتریـش، لە نـووسـینێكمدا بـاسـی ئـەوەم كـردووە كە سـایكـۆلۆجیی حـەواسی مـرۆڤ " سێلێكتیڤ "ـە(هـەڵدەبژێرێت)، لە ناو دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا و هـەرا- هـەرای خـەڵكێک لە هـەڵپەڕكێدا، بە نموونە، كە تۆ بـانگی كەسێک دەكـەیت : كاک فڵان، حـاسـەی دەنـگ هـەموو دەنگـەكانی تـر كە ئەو نـاوەیان پـڕ كردووە جارێ بـەشی بیستنی ئەو بانگەی تۆ دەخاتە لاوە و بانگەكەی تۆ دەبیسێت . كەسێک شـەوێک میوانی ماڵێک بووە، شـەوەكە بە ئـارامی خەوتووە، سبەی پێیانگوتووە : سەعاتە گەورەكەی دیوار تۆشی وەكو میوانانی پێشتر نـاڕەحەت نەكرد ؟ كابرا دەڵێت نەوەڵڵا هەر هەستم پێنەكردووە؛ شەوی دوای ئەوە كە لە هەمانشوێن خەوتووە و بیری لای سەعاتەكە بووە، لەبەر دەنگی تک- تكی فندۆلیسەعاتەكە نەیتوانیوە باش بخەوێت . هەڵبژاردنی ئەوە كە كەی حەواسی كێ بە چیی راست یا درۆ داگیربكەیت، چەكێكی ئێجگار زۆر خەتەرە و، دەكرێت چارەنووسساز بێت . نموونە لە مێژوودا ئێجگار زۆرن .

شـۆڕشی فەرەنسا سـاڵی ١٧٨٩ بوو، بـەڵام ئـەو شـۆڕشـە ئـەوسا چ گـۆڕینێكی هێنا ؟ زۆر : بێكاری چـەند ئەوەندەی پێش شـۆڕشی لێ هات، ژمارەی قـەحبەكان بە شێوەیەكی زۆر سـەیر زیادی كرد، رەنگە چل یا پـەنجا جار ئـەوەندەی پێش شـۆڕشی لێ هاتبێت . هـەڵبژاردن هـات، بـەڵام چ هەڵبژاردنێكی تەڕەماش ؟ ژنان كە خوێنیان لە شەقامەكان بۆ شۆڕش رژا بوو، مافی دەنگدانیان نـەدرایێ (دروشمی " ئـازادی- یـەكسانی- بـرایەتی"ی شـۆڕش جێگەی ژنـی تێدا

نەدەبووەوە)، ژنان بۆ پـاراستنی نیشـتمان ( لە لەشـكری پـادشاییەكان لە ئـەڵمانیاوە و، هێرشی پـادشایانی ئـەوروپا ) ١٥٤ یـەكەی سـەربازییان پێكـهێنان و گوتیان دەمانەوێت بچینە بـەرەی شـەڕەوە؛ پیاوەكانی شـۆڕش بە قـاقـای پێكەنین و جنێودان هێـزەكانیان پێ هـەڵوەشاندن! ژن ؟ هههههه! هەڵبژاردنی پیاوانیش پارەی تێدەچـوو، شتی بە خـۆڕایی نـەبوو، بۆ دەنگدەر دەبـوو بە رەسمی تۆماری داهاتی هەبوایە، داهاتی سێ رۆژی بدایە و، بۆ كاندیدایهـەڵبژێران داهاتی ١٥٠-٢٠٠ رۆژ . پـادشاییش تا سپێتامبری ١٧٩٢ هەر ما، رابـەرانی شـۆڕش سەرسەریشیان تێدا بوون: میرابۆی خەتیبیبەناوبانگ جاشی شاژن بوو و نهێنیی هەڤاڵەكانی خۆی بۆ دەبرد و كتێبی پۆرنۆی خۆی دەنووسی، چەپەكانی رۆبسپێر جارێ دەسەڵاتی سـەرپەراندنی زۆرتـرین فـەرەنسیی بێگوناهیان نـەبـوو ( ئەوانە كەوتنە سـەرەتای ساڵی ١٧٩٣) ... ئا لە ئەو وەزعـەدا، شـاعیر و مووسـیقارێكی فەرەنسیی ئـەفسەری پـادشایی فـەرەنسـا ( پێنج مانگێک پێش بـوونی فـەرەنسا بە كۆمار) " رووژێ دو لیل" شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی ئاپریل ١٧٩٢، نـەخەوت و تا بـەیانی ئەو سرروودەی دانا كە دواتر ناو نـرا " لا مارسێیز La Marseillaise ": ئۆزارم سیتوەییا ئۆزارم سیتوەییا Aux armes citoyens بۆ چـەک هاونیشتمانان بۆ چەک هاونیشتمانان ... و بـەوە ورەیـەكی دا بە سـەربازان كە چـاوەڕوانیی سـەربازیی پێشتری لنگەوقووچ كـردەوە و سەركەوتنی دابینكرد .

رووژێ دو لیل، ئـەگـەر شێرزاد حەسەن بوایە یا یـەكێک لـەو فـەیلەسـووفـانەی تـری شـار، دەیگوت : چەكی چی ؟ بۆ كێ ؟ خۆ رابەرەكەت خەریكی شـاژن و پـۆرنۆیە رۆڵە، لەشكری قـەحبەكـانمان رۆژ بە رۆژ گـەورەتـر دەبێـت و ... بـەڵاكانی بۆ ریـز دەكـرد ... ئـەوجـا ئـەوە سەریشكەوتن بە چی دەچێت ؟ چیتان دەستدەكەوێت ؟

بـەڵام رووژێ دو لیل، نیشـتمانی خۆشدەویست، نیشـتمان لای ئـەو درۆ نـەبوو، حـەقیقەتترین حەقیـقەت بوو، ئـاڵای شۆڕش نـەدەبوو بە ئەو مار و دووپشكانەی سەر رێگا سـووک بكرایە، لەشـكر دەبوو بـاز بەسەر هەموو ئەو كۆسپانەدا بدات بۆ پەڕینەوە بۆ ئەوبەر . ئەوە لە وڵاتی نەتەوەیەكدا كە " وجوود"یشی هەیە، فـەرەنسایە، زمان و شـەخسیەت و هەویەت و مەركەزی لە دنیادا هیچی خەتەری نەمانی لەسەر نیە، وەكو كورد لە نێوان"هەبوون" و" نەبوون"دا نیە .

رووژێ دو لیل، رای نـەکـرد بۆ سـەربازخانەی دوژمـن تا لێی بپـارێتەوە مـووچـەی بداتێت و حـکومەتی ئینقاز دروست بکات؛ لە جیاتی سـەرقاڵکردنی سەربازان بە باسی پۆرنۆی میرابۆ و لەشکری قـەحبەکان لە سـایەی شـۆڕشەوە، ئـۆزارم ئـۆزارمی بۆ دەنووسیـن و ئـاهـەنگی بۆ دادەنا . رووژێ دو لیل شەڕافەتی ئەڤینداریی نیشتمانی هەبوو، هیچ حەقیقەتێک لەسەر رووی زەوی بۆ ئەو لەو نیشتمانەی ئەو حەقیقەتتر نەبوو .

٥

مرۆڤ دەبێت وجوودی هەبێت تاکو پۆشاک و خۆراک و هەموو پێداویستییە ماددییەکانی تری زیندەوەرێک لە وجووددا دابین بکات . دنیاش خواستی وجوودی مرۆڤی بە " ئاڵا "ی سەربە-خۆییەوە بەستووەتەوە : کاتێک خاوەنی ئـاڵایەک لەو ئـاڵایەنەی سەر بـاڵەخانەکەی نیـویۆرک بـۆمبی کیـمایـی بـە خـەڵـکێکدا دەدات، یا چـوار هـەزار و پێنجسـەد دێـیان لـێ وێـران دەکـات، دەیانـگرێت و هـەتکیان دەکـات و دەیانبـڕێـت و دەیانـکوژێـت، بە دنیا دەڵێـن بـۆچی پێش بەوە نـاگرن یا بۆچی هەمان تـوانای کە دەیدەن بەو نـایدەن بەو خـەڵکەش تا خـۆیانی لێ بپارێزن ؟ دەڵێن : کـوا، دا وەرن لەو ئـاڵایەنەی سـەر ئـەو بـاڵەخەنایەی نیـویۆرک پیشـانمان بدەن کامەتە ئاڵاکەی ئەو خەڵکە ؟ فـڕۆکە و چەک و چۆڵ مافی خـاوەنی ئـاڵایە، ئێمە نەتەوەکان کە ئاڵامان لە سەر ئەم باڵەخانەیە دەشـەکێتەوە دەبێت نێوانمان هـەبێت و هـەموو شت بە یەکتر بفرۆشین و بە قـانوون یـەکتـریش بپارێزین و، هـەرچی لە سنووری قـەڵـەمڕەویی ئـاڵاکەی خـۆیدا بیکات بەشێکە لە مافیخۆی، کارێکیناوخۆییە و قانوونی دنیا رێز لە سنووریقەڵەمڕەویی دەگرێت . ئەی ئەو نـەوت و ئـەوەندە کانەی لە خاکی من دەردێت تا من بە بـەکارهێنان و بە پـارەی ئـەوە پێداویستیی ژیانی خۆم دابین بکەم کوا ؟ دەڵێن ئـەویش بە قانوون هی خـاوەنی ئەو ئاڵایەیە کە لەسەر ئەو باڵەخانەیەی دەبینیت . هـەموو شـت بە ئـەو پـارچە پـەڕۆیەوە بـەندە و خـاوەنی ئەو ئاڵایە خاوەنی هەموو شتە ؟ بەڵێ، سەد لە سەد وەهایە . کەواتە، سامانی خاکی خۆم بۆ هەموو پێداویستییە ماددییەکانی ژیانی خۆم و هـەر وجـوودی خۆشم کە وەکو مشک و مار و موور بە دەرمان نەمکوژن ... هەمووی بە ئەو پارچە پەڕۆیەوە بەندە کە لەسەر ئەو بـاڵەخانەیە بێت ؟

بەڵێ ئەرێ وەڵڵا سەد لە سەد وەهایە .

کەواتە دەبێت، من ئـەگەر بمەوێت بـژیم، بۆ ژیـانی خۆم، بۆ خـەبات بە هـەر نـرخێک بێت لە پێناوی ئـەوەدا کە ئـاڵای خۆم لەسەر ئەو بـاڵەخانەیە بشەکێتەوە درێغی نەکەم، پێوانەی کردارم ئـەمە بێت : هـەرچی بە هەر شـێوەیەک بستێک لە گەیشتن بە ئەو مەبەستەم نیزیکم بکاتەوە بۆ من پیـرۆزە و، هـەرچی بستـێک لەو رێـگەیـەدا بـمباتـە دواوە یا لە شـوێنی خـۆم بمچـەقێـنێـت نـەمەوێت ؟ بـەڵێ ئەوە ئیتر پێوانەیەکی پێداویستیی ماددیی پـەتیی منە بە قانوونی ژیان لەسەر زەوی .

ئـەوجا ئـەگەر ئـەو ئـاڵایەم لەوێ شـەکایەوە، ئیتر مسـۆگەرە کە ژیـانم بـاش و بـەڕێز دەبێـت ؟ نـەخێر، بە هیچ جـۆرێک نـەخێر، خـەڵک هـەن ئەو ئـاڵایەشیان لەوێ دەشـەکێتەوە و پیستـرین ژیانیان هـەیـە، ئەو ئـاڵایە هـەر بۆ وجـوودە، ئـەگەر ئەو ئـاڵایەت لەوێ نـەبێت وجـوودت نیە، ئـەوجا کە وجـوودت هـەبوو، دەتوانیت وجـوودەکەت بکـەیت بە ژیـانی بـەهەشت و دەشـتوانی پیستـرین شتی لێ دروسـت بکەیت . مەسـەلە وجوودە، هەلی ئەوەت دەداتێت لەوانە بیت کە لە سـەر زەوی زۆر بـاش دەژیـن، تـوانای ئـەوەت دەداتێت بـاش بـژیت و، ئـەگەر توانات نـەبێت خراپ دەژیت، بەڵام هەلەکەت دەداتێت، دەرگات بۆ ژیان بۆ دەکاتەوە و،دەمێنێتەوە سەر خۆت چیی لە ژیانت دەکەیت. ئەوسا ئەو مافەت دەداتێت کە ئێستا نیتە، ئەو دەرگایەت بۆ دەکاتەوە کە ئێستا بە رووتدا داخراوە، ئەو دیوارەت لە بەردەم ژیانی ئەم دنیایە بۆ لەسەر رێ وەلا دەبات .

ئاڵا لەسەر ئەو باڵەخانەیە واتە" وجوود"، دەبێت تۆ لەپێشدا وجوودت هەبێت، ئەوجا وجوودی خۆت بۆ خۆت و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بە قیمەت دەکـەیت یا سـووک و چـرووک و بێقیمەت، ئەوە هەمووی دوای"وجوود" دێت، دەبێت لەپێشدا هەبیت تا بزانیت دوای ئەوە دەبیت بە چی .

ئێستا، لەم سەردەمەدا، ئـەسڵ ئاڵاکەیە لە سەر ئەو بـاڵەخانایە . کە ئەوەت نـەبوو، هیچی خۆت نابێت . کە هـەتبوو ئـەوسا دەکـرێت هـەموو شتی خۆت هەبێت و بە مرۆڤایەتیشی بفرۆشیت و پێی زۆر دەوڵەمەندیش بیت .

ئـاڵای دەوڵـەتی سـەربەخۆ ئێستا لە دنیادا یـەکـەم وشەی ئینجیلی یوحەننایە کە دەڵێت : سـەرەتا وشە بوو، بۆ وجوودی ئێمەش سەرەتا : ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆیە .

ئالآی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ کورد" أقرأ"ی قورئانە، کە هەموو سوورەتەکانی وجوود بەدووی ئەوەدا دێن .

٦

هـەموو هەستێکی نەتەوەیی سەرخانی ژێرخانێکی ماددیی ژیانە، شتی غەیرە ماددی وجوودی نیە، شتە ماددییەکان رەنگدانەوەی مەعنەوییان هەیە . لەبەر ئەوە کاتێک کەسێک دەڵێت : خـۆ ئەو ئـالآیە پـارچە پـەڕۆیەکە، تۆ کە کراست نـەبێت، ئەوە چیت بۆ دەکات ؟ ئەوەی ئـەوەت پێ دەڵێت، دەیەوێت قۆڵت لە بنڕا ببڕێت، دەیەوێت لە بنڕا لە قوماش و بەرگدروو و دەبەرکردن و هـەموو ژیانت دابڕێت، هەویەتی وجوودت لە ناو حەوت ملیار مرۆڤی دنیا بسڕێتەوە، چۆن ؟ مرۆڤ لەو گیاندارانەیە کە بە کۆمە ڵ دەژیـت، بە رەوە، وەکو فیل و گورگ و گامێشی کێوی و... ئەوەندەی دی . کە تـاکێک لەو جـۆرە رەوە حـەیوانانە لە رەوەکەی دادەبـڕێت، یـەک شت چـاوەڕێی دەکات : خـوران، دەیخـۆن، پیـس دەیخـۆن، لە پێشدا لە قـوونییەوە دەیخۆن تا دوایـی دەگەنە کەللـەسـەری . کاتێک لەشـکری ئـەڵمان دەچێتە سەر خاکی فـەرەنسا و ئـالآی هەویەتی رەوەی ئەڵمان لەسەر زەوی لەسەر بورجی ئێفێل هـەڵدەکات واتە : ئـەی رەوە فـەرەنسـییەکان ئـەم جەنگەڵە ئیتر هی منە ... کراسی چی و نانی چی و ئاوی چی و ... تەواو، فنیتۆ، من خـۆم دەزانم چیتان پێدەکەم و بە مەیلی خۆم کەی کامتان چۆن دەخۆم!

ئەوە سەد لە سەد وەهایە، ئەوە حەقیقەتی ژیانی رەوە مرۆڤەکانە، من هـەڵمنەبژاردووە، ژیـانی ماددی لە سەر هەسارەی زەوی وەهایە . لەبەرئـەوەیە کە هـەژارترین و نـەدارترین و غـەدر- لێکراوتـرین پـرۆلیتاری فـەرەنسی دەیـەوێت بە هـەر نـرخێکی ژیانی بێت رووبـەڕووی ئـەو داگیرکردنە ببێتەوە . سارتری شێتی وجوودییەت دەست دەداتە دەمانچەیەک و بە سیمۆنخانمی دڵبەری دەڵێت با بچین ئەو فەرەنسییە خاینە بکوژین چونکە رەگەڵ رەوەی ئەڵمانیداگیرکەری جەنگەڵەکەمان کەوتووە و ئەگەر فریای خۆمان نەکەوین خوراوین، با نەخورێین و وجوودمان لەسەر زەوی بمێنێت... ئەوە فەلسەفە و ئەدەبیات و عەقیدە و نازانمچی نیە، نا، پێداویسـتییەکی ماددیی پـەتیی ژیـانـە لە سەر زەوی، غـەریزەی مانەوە و نەسڕدرانەوەیە، ئەوەی کە دەیەوێت

پیرۆزیی ئـاڵای ڕەمـزی ئەو مـانەوەیەت لا نـەهێڵێت دەیـەوێت بتسـڕێتەوە . ئـەوەی بە نـاوی مووچە و پارەی نـازانمچی لە ڕەوە مرۆڤانی تـری داگیـركەری جـەنگەڵەكەتەوە، دەیـەوێت لە ئـاڵای جـەنگەڵەكەی خۆت داببڕێت، ئەوە دەیەوێت هەموو شتت لێ بستێنێت و لەدواییدا هیچ - هیچت بۆ نەهێڵێتەوە و هەرچی هەتە بكەوێتە دەست ڕەوەیەكی ترەوە كە لە جەنگەڵی هاوسێوە هاتوون و داگیرت دەكەن .


كاتێک منی كورد دەبینم ئۆسمان بایدەمیرێک، كە خەڵكی دیاربەكرە و، دیاربەكر چەندینسەدە بە ڕەسمی" كوردستان " بووە لە كاتێكدا كە ناوی توركیا وجوودی نەبووە ( هەر ئیمپراتوریی عوسـمانی هەبووە)، ئێسـتا ئـەو ئـامادە بووە بچێتە پـەرلـەمانی " تـوركیە جمهوریەتی"، نـاوی كوردستان دەهێنێت، سەرۆكی پەرلەمان دەڵێت : " كوردستان نەرەدە ؟ " كوردستان لەكوێیە ؟ كـاتێک ئـۆسمان وەڵام نـاداتـەوە، سـەرۆكـی پـەرلەمان بە ڕەسـمی داوای وەڵامی لێ دەكـات : ئـاغای پەرلـەمانتار وەڵام بدەوە نەرەدە كوردستان ؟ سەرۆكی پەرلەمانێک كە دەبێت مێژووی عوسـمانی بزانێت و، یا بـەلای كەم وەكو هـەموو دنیا بزانێت كە هـەرێمێكی هاوسێی بە ناوی ڕەسمیی" كوردسـتان " هەیە . تـەبیعی ئەو هەموو ئەوانە دەزانێت بەڵام بەو كوردە دەڵێت : تۆ وجـوودت نیە، خـاكت نیە، تـەنیا یەک شت هەیە كە خاكی توركە و كوردستان جەنگەڵی منە و ویستی من تێدا دەخـوات، ئەوەی تێدا هەیە هی منە، ئـەوە بۆ وجـوودی ماددیی منە . كە مـن لە سـنفبەندیی ڕەوە زینـدەوەرەكانی سـەرزەویدا لە خـەڵكی ئـەو كـوردستانەم، ڕامـدەچڵـەكێنێت و پێمدەڵێت : هـۆو هـۆو زەلام فریای خۆت بكەوە دەبینیت وا بە بەرچاوی خۆتەوە چۆن دەتخۆن ... هەستی نـەتـەوایەتیی من لێرەدا وجـوودی ماددیی منە لە سـەر زەوی، هـەر سەرخانێكە بۆ حەقیقەتی ژێرخانی مادیی وجوودی ژیانم .

٧

دەكرێت كەسـێک بپرسێت : كاتێک فـەرەنسی، ئـامادەبوو بكـوژێت و بكـوژرێت تاكو ئـاڵای ئـەڵمان لە سەر بـورجی ئێفێل بهێنێتە خوار و ئـاڵای فەرەنسای ڕەمزی وجوودی خۆی لەسەر خاكی خۆی لە شوێنی دابنێت و، بە گەڕانەوەی جەنەڕاڵ دو گۆل و هاواری كە دنیای پڕ كرد:

موا فرانس! من فەرەنسا، هەموو فەرەنسییەکانی بە راست و چەپەوە خستە هێستیریایەهاواری شادییەوە، کە ئەوە ئیتر قسەی شەڕە جەنگەڵەکەی تۆ پیشان دەدات، ئەی چۆن ئەمڕۆ ئەو دۆستایەتییەی ئێستای فەرەنسا و ئەڵمان دەبینین ؟ ئەوانە چۆن وەکو رەوە فیلەکان و گورگەکان و ئیدی چیتر شەڕی یەکتر ناکەن ؟ ئەو پرسیارە ئێجگار زۆر گرنگە، وەڵامەکەشی ئەمەیە : ئەوە پیشاندانی دەدات کە رەوە مرۆڤەکانی سەرزەوی دەیانەوێت لە دنیای جەنگەڵی حەیوانە-کانیتر دوور بکەونەوە و ببن بە زیندەوەری چاکتر . مرۆڤ، وەک حەیوانەکانیتر بە غەریزە دەژیت، کە شەڕ بۆ ئاڵاکەی دەکات، وەک هەر حەیوانێکی تر بۆ مانەوەی خۆیەتی، بەڵام لە پاڵ غەریزەدا "عەقڵ"یشی هەیە تاکو لە ئەزموونی خۆی فێرببێت و هەمیشە لە پەرەسەندندا بێت بۆ دۆزینەوەی رێگەیەکی باشتر بۆ دابینکردنی ژیان و پێداویستییە مادییەکانی خۆی لە سەر زەوی . گۆڕانی فەرهەنگ لە دە هەزار ساڵی رابردووی مرۆڤدا کە پێدەزانین، ئەوەمان پێدەڵێت، تەنانەت لە شتی زۆر بنچینەیی غەریزەدا، وەک غەریزەی جنسی، لە کاتێکدا کە حەیوانەکانی تر لە سەدان هەزار یا ملیۆنان ساڵەوە لە سەر یەک رەوت بوون، مرۆڤ تەنانەت لە یەک سەدەشدا دەکرێت چەندە گۆڕان بەسەر فەرهەنگیدا بێت : نێوانی ژن و پیاو و خێزان و هەڵوێستی شتی تر لەو مەیدانەدا . فەرەنسی بە ئەو خۆگرتنەی و قوربانیدانەی بۆ ئاڵاکەی خۆی، ئەڵمانەکیشی ناچارکرد کە فێر ببێت هەنگاوێک لە جەنگەڵ دەرچێت و بەرەو بوونە زیندەوەرێکی باشتر هەنگاوێک بنێت، تا پێکەوە بزانن چی بۆ ژیانی هەموویان باشترە . ئێستا فەرەنسی و ئەڵمان یەک هەمان پارەیان هەیە : یورۆ؛ دەشکرێت لە داهاتوودا ئاڵاکەشیان بکەن بە یەک ئاڵا... ئەوەیە رێگەی پێشکەوتنی مرۆڤ، رێگەی دوورکەوتنەوەی لە جەنگەڵ : لە قۆناغی نەتەوەدا، قوربانی بۆ ئاڵاکەی خۆت بدە و مل بۆ ئاڵایەکی تر کەچ مەکە، تاکو لە نەتیجەدا هەرتک لا بە ژیانێکی باشتر و دوورتر لە فەرهەنگی جەنگەڵ بگەن . بەڵام کە تۆ لە قۆناغی رووبەڕووبوونەوەکەدا بتەوێت من پیرۆزیی ئاڵاکەی خۆم لا نەمێنێت و بەوە ئاڵای داگیرکەرم بەسەردا بسەپێت، بەوە دەبیتە کۆسپ لە سەر رێگەی پەرەسەندنی مرۆڤایەتیدا بۆ دنیایەکی باشتر، بۆ دنیای ناچاریی فێربوونی رێز لە یەکتر گرتن . بەوجۆرە کە هەر قەومە هەموو قەومەکانی تر ناچار بکات رێزی لێ بگرن و هەموو بە رێزەوە یەکتر قەبووڵ بکەن و

پێکەوە یـەک دنیای بـاشتـر دروست بکەن و بە هـەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی بـەوە بگەن کە هـەر یەک ئـاڵایان هـەبێت و بەو ئـاڵایە روو لە هـەسارەکانی تـر بکەن و بڵێن : ئێمە نـەتەوەی مرۆڤی سەرزەوین ... هیچ لەوە پیرۆزتر نـابێت، بـەڵام ئـا بە ئەو رێگەیەدا کە هـەر قۆناغە بە رێـزی مـرۆڤایەتیی خـۆی رێـزی لێ بگیرێت و پێداویستەکانی ئـەگەر پێویست بکات بە خوێن بسەپێندرێت . ئەوە واقیعی ژیان و رێگەی لۆجیکیی خەونی مرۆڤایەتی دەبێت .



بیرەوەرییەکانم

منی خوێندکاری خانەی مامۆستایان و لاپەڕەیەکی شاردراوە لە ژیانی هەژاری موکریانیدا

کات دوا دوای پایزی ساڵی ١٩٤٧ بوو، ئێمە بیست خوێندکارێکی کورد بووین لە خانەی مامۆستایان لە ئەعزەمیەی شاری بەغدا دەمانخوێند و لەو ساڵەی خوێندندا شەش خوێندکارمان کۆیی بووین ئەوانیش جگە لە خۆم کەمال ڕەشید حەوێزی و کەمال سادق و عەبدوڵڵا ئەحمەد نورجان و عەبدولرەحمان هەنار و زاهیر هەناری بوون. ڕۆژانی هەینی بەیەکەوە دەچووینە ناو بازاڕی بەغدا و لە چایخانەی کوردان لە حەیدەرخانە دادەنیشتین. نزیکەی ١١ مانگ بوو کۆماری دیموکراتی کوردستان بە پیلانێکی ئیمپریالی زندەبەچاڵ کرابوو، بەشداربووانی ئەو تاقیکردنەوە سیاسیە یان خنکێنرا بوون یان پەنایان بردبووە بەر وڵاتی سۆڤیەتی جاران یان بەرەو کوردستانی باشوور و عیراق هاتبوون.

ڕۆژێکیان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا بە شەقامی ڕەشیددا تێدەپەڕین کاتێک گەیشتنیە نزیک مزگەوتی حەیدەرخانە، لەپڕ چاومان بە کۆنە قوتابییەکی ناسیاومان کەوت کە چەند ساڵێک بوو لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییەوە دەستی لە خوێندن هەڵگرتبوو و لەبەردەم ستۆدیۆیەکی وێنەگرتن وەستا بوو یەکسەر دڵمان داخورپا و ترسێك دایگرتین چونکە بیستبوومان ئەو کوڕە نەگریسە لە سازمانی (تەحقیقاتی جینائی عیراقی) کار دەکات کە ئینگلیزەکان کاتی هاتنیان بۆ عیراق بەناوی کورتکراوەی (C.I.D) دایانمەزراندبوو، کابرای نۆکەر لە جاران گەرمتر هاتەپێشمان و دوای چاک و چۆنی کردن، گوتی: فەرموون ئەمە ستۆدیۆی خۆتانە و بەهاوبەش لەگەڵ برادەرێکی ئاوارەی کوردستانی ئێران

75

لاوێکی ڕەقەڵەی لاوازی کەمێک لەخۆمان بەتەمەنتر، خەریکی ڕتووش کردنی چەند وێنەیەکی فۆتۆگراف بوو. کە چاوی بە ئێمە کەوت سەری بەرزکردەوە و پێشوازی لێکردین و کابرای سەر بە (C.I.D) پێشکەشی کردین و گوتی: ئەی کاک (عبدولرەحمان)ی پەناهەندەیە و خۆشەویستی قازی محەمەد بووە. ئێمە بە ترسێکەوە ڕێزمان لێنا. چونکە لە ترسی کابرای سازمان نەمانوێرا لە هەواڵی سەردەمی ژیانی لە کۆماری کوردستاندا بپرسین و هەردووکیان پێیان گوتین ئەگەر وێنەی خۆتان گرت، لەلای ئێمەی بیگرن، چونکە بۆ خوێندکاری کورد هەرزانتری دەگرین و ئێمەش گەلێک سوپاسمان کردن وبەرەو خانەی مامۆستایان گەڕاینەوە، بەلام سەرمان لەوە سوڕمابوو، چۆن تێکۆشەرێکی شەرێکی وا بەرێز لەگەڵ پیاوی (C.I.D) ستۆدیۆ بکاتەوە من لە ڕێگەی خوالێخۆشبوو کەمال ڕەشید حەوێزی هاوڕێمەوە پەیوەندی ڕێکخستنم بە پارتی دیموکراتی کوردەوە هەبوو، لە ڕێگادا بە یەکترمان دەگوت: چۆن بتوانین بە نهێنی بەگوێی ئەو برادەرە کوردە تێکۆشەرە پەناهەندەیەدا بچرپێنین کە ئەو کابرایەی لەگەڵیەتی پیاوی سازمانی پۆلیسی نهێنییە!!

بەلام بێ سوود بوو، چونکە چەند جاری کە چووباین هەردووکیان پێکەوە

ئەم دوو لاپەڕەیە لە کتێبێکی کەریم شارەزان، کە بیرەوەریی‌خۆی لەگەڵ هەژاردا تێدا گێڕاوە- تەوە، من تێناگەم بۆچی ئەو قسانەی نووسیون .

شەریکی ئەوسای هەژار لە دووکانەکەیدا، هەر وەک هەژار خۆی لە"چێشتی مجێور"دا باسی دەکات، بریتی‌بووە لە کاک جەلال نەجیب بێتووشی، مرۆڤێکی ڕەوشت زۆر بەرز، کۆمونیس- تێکی خەباتکار و هەڤاڵێکی زۆر چاک و دڵسۆزی هەژار . کەچی نووسەر لێرەدا، بە بێ ناو- هێنانی، هەر پێی‌دەڵێت شەریکی‌دووکانەکەی، بە جاسووس ناوی‌دەبات کە خەڵک لێی ترساون و هەژاریش خۆی هەستی پێ‌کردووە و ... لەو قسانە . ئەوە چیە ؟ کەس تێی‌دەگات ؟

کاک جەلال، هیوادارم مابێت و سەلامەت بێت و تەمەنی درێژ بێت، لە ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوودا لە بەرلین دەژیا، ساڵانێکە لە دەنگوباسی ئاگادار نیم .

---

من ئەوەم ١٢ی١٢ی٢٠٢١ لە فەیسبووک نووسی، کاک کامەران ئەحمەد ئەم کۆمێنتەی بۆ نووسیم :

" سڵاو کاک شێرکۆ، کاک جلال بێتوشی ساڵێک دەبێت مردوە . ئەوەی من دیومە و خەڵک لێی باس‌دەکەن تەنها چاکەیە و هەتا بڵێیت خەڵک لێی ڕازی بوو، کەسێکی بەڕێز و خۆشەویست بوولای خەڵکی . بەداخەوە پێش ئەوەی بمرێ چەند ساڵێ لە هایمی پیرەکان بوو، هەرچەند ژنەکەی تا کۆتایی هەر خزمەتی دەکرد ".

ئەوجا لە وەڵامی پرسیارمدا کە ئایا ئەولادی هەبووە، گوتی : ئەوەندەی بزانێت کچێکی هەیە .

سـرووودی نەتەوایەتیی هۆڵەندا، جاری یەکەم ساڵ ١٥٧٤ تۆمارکراوە و تا ڕۆژی ئەمڕۆ وەکو خۆی ماوەتەوە . هـۆڵەندی لە قسەدا هەر پێیدەڵێن " ڤیلهێلموس Wilhelmus ( بە ڕەسـمی : ڤیلهێلموس فان ناساو) کە ناوی دەرەبەگێکی ئەڵمان بووە و، بە دامەزرێنەری دەوڵەتی هۆڵەند-یی ئەم بنەماڵە پادشاییەی ئەمڕۆی هۆڵەندا دانراوە .

پادشای ئیسپانیا، لە هەمان کاتدا ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریی ڕۆمانیی پیرۆز، لەگەڵ پـادشایانێکدا ڕێککەوتووە کە گـوندێکی فـەرەنسـا، گوندی ئـۆرانژ (واتە : پـرتـەقاڵ) بە مـووچە بدرێـت بە دەرەبەگێکی ئـەڵمان، ڤیلهێلموس لە ماڵە میرانی ئـەمارەتی " ناساو"، کە ئەوسا چەند شوێنێکی ئـەڵمانیای گرتووەتەوە ( لەوانە شـاری ڤیسبادن) . دوای ئەوە هەمان پادشای ئیسپانیا، بـڕیاری داوە کە ئەو ئاغا ئەڵمانەی ئەو گوندەی فەرەنسا بکات بە حاکمی خۆی لەسەر هـۆڵەندا( بەشێک لە قەڵەمڕەویی پادشا ) . دوایی ماڵی حاکم سـەربەخۆیی خۆیان ڕاگـەیاندووە و، پادشا قەبووڵی نەکردووە و، لێیان‌بووە بە شەڕ، دوای هەشتا ساڵ شەڕ( ١٥٦٨-١٦٤٨) هۆڵەندا سەرکەوتووە و سەربەخۆیی‌خۆی سەپاندووە . ئەو ماڵە حاکمەی ئەوسا لەوساوە تا ڕۆژی‌ئەمڕۆ ماڵە پادشای هـۆڵەندان . هـۆڵەندی بە ڤیلهێلموس دەڵێن " ڤیلم فان ئـۆرانیە نـاسـاو ( ڤیلهێلموسی پـرتەقاڵی‌ی نـاسـاو) و ئیتر ئەو نـاوەی" پـرتەقاڵی‌ی نـاسـاو" بووە بە نـاوی ڕەسـمیی ئـەو مـاڵە و، ڕەنـگی پرتەقاڵی بووە بە ڕەنگی نەتەوایەتیی هۆڵەندییەکان .

ئەم سـرووودەیان، شـەش ساڵێک پێش دەستپێکردنی شەڕی سـەربەخۆیی لە ئیسـپانیا داناوە و، ئەو هەمووە ساڵانەی شەڕیان لەگەڵ ئیسپانیا و دوای ئەوە تا ئێستاش سروود بە بێ دەستکاری وەکو خۆی ماوە .

ڤیلهێلموس، کەواتە : سروودی نـەتەوایەتیی هۆڵەندا لە ١٥٦٢وەوە و تا ئێستا، لە پازدە کوپلێت پێک دێت و، وادەبێت کە هەر بەم شێوەیەی ئێرە بە ڕێنووسە کۆنەکەی دەنووسرێت .

سرووودێکە هەتا بڵێیت دەرەبەگی و ئاینی . کوپلێتی یەکەمی بە ئەم جۆرەیە :

Wilhelmus van Nassouwe

Ben ick van Duytschen bloet,

Den Vaderlant getrouwe
Blyf ick tot in den doet:
Een Prince van Oraengien
Ben ick vrij onverveert,
Den Coninck van Hispaengien
Heb ick altijt gheeert

وەرگێڕانەکەی بە کوردی :

ڤیلهێلموسی ناساو
منم، بە خوێن ئەڵمان .
دڵسۆزی نیشتمان
دەمێنمەوە تا مردن .
شازادەیەکی ئۆرانیە
ئازاد و نەترسم .
لە پادشای ئیسپانیا
هەمیشە ڕێزم گرتووە .

سروودی ڤیلهێلموس، پاسپۆرتێکی نەتەوایەتیی هۆڵەندایە، هۆڵەندی ٤٦٠ ساڵە پاراستوویانە، نەگۆڕە، دەڵێت : ئێمە ئەوەین کە ٤٦٠ ساڵ بە نەتەوە ماوین و ئەوەش بەڵگەکەمان : ڕێزمان لە پادشای ئیسپانیا گرتووە!

ئەی رەقیب ١٩٣٨ دانراوە، کە ئێستا (٢٠٢٢) دەکاتە ٨٤ ساڵ، کەچی کەسانێک دەیانەوێت بیگۆڕن . خوای دەکرد سروودی نەتەوەیی کورد هی پێش دووهەزار ساڵ دەبوو و، باسی پیرۆزیی سەگیشی تێدا دەبوو(هەر وەک هۆڵەندییەکە ڕێز گرتن لە پادشای ئەوسای ئیسپانیای تێدایە)، پێم گرنگ نیە و بەڵام پێشم ناخۆش نیە کە بە سروودەکەم بمگوتایە : من لەو سەردە-مەوە نەتەوەیەکم کە تێدا سەگ پیرۆز بووە!

لە زۆر ساڵانەوەماڵێکیهۆڵەندیی دۆستم هەن، کیژۆڵەکەیان ئێستا گەورە بووە و لەم دواییانەدا مێردی کرد . پێی گوتم بچم مێردەکەی ببینم . کە چووم، پیاوێکی زۆر قۆزی رووگەش روو - بەڕووم هات وبە شتێک بە دەنگی بەرز پێشوازیی لێ کردم کە هەموو دەوروبەرەکەش وەکو من پێێ سەرسام بوون : دەقی هۆڵەندیی وەرگێڕانی هەموو سروودی " ئەی رەقیب"!

هەموو بەجارێک هاواریانکرد : ئەوە چیە ؟ گوتی : ئەوە ڤیلهێلموسی دین و ئاینی شێرکۆیە، هاوسەرم پێیگوتم ئەم دۆستەمان کوردێکی خەڵکی کوردستانە و زۆرمان خۆشدەوێت، ئیتر بڕیارم دا یەکەمجار بە شێوەیەکی تایبەتی بیبینم، بۆ ئەوە دەقی وەرگێڕانی ڤیلهێلموسی کورد-ستانم بۆ دۆزییەوە و لەبەرکرد!

دۆستە هۆڵەندییەکانم زۆر چاک دەزانن هەڵوێستی من لە دین و ئاین چیە، هەمان ئەوەیە کە ئەوان لە ئاست کوێرە گوندێکی فەرەنسا یا خوێنی نەژادی ئەڵمان هەیانە! بەڵام دەشزانن کە من کوردێکی نەتەوەییم، لەبەرئەوە زۆر لەجێی خۆیدا بە " ئەی رەقیب" پێشوازیم لێ دەکەن، شتێکی کە زۆر لە رابەرانی عەشیرەتەکانی قەومەکەی خۆم هێشتا پێی نەگەیشتوون . بەڵام هۆڵەندا نەتەوەیە، بە نەتەوایەتی گەیشتووە و دەزانێت یانی چی .

دەوری هەزار ساڵ پێش سایکس و پیکۆ، ئەوروپایی هێرشیان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست هێنا، بۆ سەربڕینی ئەوانەی لە ژێر ئاڵای پاپای جێگرەوەی مەسیحدا نەبوون .
من لە کتێبێکمدا : " لە دنیای دانتێ و دەوروبەری و چەند باسێکی کلیسا و ئەدەبیاتی ئیتالی"دا، دەقی وشەکانی فەرماندەیەکی ئەو هێرشبەرانەی ئەوروپام لە ئارشیفی خۆیان وەرگرتووە کە : Radulf von Kaen لە راپۆرتەکەیدا بۆ پاپا دەڵێت :

" لە مەعەرره، سەربازەکانمان ژن و پیاوانی کافرەکانیان(مەبەست : غەیرە مەسیحی) لە مەنجەڵدا کوڵاندن و، منداڵانیشیان بە شیشەوە کردن و برژیاندیانن" .

مەعەرره (معرة النعمان"ی سووریا) ٤١ ساڵ پێش ئەوە گەورەترین رۆشنبیری هەموو سەر-دەمان " أبـو العـلاء المعري"ی تێدا نێژرابوو، ئەو وەحشـییانە ئـاوایان بە سەر دەهێنا، ئـەوانە سایکس و پیکۆ نـەبوون هەر بۆ نـەوت وڵاتان پارجە پارچە بکەن، ئەوانە منداڵیان دەکردن بە کەباب؛ مسوڵمان وجوو و سەر بە هەر ئـاینێک، تـەنانەت ئەو مەسیحییانەش کە جێی قەبووڵی پـاپـا نـەبوون، ئـەوانە هـەموویان، لای ئەو ئەوروپاییە دڕندانە " دوژمنی مەسیح بوون" و، وا سزا دەدران .
پـادشایەک لە عەشـیرەتی رەوادیی کـورد، پێشی پێ گرتن، هـەموو ئەو قەومانەی رۆژهەڵاتی نـاوەراست، بە هـەموو دیـن و مەزهەب و رەنگی پێسـت و نـەژاد و جنسـەوە، وەکو یـەک، بە خـوێنی سـەربازانی خـۆی پـاراستنی و، پـادشایانی ئەو دوژمنە دڕنـدانەشی کە گـرت، ویستی دەرسی ئینسـانیەت و ئـەخلاق و شـەرافەتیان بداتێت، لەگەڵیاندا ئـەوپەڕی باش بوو و، دیلەکان بە پـادشایانیشیانەوە بە رێـزەوە نـاردرانەوە ماڵی خـۆیان . بەوە رەنگە نـەیتوانیبێت ئـەوروپایی جـینایـەتـکاری سـەدەی بیستـەم بە ناوی سـایکـس و پیکـۆ فێـری ئینسـانیەت و ئـەخلاق بـکات (سیاسەت دڕندەییە و ئینسانیەت شوێنی تێدا نابێتەوە) بەڵام ئەدەبیاتی ئەوروپای مەمنوون کرد، بە ئەدەبیاتی کلیساشەوە پێیان هەڵگوت" سـالادینی مەزن". من دوو لە چیرۆکەکانی" بۆکاچۆ"م بۆ ئەوە وەرگێڕاون و لە باسی " دانتێ"شدا کە چۆن رێزی لە سەلاحەدین گرتووە .

سـەلاحەدین هـەموو ئـازادییەکی فەرهەنگی و دینیی داوە بە خەڵکی قەڵەمڕەویی ." موسی بن میمون"ی بژیشکی جوو کە لە ئیسپانیا لە دەستی مسوڵمانانی سەختگری ئامازیغی( الموحدون) رایکرد و چوو بوو بە بژیشکی سەلاحەدین، تاقە کەسێکە لە مێژووی دوا هەزارساڵی جـوودا کە پادشایەک پشتی گرتبێت بە دڵی خـۆی کتێبی خـۆی بە عیبری بنووسـێت و، ئـەوانە لە سەر حیسابیسەلاحەدین نووسراونەتەوە و بڵاوکراونەتەوە، ئێستا قەومی جوو و ئیسرائیل شوێنێکی زۆر تایبەتیان بۆ ئەوە هەیە ( لە قاهیرەش کەنیشتێکی هەیە בית כנסת הרמב"ם ) .

سـەلاحەدین، قـەڵەمڕەویی بە گەورەیی ئـەوەی شـارلمان هەبوو، بـەڵام بە پێچەوانەی شارلمان خـەڵکی لەسەر ئاین سەر نـەدەبڕی : هـەموو، هەر هـەموو قەومانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە هێرشی ئـەوروپاییان کە بە کەباب و شـورباوگۆشت و نازانمچیی بیانخۆن دەپاراست . ئەوە لە سەرووی ئاستی کورد و عارەب و ئیدییەوە بوو، ئەوە پاراستنی رۆژهەڵاتیناوەڕاست بوو لە هێرشیکی ئـەوروپایی وەحشی . ئـەگەر ئەوە لە عەشیرەتی رەوادیی کورد بێت و، هـەموو دنیا شانازیی پێوە بکات، بۆچی کوردەکە خۆی شانازیی پێوە نەکات ؟

ئێمە شانازی بە کاک"بیرکار کۆچەر"دەکەین و،هەقیخۆمانە، ئەو دەتوانێت چیمان بۆ بکات ؟ هیچ، خۆ فـەقیرە چیمان بۆ بکات . ئەی شـارلمانێکی کـورد بـەڵام بە نموونەی ئینسانیەت و بە مێژوو دروستکردن کە هـەموو رۆژهەڵاتی نـاوەڕاستی لە هێرشی وەحشـیگەری پـاراستووە بۆچی جێی شانازی نەبێت ؟

ئەوجا، ئەو تورکیایەی کە هەیە، بە "سەلجووقییەکانەوە" دەستی پێکردووە، شوێنێکی تورکیا- یان بە مووچە وەرگرتووە و، وا شکاوەتەوە کە دوایی ئـەولادی ئەوانە کـردوویانە بە تـورکیا . بەڵام ئەو دەوڵەتەی کە پێغەمبەری ئیسلام دایمەزراند، دوای چەند سەدەیەک بوو بە عوسمانیی تورکی- زمان و سەفەویی فارسی-زمان، خۆ خەتای پێغەمبەر لەوەدا چیە ؟ عارەب پێیبڵێین : ئەو دینە چی بوو هێنات کە سوننە و شیعەی لێ دروست بوو و کەوتینە بەر دەستی تـورک و فارس ؟ خۆ با ئەولادی ئەو و سەحابەکەی وەکو ئەولادی سەلجووق وایان بۆ عارەب بشکاندا- یەتەوە کە ببوا بە دەوڵـەتێکی گـەورەی عـارەب نـەک بچنە ژێـر دەستی فـارس و تـورکەوە و ئەوجا ژێر دەستی سایکس و پیکۆ .

جورجی زیدان له "صلاح‌الدين الأيوبی"دا دەڵێت : خەڵکی میسر له ژێر حوکمی"کوردەکانی" سەلاحەدیندا هەستیان بە بێدەسەڵاتیی خۆیان کردووە، ئێ با ئەولادی ئەویش وەکو ئەوانەی سەلجووقییەکان توانیبایان درێژەی پێ بدەن، سەلاحەدین لەدوای خۆی چی بکات ؟

سەلاحەدین " رواق الأكراد"ی له " الأزهر" دامەزراندووە، هەژار جارێک چووەتە لایان، بە پارەی ئەوقاف بورسی خوێندن هەر بە کورد دەدەن، کێ لە کوێی رابردوو وای بۆ هاونەژادی کردووە ؟

کورد فیز بە سەر فارسەوە لێ دەدەن کە مامۆستا هەژاری ئێمە " القانون في الطب "ی بۆ کردوون بە فارسی، کەچی سەلاحەدین کە ئەو دەورە جیهانییەی هەبووە لە خۆمان دوور دەخەینەوە و دەیدەینە دەست داگیرکەرەکانمان تا ئەوان بۆ مەبەستی خۆیان کەڵکی لێ ببینن ... ئەی هاوار ئەو باسە زۆری بە بەرەوەیە، لێرەدا رەنگە پتر جێنەبێتەوە .

# سەرۆک مستەفا بارزانی و دکتۆر نووری فتوحی






یادی بەخێر، دکتۆر نووری فتوحی، مەسیحیی خەڵکی سلێمانی، ئێستا دەزانم کە کلدانی بووە، بەڵام ئەوسا کە ئەو خۆی هەمیشە دەیگوت : " ئێمە کورد "، هیچ نەمدەزانی کە جگە لە کورد شتێکی تریش بووبێت، عیادەی بژیشکیی لە " شارع الرشید "ی بەغدا هەبوو، زۆر دۆستی هەژار بوو . هەموو ماڵی هەژار و زۆر کوردی تریش بۆ چارەی بە خۆڕایی دەچوونە عیادە-کەی، پارەی لێ وەرنەدەگرتن و وا دەبوو دەرمانیشی بە خۆڕایی دەدانێ .

هەژار، هەر جارە کە لە لای سەرۆک مستەفا بارزانییەوە دەهاتەوە بەغدا، سڵاوی گەرمی سەرۆک بارزانیی بە ئەو دکتۆرە دەگەیاند . زۆر باس لە بارەی نێوانی ئەو دکتۆرە لەگەڵ بارزانیدا هەن، ئەوەی کە من بۆ ئەوە لە هەژارم بیست، کە دەیگوت لە دەمی دکتۆر نووری فتوحی خۆی بیستووە بەمجۆرە بوو کە دکتۆر نووری گوتوویە :

نیوەشەوێک، لە ماڵی خۆم لە سلێمانی، لە شیرینی خەوا، بینیم لە دەرگا درا . خوایە ئەوە بە ئەم نیوە شەوە کێ بێت ؟ چووم دەرگام کردەوە، دەبینم پیاوێک وەستاوە و دەڵێت :

جەنابی دکتۆر عەفوم دەکەیت لە خەوت دەکەم، بەڵام هەڤاڵێکم زۆر نەخۆشە و ناکرێت تا بەیانی چاوەڕێ بکەین، دەمەوێت ئێستا لەگەڵم بێیت و سەیری بکەیت .

ئەو کەسەی کە لە دەرگای دا سەرۆک مستەفا بارزانی بوو .

وتم : كاكە گيان بيبەنە خەستەخانە، من بەم نيوە شەوە ناتوانم دەرچم، شەوتان باش .

ويستم دەرگا داخەم . بارزانى پێشى دەگاکەى گرت و وتى :

جەنابى دكتۆر، ئـەگەر بە خـۆشيى خۆت بێيت بـاشترە، دەنا من ناچارم بە زۆر بتبەم! چونكە من نـاتوانم هەڤاڵى نەخۆشم وا لێبگەڕێم، تۆش دكتۆريت و كارەكەت ئەوەيە يارمەتيى نەخۆش بدەيت، ئەوجا چ دبێژى ؟

وتم : جا ئەگەر بە زۆر بێت چ ببێژم ؟ هيچ، ئەچم جانتاكەم ئەهێنم .

يادت بەخێر دكتۆر نوورى فتووحى .

هەژار نێوانی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای زینودا زۆر خۆش بوو، دەیگوت شێخ عوبەیدوڵڵا زۆر هاوکاریی" ژێکاف "ی کردبوو، سەرۆک مستەفا بارزانیش زۆر ڕێزی لێ دەگرت .

ڕۆژێکی هاوینێک، لەگەڵ هەژاردا لە شیوەڕەش ( نیزیکی زینوو) بووین، هەژار پێیگوتم : لەگەڵم وەرە با بچینە ماڵی شێخ . چووینە دیوانی شیخ، دیوەخان جمەی دەهات، پڕ بوو لە خەڵک . دانیشتین و سەروچایەکیان بۆ هێناین و، هێشتا دەستمان بۆ ئیستیکانی چا نەبردبوو، دیتمان دەروێشیکی چڵکن و کوڵکن، ڕەنگپەڕیو و چاو دەرپەڕیو و زەندەقچوو خۆی بە ژووری دیوەخانێدا کرد و، ڕاست چوو پڕی دا هەر دوو پێی شێخ عوبەیدوڵلا، کە تەبیعی لە سەروویسەرەوە لەسەر دۆشەگێک هەڵکوڕما بوو و، کەوتە ماچکردنی پێی شێخ و پاڕانەوە : پەنام بۆ هێناویت حەزرەتی شێخ، دە فریام کەوە، عەفوم کە، گوناهم ببەخشە، نەمزانی چیم- گوت، ئاگام لە خۆم نەبوو، ئەستەغفیروڵڵا ... لەو بەزمە . کوڕە هەرە لاوەکەی شێخ، کاک " عومبەر"( وایان بە عومەر دەگوت) بە دوویەوە بوو، چوو لە گۆشەیەکەوە هەڕەشەی لێ دەکرد : بڕۆ دەرەوە کافر، بڕۆ!

شێخ عوبەیدوڵڵا لەبەر پیری و کەلەلایی، هیندێک کاتی پێویست بوو تا ببینێت چ هەرایەکە، ئەوجا سەری هەڵبڕی و گوتی : چیە دەروێش ؟ چ باسە ؟ لە چیت عەفو کەم ؟ چیت کردووە ؟ عومبەر گوتی : یا شێخ، ئەو دەروێشە کافرە ئەستەغفیروڵڵا دەڵێ : عەبدولکەریم قاسم لە خودا گەورەترە!

شێخ بە سەر بادانێکی سەرسووڕمانەوە چاوی بڕییە دەروێش و گوتی : جا ڕۆڵە گیان تۆیەکی دەروێشی ڕووتەڵە چیت لە سیاسەت داوە ؟ کامیان گەورەترە یا نیە بە تۆ چی ؟ مەگەر ئەتۆ خۆت چی تا بتەوێ شەرعی ئەو گەورە- گەورانە بکەی، لێیانگەڕێ بۆخۆیان شەرعی خۆیان بکەن، کێ گەورەتر بێ دەیباتەوە! تۆ چت لەو سەرێشەیە داوە ؟ مەگەر ئەوانە لە سەر قسەی تۆ پەکیان کەوتووە ؟ تۆ بۆچی خۆت تووشی کێشەی ئەوانە دەکەی بێعەقڵ ؟

خوا دەزانێت لە تەواوی ئەو دیوەخانەدا پێکەنینێک تەقییەوە دەنگی دەگەیشتە ئاسمان، عومبەر نەبێت کە ئاگر لە چاوی دەباری، بەڵام ئەویش ناچار بە ئیشارەتێکیشێخ وازیهێنا و ڕۆیشت .

١

ئیندۆنیسیا( له نیندۆنێسۆس، واته : دوورگەی هیند)، که هۆڵەندییەکان زۆرتر هەر پێیانگوتووه " ئیندییێ"، وڵاتی یەک دنیا تەواڵات، زەردەچێوە و بیبار و ... ئیدی و، یەک دنیا قاوە و شەکر و تووتن و ... ئیدی، لیکی ئەوروپاییه پێستسپییەکانی تک- تک تکاندووە و بۆی چوون :
پۆرتوگاليیەکان و ئینگلیس تێکەوتوون، ئەوەندەی بۆیان کرا، ئەوجا نۆرەی هۆڵەندییەکان بوو که فریای تاڵان بکەون و هەمووی بۆخۆیان ببەن .
ساڵی ١٦٠٢ هۆڵەندییەکان بە پشتگیریی دەوڵەتیان یەکەم شیرکەتی سهامیی زۆر گەورەیان دامەزراند ( شیرکەتی هیندی رۆژهەڵات) و بەوە توانیان سەرمایەی هێزێکی دەریایی زۆر پێکبهێنن و، له دواییدا بە تەواوی دەست بەسەر هەموویدا بگرن، نیزیکەی دوو ملیۆن کیلۆ- میتری دووجا، بە پتر لە شازدەهەزار دوورگەی چەندین قەوم و ئاین و، بە زەبری شمشێر ملکەچی خۆیان بکەن .
شیرکەت دوای دوو سەدەیەک، له نێوان١٧٩٨-١٨٠٠، مایەپووچیی‌خۆی راگەیاند و هەڵوەشا. دەوڵەتی هۆڵەندا، ساڵی ١٨١٦، بە رەسمی ئیندۆنیسیای بە ناوی " هیندی هۆڵەندی" بە موستە- عمەرەیەکی خۆی راگەیاند و، بە زەبری شمشێر خواردی و هەر خواردی، تا شەڕی جیهانیی دووەم ژاپۆن دەستی بەسەردا گرت و دەردێکی دا بە هۆڵەندییەکان که هۆڵەندییەکان به خەڵکی وڵاتیان نەدابوو : زۆر کچ و ژنی جوانی هۆڵەندی بە سەر قەحبەخانەکانی لەشکری ژاپۆندا دابەش کران .
دوو رۆژ دوای کۆتایی شەڕی جیهانیی دووەم، شۆڕشگێڕانی ئیندۆنیسی که ساڵانێک بوو له شۆڕشدا بوون، سەربەخۆیی" ئیندۆنیسیا "یان راگەیاند .
هۆڵەندی، تەبیعی ملیان نەدا، له کامپی شکەنجەی ژاپۆنییەکان دەرچوون تا دیسان بکەونەوە گیانی خەڵکی ئەو دوورگانە و دیسان بیخۆن و دەوڵەمەند ببنەوە .
هۆڵەندی، چوار رۆژ پێش کۆتایی ١٩٤٩ ملیان بۆ سەربەخۆییەکە دا، بەڵام هەر بە تەما بوون شتێک له وڵاتەکە بۆخۆیان بهێڵنەوە، ئەوەبوو لەلایەکەوە قەومێک (" مۆلوک"ـەکان، له ناوی

" الملوک"ی عارەبی) یان ماوەیەک بۆخۆیان بەکار هێنان، کە سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن (١٩٥٠و دوایی کە کاریان پێیان نەما بە ئیندۆنیسیایان فرۆشتن)، لەلایەکی تریشەوە تا ١٩٦٠ لە نیوو- گێنی(ئیریانی رۆژئاوا) دا مانەوە و، ئێستاش لایان وایە کە بەهۆی یەک رۆژنامەنوو-سی هۆڵەندییەوە بوو کە لەدەستیان دا : ڤیلم ئۆڵتمەنس ١٩٢٥-٢٠٠٤ .

## ٢


پەرلەمانی هۆڵەندی و وەزیری دەرەوە " لونس"( جۆرێک " چرچل"ی هـۆڵەندا، کە ماوەیەک سەرۆکی ناتۆش بوو)، بریاریان دا کە" نیوو- گێنی"بۆ هەمیشە بە بەشێک لە هۆڵەندا بمێنێتەوە و بریاری دەستگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوە دابینبکەن . ئا لێرەدا بوو کە " جۆن. ئێف. کەنەدی"لە ئەمریکا بوو بە سەرکۆمار . رۆژنامەنووسیهۆڵەندی ڤیلم ئۆڵتمەنس، زۆر دۆستی ماڵیکەنەدی بوو . کەنەدی داوای لێ کرد کە وەزعی"نیوو- گێنی" بۆ روون بکاتەوە . ئەویش ئـەوەی دەیزانی پێیگوت . کـەنـەدی گوتی : نـا، من قـەبووڵ نـاکەم هـۆڵـەندا لەوێ بمێنێتەوە، دەبێت بیدات بە ئیندۆنیسیا . کـەنـەدی وای لێکدابـووەوە کە ئـەگەر هـۆڵـەندا لەوێ بمابایەتەوە، میلیشیای کۆمونیستی ئەوسا بە دروشـمی سـەربەخۆیی شـۆڕشیان دەکـرد و، دەستیان بەسەردا دەگرت . وەزیری هۆڵەندیی کاروباریدەرەوە، رقی لەو رۆژنامەنووسە هەڵگرت و پێیگوت: هـەی خـاین، تا من لە هـۆڵەندا بم و هـەناسـە بدەم، نـاهێڵم تۆ لەم وڵاتە بـژیت، سـەگباب تـۆ بە ئـامۆژگارییە تەڕەماشەکانت وڵاتیکت لە دەسـت ئێمە دا . هـەرچەندە رۆژنـامەنووس هـاواری کـرد کە من تـەنیا بۆ روونـکردنەوەی وەزعی ئـەو مەڵبەندە وەڵامی پـرسیارەکانی دۆستـێکی شـەخسیی خـۆم داوەتەوە، خۆ من پێم نـەگوتووە چی بکات یا نەکات، ئەو سەرۆکی ئەمریکایە، بۆخۆی دەزانێت چی دەکات، بێ فایدە بوو .

ئـەو رۆژنـامەنووسـە جیهانییە زۆر بە تـوانایە، نووسـەری چـەند کتێب، تـاقە یـەک مـرۆڤ لە هـۆڵەندا نـەبوو کە بیوێرایە کەمترین کارێکی بداتێت، هـەمووی لە لونس دەترسـا . رۆژنـامە-نووس نـاچار کەوتە وڵاتانەوە ( لـەندەن، ئـەوجا باشووری ئافریقا و رۆما و ... ئیدی) . بـەڵام لە دواییدا، بە هۆی یـارمەتیی بنەماڵەی پـادشایی هـۆڵەندی، کە کاریان پێ هەبوو، هاتەوە و لە

١٩٩١ـەوە تا ٢٠٠٠ بە پشتگیریی ماڵی پـادشـایی بە دادگـاکانەوە سـووڕ ایـەوە تا کەمێک پێش مـردنی ( کە دەیـزانی شێرپەنجەی هـەبوو)، ئیعتیرافی دادگای وەدەستهێنا کە بـەڵێ غـەدری لێ کراوە و رۆژنامەنووس زیانی لەوە دیتـووە و، پـارەیەکی قەرەبووی درایێ کە بەشی هەرە زۆری دا بە هەقی پارێزەران .

٣

لە تەواوی شۆڕشی ئیندۆنیسیادا، ٢٦ سەربازی هـۆڵەندی لە لەشکر رایانکرد، یەکێک لەوانە، سـەربازێکی ئیجباریی تـەمـەن ٢٢سـاڵ بە ناوی " پـۆنکە پـرنسن "، چـووە ریـزی لەشـکری ئیندۆنیسییەکان لە دژی هـۆڵەندا . هۆڵەندی قـەت ئەو سەربازەیان نەبەخشی، تەنانەت پادشای هۆڵەندا ساڵی ١٩٩٥ بە سـەردانێکی رەسمی چووە ئیندۆنیسیا و بە شێوەیەک خـەمباریی خۆی بۆ قوربانییانی ئەو مێژووە دەربڕی، بەڵام ئەو سەربازە هەر نـەبەخشرا. پۆنکە لە ئیندۆنیسیاش خەباتی بۆ دیموکراسی دەکرد و، دژی دیکتاتۆری بوو و، لە سەر ئەوە خراوەتە زیندانیشەوە . ساڵی ١٩٩٤ داوای ڤیزای سەردانی هـۆڵەندای کرد، زۆر بە تـووڕەییەوە رەتکرایەوە . ساڵی ١٩٩٨ بۆ ناشتنی دایکی دیسان داوای ڤیزای کرد، وێڕای تووڕەبوونی حێزبی سەرمایەدارانی محافەزەکار VVD و هاوپەیمانیی مەسیحییەکان CDA بە چەند مەرجێک ڤیزایەکی بۆ چـەند رۆژێک بۆ ئەوە درایێ ( نەدەبوو یەک وشە بە هیچ رۆژنامەنووسێک بڵێت و ... ئیدی) .




ڤیلم ئۆڵتمەنس




لونس



پۆنکە پرنسن- ١٩٩٨

# باربارینا خانم و" فرێدریک"ی گەورەی پادشای پرووسیا -١٢٢-

فـرێدریک ی دووەم ( گەورە)، لە ١٧٤٠ (تەمەن ٢٨ ساڵ) تا کۆتایی ژیانی (١٧٨٦) پادشای پرووسیا(ی ئەڵمان) بوو. یەکێک لە گەورەترین پادشایانی مێژووی‌ئەوروپا بوو، کە وڵاتەکەی لە هەموو رووییەکەوە زۆر گۆڕی و گەورە کرد : خاک، هێزی سەربازی، مەرکەزی سیاسی، رۆشنگەرایی و پێشکەوتنی شارستانی .

ئەویش وەکو کـاتەرینەی رووسیا زۆر هـۆگری ناودارانی رۆشنگەرایی فـەرەنسا بوو، نێوانی لەگەڵیاندا هـەبوو و، ماوەیەک ڤۆلتێر میوانی بوو، ویستی مـووچەیەکیش بۆ رووسـۆ ببڕێتەوە (رووسۆ قەبووڵی نەکرد) .

لە سەردەمیدا، خانمێکی‌ئیتالی بە ناوی"باربارا کامپانینی"(١٧٢١-١٧٩٩) بە سەمای"بالێ"ی، ئێجگار زۆر لە ئەوروپادا بەناوبانگ بوو و، پێیان‌دەگوت : باربارینا .

بـاربارینا، بەڵێنی بە فرێدریک دا کە بچێت لە بەرلین بالێ پێشکەش بکات، بەڵام لە پڕ عاشقی پیاوێکی سـکۆتلەندی بوو(مەکەنزی) و، لەگەڵیدا چـووە ڤینیس و بەڵێنەکەی لەگەڵ فرێدریکـدا شـکاند، ئەوەش نەدەکرا بە فرێدریک قەبووڵ بکرایە . فرێدریک دەستبەجێ کەسێکی‌ڤینیسیی لای خۆی - بۆ تەوژم هێنان بۆ سەر ڤینیس- گرت و خستە زیندانەوە .

ژان ژاک رووسۆ ئا لەو کاتەدا سکرتێری سەفیری فەرەنسا بوو لە ڤینیس، کە زۆرترینی کاتی بە رابواردن( چوونە ئاهەنگەکان بە ماسکەوە بۆ ژنان، تیاتر، قەحبەخانەکان ...ئیدی ) بە سەر دەبرد . تـەبیعی زۆر ئاگاداری بـاربارینا خانم بوو و نێوانی لەگەڵ " فرێدریک"یش‌دا هەبوو .

فرێدریک بەوەی گەیاند کە ئـەگەر ملکەچی نـەبن و ئەو خانمە نـەگرن و بە زۆر نەینێرنە لای

ئـەوا فرێدریک ئـامادە بوو تـەنـانەت بـۆی بچووبایەتە شـەڕەوە . لێرەدا رووسـۆ دەیتوانی ببێتە نێـوانێکی خێـر و، ئـاو بە ئـاگردا بکـەن . کەسـانی تـریش عـەقڵیان بەکار هێنا و بـە هـەمووان باربارینا خانمیان قەناعەت پێکرد کە بچێتە لای فرێدریک و سـەمای بالێی بۆ بکات ( بـەڵام بە پارە و ئیمتیازی خەیاڵی) .

نـازانم رووسـۆ ئەوسا زانیویە کە فرێدریک " هۆمۆ" بـووە یا نـەیزانیوە، ئـەگەر زانیبێتی ئەوا هیچ دوور نیە بە باربارینای گوتبێت : ترست لەوە نـەبێت پادشا تۆی بۆ بـەزمی تر بوێت، ئەو ئـارەزووی بۆ ژن هەر نـابزوێت، ئەوەتا بە شیعری فـەرەنسی باسی جـووتبوونی خۆی لەگەڵ پیاوێکی ئیتالیدا کردووە، ئیدی لە چی دەترسیت ؟

# جازی ئێتیۆپی



دەمزانی کە کەسانێکی ئـەرمەنیی لە دەستی تـورک راکردوو، ساڵی ١٩٢٤لە قـودس، لەلایەن میرێکی ئێتیۆپیاوە(کە شەش ساڵ دواتر دەبێت بە" ئیمپراتۆر هایلاسی‌لاسی")، دەعوەتکراون بچن لە ئێتیۆپیا بژین و، کەسانێک لەوانە مووسیقای جاز بە شێوەیەکی تـایبەتی دادەهێنن کە بە مووسیقای جازی ئێتیۆپی دەناسرێت . بەڵام ئەمڕۆ، لە رادیۆی‌چوارەمی هۆڵەندا(ی مووسیقای کلاسیک) شتێکم بیست کە پێشتر نەمدەزانی، دەڵێت :

کەسێکی پایەبەرزی تورکیا میوانی ئیمپراتۆر هایلاسی‌لاسی دەبێت، فەرمان بە تیپی‌مووسیقای جازی‌نەتەوایەتی دەدرێت کە مارشی‌نەتەوەیی تورکیا لە پاڵ ئەوەی ئێتیۆپیادا پێشکەش بکات . تیپەکە، تـۆمەز ئێستا زۆربـەیان هەر ئـەرمەنین، دەڵێن ئێمە چـۆن مارشـی تـورکیا لێبـدەین ؟ شتی وا ناکەین . دوای پێداگرتنی کارمەندان،دەڵێن : باشە . تیپی‌موسیقا بە حەماسێکی ئێجگار زۆرەوە مارشەکە لێدەدەن کە سەرنجی هەموان رادەکێشێت .

تورکەکە دەڵێت : ئەمە چیە ؟

دەڵێن : مەگەر ئەوە مارشی ئێوە نیە ؟

تورکەکە دەڵێت : نەخێر، ئێمەی چی ؟

هایلاسی‌لاسی پرسیار دەکات : ئەوە چیە ؟

دەڵێن : ئەوە مارشی نەتەوەیی ئەرمەنییەکانە!



حەسەن قزڵجی

مامۆستا حەسەنی قزڵجی (١٩١٤-١٩٨٥) ماوەیەک (١٩٥٩-١٩٦٠) لە بەغدا لە دووکانی کاک" ئەحمەد شایی‌جان"ی وێنەگر کاری دەکرد(ستودیو الکواکب، لە کەناری"ساحة الزبیدە" بوو کە خەڵک هەر پێیان‌دەگوت " قنبرعلی"، بە ناوی مزگەوت و گۆڕی کەسێکی سەدەی دوازدە)، لە چێشتی مجێوردا باسی هەیە، کاک کەریمی حیسامی‌یش لە بیرەوەرییەکاندا باسی ئەو کاک ئەحمەدە دەکات .

بەوێدا ئۆتۆبوسی خەتی٢٣( لە "باب المعظم"ـەوە دەهات) دەچووە رۆژئاوای بەغدا، کە ماڵی هەژار لەوێ بوو . رۆژێک لە خزمەت مامۆستا قزڵجی‌دا، بە رێگەی ماڵی هەژارەوە، پێکەوە لە نهۆمی سەرووی ئەو ئۆتۆبوسەدا بووین . یەکێک لە وێستگەکانی رێگا، لە بەردەمی هوتێلێک بوو کە بە لەوحێکی ئێجگار زۆر زەلام لە سەر دەرگاکەی نووسرابوو : فندق أحمد (هوتێل ئەحمەد)، بەڵام خەتخۆشی نووسەری، ئەو تەختە زەلامەی بە یەک دنیا ئیشارەتی سەر و ژێر پڕ کردبووەوە و، نازانم چۆن بوو ئەوجارە ئەوە سەرنجی راکێشام کە ئیشارەتی"شدة " ی‌عارەبی کەوتبووە سەر پیتی میمەکەوە . لە مامۆستام پرسی : مامۆستا ئەوە هەڵە نیە ؟ کە سەیری‌کرد، لە قاقای‌پێکەنینی دا و گوتی : ئەحەممەد ؟ هەر هەڵە و بەس ؟ ئەو کەرەی ئەوەی نووسیوە بیری لای" محمد"بووە، ئەو عەرەب و مسوڵمانانە ... سەیر دابەزییە سەریان، هیچی پێوە نەهێشتن! ئیدی لەوساوە ئەو شوێنەی کە لای " ساحة الشهداء" بوو( مەیدانەکەی بەری " کرخ "ی پردی کۆن)ی ناو نا " ئەحەممەد"! وادەبوو بە کەسێکی دەگوت : کاکە لای

ئـەحـەممەد دەتبينمەوە، كەسـەكە وا دەبـوو پێشتـر ئـەوەی لێ نـەبيستبوو، دەيـگوت : مامۆسـتا، ئەحەممەد كوێيە ؟ ئـەوجا دەيگوت ئـاها بۆم باس نەكردوويت ؟ ئەو مسوڵمانە كەرەی شەددەی ناوی پێغەمبەرەكەی بۆ ئەحمەديش دادەنێ ؟ ئيدی هەژار وچەند كەسی ديكەشی فێركردبوون ئەوانيش بەو شوێنەيان هەر دەگوت ئەحەممەد .

رەوانی شـاد مامۆسـتا، ئـەوەندە سـاتير( تەنز) لە قسـەيدا هـەبوو . كاتێک چـووبووە بـولگاريا، هەژار دەيگوت ئێستا قزڵجی لەو بـارانەی ئـەوێ ئەوەندە تـوورەيە، حەتمەن دەڵێ : كـوڕە خـۆ پياو لێرە قەوزە هەڵدێنێ!

## ئارام دیکران



ساڵی١٩٥٧، من" ئارام دیکران" ( یا : تیگران) و دڵبەرەکەیم لە تربەسپی( سەر بە قامیشلی) ئا بە ئەم شێوەیە دیتوون کە لە ئەو وێنەیەدان .

کاک ئارام ئەرمەنی بوو، دایک و بابی لە کوشتاری کە لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا لە ئەرمە- نییان کرا رایانکردبوو و، لە ژێر سێبەری ماڵی حاجۆ ئاغای هەڤێرکاندا پارێزرابوون .

حاجۆ ئاغایگەورە(دووەم)، دوای شەڕی دژی تورکان، پەڕیبووەوە سووریای دیویدەسەڵاتی فەرەنسییەکان و بە یارمەتیی ئەوان دێی" تربەسپی" ئاوەدانکردبووەوە .

کاک ئارام لەو دێیە(تربەسپی )ی نیزیکی قامیشلی (یا : قامیشلۆ)ی رۆژئاوا لەدایکبوو و، بابی دەیدیت کە کوڕەکەی دەنگی خۆشە و، هانی دەدا گۆرانیی کوردی بڵێت .

کاک ئارام تەنبووری دەژەنی و، گۆرانیی کوردی و ئەرمەنی و ئاسووری و عارەبیی دەگوتن، کە زۆرتر وابوو باوکی تێکستەکانی بۆ دەنووسین .

کاک فەرهادی کوڕی جەمیلئاغای حاجۆئاغا هەرچەندە رەنگە دوو ساڵێکیش لە من بەتەمەنتر بووبێت، یەکێک لە هەڤاڵە زۆر خۆشەویستەکانم بوو، مەیلی هونەری بۆ رەسم و گۆرانی و مووسیقا و ئەو شتانە زۆر روون بوو ( دوایی دەرهێنانی فیلمی سینەمای لە چیکۆسلۆڤاکیا خوێند)؛ من یەکەمجار ئاڵای کوردستانم لای ئەو دیت، لە سەر قوماشێکی جوان بۆ ماڵەوەی خۆیانی دروست کردبوو و، لەسەر کاغەزێکی گەورە بۆ منیشی کێشا .

کاک فەرهاد زۆر هۆگری ئارام بوو و، وێڕای جیاوازییتەمەنیش، بە هۆی ئەو مەیلە هونەر-ییەیەوە، نێوانیان زۆر خۆش بوو .

بەیانییەک هەموو تربەسپی بە یەک دەنگوباس ورووژا! چی ؟ ئەمشەو ئارام کچە ئەرمەنییە دڵبەرەکەی هەڵگرتووە و کەس نازانێت بۆکوێ چوون .

کاک ئارام و دڵبەری عاشقی یەکتر بوون، ئارام چەند جار داوای کردووە و، دایک و بابی کچ رازی نەبوون بیدەنێ . ئەوەبوو لەدواییدا ئاوا بڕیاری خۆیان دابوو .

دڵبەر و دڵدار دوای یەک-دوو رۆژێک هاتنەوە و بەڵگەیان لە ئیدارەیدەوڵەت و لە کلیساشەوە پێ بوو کە ئێستا ئیتر ژن و مێرد بوون .

جەمیل ئاغا، کە ئەویش وەکو هەموو کەسی تربەسپی" ئارام"ی زۆر خۆشدەویست، بانگی کرد، بە شۆخییەوە پێگوت : هەی ساختەچی وەرە بە وردی بۆم بگێڕەوە بزانم چ کەتنێکت دا و چۆنت کرد ؟ ئیتر، کە جەمیل ئاغا دەسەڵاتداری تربەسپی بوو، ماڵی کچەکەی رازی کرد و، یارمەتییەکی هەمووانی دا .

یەک - دوو مانگێک دوای ئەو رووداوە بوو، جێژن بوو، کاک فەرهاد پێیگوتم : وەرە با بچین سەرێک لە ئارام بدەین . چووین . ئارام تەمبوورێکی بەدەستەوە بوو و، زوو لەگەڵ کاک فەرهاددا کەوتنە گۆرانیگوتن و باسی گۆرانی و مووسیقا . هەر سێکمان بووین، لە کاتی دەرچووندا، لە نیزیکی دەرگا، خانمەکەی کاک ئارامман دیت، ئێجگار زۆر جوان هاتە بەر-چاوم، بەتایبەتی دوو چاوی رەشی زۆر سەرنجیان رادەکێشا .

گوتیان کاک ئارام ساڵی ١٩٦٦( کە من لە بەغدا بووم) لە تربەسپییەوە چووەتە ئەرمەنستان ( ئەرمەنستانی سۆڤیەتی ساڵانە ژمارەیەک ئەرمەنیی لە دنیا وەردەگرت)، چاکیشی کرد، لە رێگەی رادیۆی یەریڤانەوە زۆر خزمەتی گۆرانی و مووسیقای کوردی و ئەرمەنیی کرد .

جوانان یادیان بەخێر .

**مرۆڤی شووشه**



له سـەدەکانی نـاوەند و تا سەدەی ١٧ ش نەخۆشییەکی سـەیر له ئـەوروپا هەبوو : نەخۆشییەکە " وەهم "ێک بوو، ئەوەی تووشی دەبوو، وایدەزانی لەشی له شووشه دروستکراوە! نەک له گۆشت و ئێسک و هەر شتێکی تری جگه له شووشه . ئیدی ئەوەی که چاو به گۆشت و ئێسک و ئەو شتانەی دەدیت به وەهم دادەنرا، ئەوانه " له راستیدا " شووشه بوون!

شـارل-یشـەشـەم، که له ١٣٨٠ تا ١٤٢٢ پـادشـای فـەرەنسـا بـوو( بـڕوانه رەسـمەکەی) ئـەو نەخۆشییەی هەبوو، پێی وابوو شووشەیە! لەبەر ئەوە نەیدەهێشت کەس دەستی لێ بدات نەوەکا بشکێت و ورد و خاش بێت . لەشه شووشەکەی به بەرگی خوری و ئەو شتانه چاک دەپێچایەوە نەوەکا شتێکی وێ کەوێت و بشکێت!

دیتم " ڤێرڤانتێس"یش چیرۆکێکی به ناوی " پارێزەر شووشه "هـەبوو، گوتم رەنگه باسی ئـەو دەردە بێت، بەڵام دیتم نـا، وا نەبوو، له سـاتیرێکدا، کوڕێک دەبێته پارێزەر (وەکیل، محامی)، هێنده جوانه و خەڵک باسی دەکەن، ئیدی ناوی دەنین پارێزەرە شووشەکە!

## له يادی شۆڕشی فەرهەنگیی مائۆدا




١٦ی مانگی پێنجی١٩٦٦، مائۆ بانگی له گەڵ كرد : دوا ریشەی سەگەلی بۆرژوا هەڵكێشن، سەری كاپیتالیستان بپڵیشێننەوه، پردێک بۆ دیكتاتۆریی پرۆلیتاریا بینا بكەن تاكو چین بگەیەنن به‌هەشتی كۆمونیزم ... ئیدی تەقییەوە!

كیژ و لاوی تەمەن نێوان ١٥ ساڵ و ١٩ ساڵ بوون به " جەنەڕاڵانی بچووک"ی " شۆڕشی فەرهەنگی"ی مائۆ تسی‌تونگ . هەر وا چەند كیژ و لاو كۆدەبوونەوه و بڕیاریان دەدا : دەی كێ بۆرژوایه بیكوژین ؟ به ئەم مامۆستایەمانەوه دەست پێ بكەین، بەر شەقی دەین ؟ به ئەو پرۆفیسۆره سەگبابەی ماڵیان لەوبەره ؟ خۆ ئەگەر كەسێک - بۆ بەدبەختیی- پارچه زەوییەكی هەبوایه ئەوا خۆی و كەسوكار و ئەولاد و خزمەكانیشی تێدا دەچوون، هەڤاڵ مائۆ گوتبووی " ریشەكێش"یان بكەن، ئەی مەگەر ریشەكێش‌كردنی كاپیتالیستی خاوەن زەوی چۆن دەبێت ؟ بەڵام بۆچی ؟ به چ بەڵگەیەک ئەو مامۆستایەی كه خۆشمان ویستووه و خۆشی ویستووین بۆرژوایه ؟ بۆچی ئەو پرۆفیسۆره كاپیتالیسته ؟ بۆچی خزمەكانی خاوەنی ئەو پارچه زەوییه به شكەنجه بكوژین ؟ "بەڵگه" بۆ كارەكه چی‌بوو ؟ هەر ئەو پرسیاره خۆی به كاری بۆرژوا دادەنرا : خوێندكار مامۆستای‌خۆی خۆش‌بوێت - تەبیعی - هەر ئەوه خۆی رەوشتی پەستی بۆرژوایه! بەڵام ئاخر كوا له كامه كتێبی مائۆدا شتی وەها هەیه كه " مامۆستا بوون" واتا بۆرژوا و " پرۆفیسۆر بوون" واتا كاپیتالیست ؟ پرسیار ؟ حای- حای! نەدەبوو بپرسیت، پرسیاركردن رەوشتێكی پەستی سەگەلی بۆرژوا بوو، كه بپرسیت مانای ئەوەیه تۆش بۆرژوایت و - به تەبیعەتی حاڵ- هەڤاڵەكانت دەیانگرتیت و به شكەنجه دەیانكوشتیت ." بەزەییتان

به سەگەلی بۆرژوادا نەیەتەوە " قسەی هەڤاڵ مائۆ خۆیەتی .

رۆژنامەی NRC ی هۆڵەندی، ژمارەی پشووی حەفتەی چوو، سێ لاپەڕەی بۆ قسەی شەش چینی لەو کەسانە کردووە کە کۆبوونەتەوە و هەستی شەرم و عاری خۆیان بە رابردوویان بۆ گێراوەتەوە، کە ئەوانیش پێش پەنجا ساڵ ئەو جینایەتانەی شۆڕشی فەرهەنگییان کردووە .

یەکێکیان بە سرتەیەکەوە دەڵێت : ئەدی کە دنیا لە تاوانی نـازییەکانیئەڵمانیا دەکۆڵێتەوە، چۆنە باسی تاوانەکانی ئێمە نـاکات ؟ یەکێک دەڵێت کە ئەو رابردووەی هەراسانی کردووە، خەوی لێهەڵگرتووە و، تووشی مۆتەکەی دەکات .

مائۆ دەیدیت کە حەڤدە ساڵ دوای رژێمی کۆمونیستی لە پێکین، گەل دەکەوتە سەر خـوێندن و پێگەیشتن و بیرکردنەوە و پـەرەسـەندن و، ئەوەش دەکرا زیانی بۆ خـودایەتیی ئـەو هـەبوایە، لەبەر ئەوە بـڕیاری دا دەستێکی وێرانکردنی پێدا بهێنێت و وەزعی پێش ١٧ سـاڵ دیسـان بۆ خـودایەتییەکەی خۆی سـازبکاتەوە . ژمارەی رەسمیی دەوڵـەتی چین لەوەدا باسی ملیۆنێک و ٧٠٠ هەزار کوژراو دەکات، بـەڵام ژمارەی غـەیرە رەسمی باسی هەشت ملیۆن کەس دەکەن کە بە شکەنجە کوژراون، تەنانەت تێیاندا هەبووە کە هەر کراون بە خۆراک و خوراون .

چـەندە پەیکەری بـوودایی شـکێنراون، چـەندە ماڵ تـاڵان کراون، چـەندە بـەرهەمی هونەری وێران کراون .

چینی، ئێستاش نـابێت بە دەنگی بەرز باسی ئەو رووداوانە بکەن، بـەڵام وا لێـرەدا " بە چـەند مەرجـێک" رێگـایان بە شـەش کەس داوە کە قسـە بکەن : شـکۆی پـارتی کـۆمونیستی چین و شـەخسی هـەڤاڵ مائۆ و سـەرۆکی ئێستای دەوڵەتی چین بپارێزرێت و، کەسانێکی دەوڵـەت بە دەورەوە بن، ئەوسا بڵێن .

مائۆی شاعیری گەورەی خودای ملیار مرۆڤ، دەیتوانی بە جەبەرووتی شیعری خۆی مرۆڤ بگۆڕێت : بیکات بە حەیوانێکی زۆر، ئێجگار زۆر لە ورچ و مەیموون و چەقەڵ و کەمتیار و بەراز دڕندەتر .

لەم نـووسـینەی NRC دا، بـاسی" لیـو شـائۆ- چی"ی تێدا نیە ( کە محەمەد تـەوفیق وردی ی کۆیە ئـەوەندە عاشقی بوو : هەر وەک لیوشاوشی دەڵێ : إن ...؛ هەژار قسەکەی پێ دەبڕی :

بە کوردی هەتیو، بە کوردی!)، چۆن بەر غەزەبی ئەو منداڵانەی شۆڕشیفەرهەنگی کەوت: خۆی و ژنەکەیان گرتن . ژنەکەی هەر بە یەک تاوان گیرا : تاوانی ئەوە کە ژنی ئەو رابەرە بۆرژوایەی شۆڕشی چین بووە، لە مەیدانێکدا رووتوقووتیان کردەوە، ئەوجا کراسێکی ئێجگار زۆر تەسکیان کردە بەر کە مەمک و ناوگەڵ و پاشووی تێدا دەرپەڕن، خستیانە سەر شانۆیەک و بە سەدان لەو منداڵانە کەوتنە هاوار : سەیری ق... بکەن ق ... ق ... !

ئەوە بەرهەمی پەروەردەی مائۆ بوو بۆ بەهەشتی کۆمەڵگەی کۆمونیزمەکەی .

ئەو کیژ و لاوانەی ئەو کارانەیان کردووە، زۆریان ئێستا لە " تراوما "ی ئەو جینایەتانەیاندا دەژین و، دەوڵەت هێشتا ناوێرێت بە کراوەیی بەلای ئەو کێشەیەدا بچێت .



بۆرژوایان گرتووە و فێری فەرهەنگی دەکەن



جوسێپپێ مازینی ١٨٠٥- ١٨٧٢، پارێزەرێکی ئیتالیایی بوو، چووە رێکخراوی" کاربۆناری" ی نهێنی( کە پێش زۆر ساڵان دامەزرابوو، دژی دیکتاتۆری بوو و، خەباتی بۆ ئازادیی کۆمە-ڵگەکان دەکرد) . خـەبـەری لێ درا و، پـۆلیس گـرتـی (١٨٣٠) . سێ مانگ لە زیندان مایەوە، زۆر بیری کردەوە و، کە دەرچوو (١٨٣١)، لە کاربۆناری دەرچـوو و رێکخراوی " جـۆڤینێ ئیتالیا "( ئیتالیای جەوان)ی دامەزراند، کە دروشمی" ریزۆرجیمێنتۆ "( ژیانـەوە)ی زۆر بڵاو-کردەوە و، ئیتر خەڵک وازیان لە کاربۆناری دەهێنا و روویان  دە ئەو دەکرد .

مازینی دەیویست بە پڕۆپاگەندە و وروژاندنی میللەت بۆ راپەڕین، بە دامەزراندنی" کۆماری ئیتالیای یەکگرتووی دیموکرات" بگات .

جوسێپپێ گاریبالـدی (١٨٠٧-١٨٨٢) دەریـاوانێکی ئیتـالی بـوو، سـاڵی ١٨٣٣ لە بـەندەرێکی رووسـیا، کە دەبـوو دە رۆژ بۆ بـار خستن و بـارکردنی کەشـتییەکەی بمێنێتـەوە، لەگەڵ چـەنـد ئیتالییەکدا دانیشتبوو، یەکێکیان گوتی : دەبێت ئیتالیا ببێت بە یەک کۆماری یەکگرتوو، ئیتالییە-کیتر کە ئەو قسەیەی پێ‌هیچ نەبوو، گوتی : ئەمە چیە ؟  بەڵام گاریبالدی بە بیستنی ئەو قسەیە ( ئیتالیای یـەکگرتوو) ئێجگار زۆر وروژا و، هـەستا و بە گـەرمی دەستی خـاوەنی قسەکەی گوشی و گوتی :

ـ  منیش لەگەڵتدام

ــــ من ئەندامی " ئیتالیای جەوان "م

ـ منیش دەمەوێت ببم بە ئەندام

ــــ  دەبێت داوای هاتنە ریز لە حیزب بکەیت و، ئەگەر قەبووڵت بکەن، بە رەسمی لە کۆبوو-

نەوەیەکدا بە مەراسیمی حیزبی سوێند بخۆیت .
هەمووی پێکهات و گاریبالدی بوو بە ئەندام .
ئیتالیای جەوان، بە هەمان مەراسیمی رێکخراوی کاربۆناری ئەندامی وەردەگرت. کاربۆناری واتە : خەڵووزەوانان، ئەندامانی بە شێوەی خەڵووزەوانان بۆ کۆبوونەوە دەچوونە دارستانان .
کاربۆناری کۆپیی " بەننایانی ئازاد/ فرا ماسۆن" بوو، هەر وەک رێکخراوی "هیوا"ی کورد- یش دواتر ئەو جۆرە رێکخستنە لە ئەستەمبووڵ فێر بوو و، میرحاج لە مهاباد بۆ دامەزراندنی ژ‌ێ‌کاف چوو فێری فروهێر و زەبیحی و هەڤاڵانی کرد .
ئیتالیای جەوان، هەر ئەو ساڵە (١٨٣٣) کە دەوری شێست هەزار ئەندامی هەبوون، نەخشەی بۆ راپەڕینێکی گشتی لە زۆر شوێنی ئیتالیا کێشا، بەڵام پێش بەجێهێنان، پۆلیس پێی زانی و پووچی کردەوە ( شوبات/ فێڤریەی ١٨٣٤)، ئەندامانێکی زۆر گیران، دوازدە کەسیان لێ ئیعدام کران، رابەرێکی هەڤاڵی زۆر خۆشەویستی مازینی خۆی کوشت، مازینی و گاریبالدی حوکمی ئیعدامیان بۆ دەرچوو و رایانکرد . مازینی چووە سویسرا و، گاریبالدی نوامبری ئەو ساڵە مازینیی لە سویسرا دیت . ماوەیەک نێوانیان زۆر خۆش بوو، بەڵام زۆریشی پێ نەچوو کە گاریبالدی لە میزاجیئیدیۆلۆجیی مازینی وەڕەز ببێت . بۆ گاریبالدی، ئیتالیایەکی یەکگرتوو مەبەست بوو، ئەوجا پادشایی دەبوو یا کۆمار، ئەوەیان لە ریزی دووەمدا دەهات . بۆ مازینی وا نەبوو : حەتمەن دەبوو کۆمار بوایە، دەیگوت ئەگەر وا نەبێت ئیعتیرافی پێ ناکات .
مازینی لە سویسرا گیرا و دەرکرا، چووە فەرەنسا، لەوێش دەرکرا و، چووە لەندەن (١٨٣٧)، لەوێ هەستی بە ئازادیی تەواو دەکرد و، هەر لەوێ دەستکارییەکی رێکخراوەکەی کرد و، هەنگاوی بۆ دامەزراندنی رێکخراوی" ئەڵمانیای جەوان" و" سویسرای جەوان" و" پۆڵەندای جەوان"یش نا، هەمووی لە ژێر چەتری" ئەورووپای جەوان"دا( زاراوەی" تورک یا تورکیای لاو" و - دواتر- " بۆسنێی لاو" یش هەر بە ئیلهام لەو ناوەی رێکخراوی مازینی دروست بوون)، رێکخراوی " ئامیچی دی ئیتالیا "(هەڤاڵانی ئیتالیا) شی دامەزراند .
" گاریبالدی" چووە فەرەنسا، ئەوجا تونس، لەوێوە بۆ ( ئەوسا ئیمپراتۆریی) برازیل بۆ کاری بازرگانی . لە برازیل بۆ پشتگیریی لە سەربەخۆیی وڵاتێک ( کۆماری ریۆ گراندێ دۆ سول)

له (ئیمپراتۆریی) برازیل چووه شەڕ. ئـەوجا چووه ئوروگوای(١٨٤١) و، لەوێش له شەڕێکی ئەهلیدا بووه لایەنگری لایەکیان و، هێزێکی له ئیتالییەکانیئەوێ ساز دا، که بۆ جیاکرانەوەیان وای دانا کراسی سوور بکەنە بەر و، بوو به فەرماندەی هێزی دەریاییی ئەو وڵاته (١٨٤٢). ژنـێکیشـی له بـرازیـل هێنا ( کـه بـه منداڵـی به زۆر به مێـرد درابـوو) و، ژن بـوو به ژنــی و هەڤاڵی و به هاوسەنگەری له شەڕدا ( و چوار منداڵیشی له گاریبالدی بوون) .

گاریبالدی بەوه که له ئـەمریکای بـاشووریش ئیتالییانێکی کۆدەکردنەوه و به فـەرماندەیی خۆی دەیخستنه شەڕەوه، ئەو شەڕانەی که فڕیان بەسەر ئیتالیاوه نەبوو،به ناوی" قارەمانی دوو دنیا" باس دەکرا . ئەوجا چووه رێکخراوی" فراماسۆن"(١٨٤٤)، لەکاتێکدا که سوێندی بۆ "ئیتالیای جەوان" خواردبوو ( بۆ " کاربۆناری "یش- له سویسرا ١٨٣٣) .

شـۆڕشـەکانی بـەهاری ئـەوروپایی ( ١٨٤٨)، وەزعی ئیتـالیاشـی گـۆڕی و، گاریبالدی تـوانی بگەڕێتەوه . ئیتر هەر نیزیکی مازینی مایەوه و، له ئیتالیاش هێزێکی کراسسوورانی پێکهێنا، بەڵام پادشای ساردینیا نەیویست، بۆ "پیدمۆنت"یش درەنگ بوو، بەڵام فریای شۆڕشی میلانۆ له دژی نەمسا(ئوتریش)ی داگیرکەر کەوت و له دوو شەڕدا سەرکەوتنی وەدەست هێنا . چووه رۆماشەوه و بەرگریی لەو کۆماره کرد که له رۆما به کۆششی مازینی دامەزرابوو(١٨٤٩) و هەر پێنج مانگێک ژیا(پاپا رایکردبوو)... بەڵام گەلەکۆمەگیی فەرمانڕەوایانی ئەوروپا له دژی ئەو خەباتکارانەی یەکێتیی ئیتالیا، له دواییدا شکستی پێهێنان . گاریبالدی لەسەر تکای مازینی ئەوجا قەبووڵی کرد له وڵات دەرچێت .

گاریبالدی چـووه مەغـریب، لەوێـوه به کارەکەی خـۆی، دەریـاوانیی بـازرگانی ، چـووه وڵاتـه یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، ئـەوجـا دیسـان بۆ ئـەمـریکای بـاشوور . سـاڵی ١٨٥٤ رێـگا درا بگەڕێتەوه و ... دیسان تێهەڵچووەوه .

ئەمجارەیان قۆناغی مازینی ئیتر روو له ئاوابوون دەنێت و دیپلۆماتانی وەکو(کۆنتی)"کاڤوور" ی سـەرەکـوەزیـرانی یـەکێک له پێنج دەوڵـەتەکەی ئیتالیا دەوری یـەکـەم دەبینن و، گـاریبالدی دەست دەخاته دەستی پادشاوه( بڕوانه : وێنەی لاپەڕە١٠٣ی " مەڵۆیەک له خەرمانی ئەدەبیات

-٢٠٢٠) و، پلانە سەربازییەکانی بە باشی لەگەڵ دیپلۆماسییەتی زۆر سەرکەوتووی کاڤووردا دەگونجێنێت و، لە دواییدا یەکێتی ئیتالیا رادەگەیەنن (١٨٦٠بە بێ رۆما و ڤینیس)، پادشای ساردینیا (و پیدمۆنت) ئیمانوئێلی دووەم دەکەن بە " پادشای ئیتالیا ". گاریبالدی لە ١٨٦٠ـەوە دەبێتە فەرماندەی" ئی میللێ I Mille "( هەزارەکە)، کە لەڕاستیدا ١٠٨٩ کراسسوور بوون ( کوڕ و پیاوانێکی تەمەن١١-٧٠ ساڵ و هیندێک ژنیش بە بەرگی پیاوانە).

مازینی قەبووڵ ناکات پەیمانی پێبەندی بە پادشای وڵات بدات، ئەو دژی پادشاییە و، هێشتا " رۆما" و " ڤینیس"یش لەو دەوڵەتەدا نین . بەڵام دواتر کە گاریبالدی هەوڵێکیتر دەدات رۆما بگرێت و تێدا سەرناکەوێت (١٨٦٦)، مازینی پشتی دەگرێت . مازینی چووە ئەو شەڕەش کە " ڤینیس"ی لە نەمسا ( ئوتریش) رزگار کرد (١٨٦٧) . رۆما١٨٧٠ رزگارکرا( لەشکری فەرەنسای پارێزگاری پاپای کۆسپی سەر رێی یەکێتییەکەی لێ کشایەوە) و بوو بە پایتەختی دەوڵەتەکە .

مازینی قەبووڵینەکرد ببێت بە پەرلەمانتار ،بەڵام گاریبالدی قەبووڵیکرد و بوو بە پەرلەمانتار.

ئایا جوزێپپێ گاریبالدی رابەری یەکێتی ئیتالیا بوو ؟ نا ، یەکێک بوو لە چوار گەورەترین ناودارانی ( وێڕای مازینی و ئیمانوئێلی دووەم و کاڤوور) . سیاسەتمەدار بوو ؟ نا . بیرکار بوو ؟ نا . خوێندەوار بوو ؟ بەڵێ و، سێ رۆمانی نووسیون .

گرنگترین وشەی کە گاریبالدی پێ بناسێنین : کاپتنی کەشتی(ی بازرگانی)، سەربازێکی زۆر ئازا و بەتوانای شەڕ، ئێجگار زۆر رۆمانتیک و کاریزمای خۆشەویستبوون، دەیزانی دیمەن و رەنگی جلوبەرگ و دەنگی خوتبە چ دەوری گرنگیان بۆ فەرماندە هەبوو، پاک و دوور لە هەر گەندەڵییەک لە سیاسەت و پارە و داوای وەزیفە و ئەو شتانەدا، هەمیشە ئامادە بۆ چوونە هەر شەڕێک بۆ یەکێتی ئیتالیا و بۆ هەر ئیدیالێکی تریش کە بێتە رێیەوە .

بەڵام دەبوو خەڵکی تر رێکخراو دروست بکەن تا ئەو ببێت بە ئەندامێکی، دەبوو خەڵکی تر شەڕ بورووژێنن تا ئەویش بچێت زۆر بەتوانا فەرماندەییبکات. ئەگەر هەوڵێک سەرنەکەوت، درێژەپێدانی خەباتی نهێنیی درێژخایەن بە گوێرەی رێبازێک بۆ سەرکەوتن لە دواییدا کاری

خەڵکی تر بوو، حەتمەن هی ئەو نەبوو، ئەو لە هەلومەرجی وەهادا دەچووەوە سەر کاری بازرگانیی خۆی لە وڵاتانێکی دوور . بەڵام ئەگەر لەو وڵاتانەش شۆڕشێکی لە دژی ئیستیعمار بدیتایە، ئیتالییەکانی لەو وڵاتانە کۆدەکردنەوە و کراسی سووری دەبەردەکردن و ... یاڵڵا! بە فەرماندەیی خۆی دەیخستنە شەڕەوە بۆ پشتگیریی ئەو شۆڕشە .
جۆرێک گیڤارای زەمانیخۆی بوو بەڵام بە بێ ڕێکخراو و ئیدیۆلۆجییەکی دیاریکۆمەڵایەتی. ئەستێرەیەکی ئێجگار زۆر خۆشەویست، کە ڤیکتۆر هوگۆ و ئالیکساندر دوما و شاعیران و نووسەرانی تری ئەورووپایی پێیانهەڵگوتووە . کەس پەیکەر و ناوی بە سەر شەقام و مەیدان و شوێنی تری گشتییەوە لە ئیتالیا، ئەوەندەی ئەو زۆر نیە، هەر دەڵێن ڕەنگە ڤیکتۆر ئێمانۆئێلی دووەمیش ئەوەندە پەیکەر و ناوی بە شوێنانەوە هەبن، بەلام نە پتر .

مازینی دژی مارکسیزم و دژی ڕاپەڕینی کۆمونەی پاریس بوو، ئاینی بوو و پێوەندیی بە فراماسۆنەکانیشەوە هەبوو . مارکس پێیگوتووە : کۆنەپەرست و" پیرە کەر"! و،"باکونین"ی ئانارشیستیش کە لایەنگری ڕاپەڕینی کۆمونەی پاریس بوو، مازینیێ لەسەر ئەو هەڵوێستەی لە کۆمونە مەحکووم کرد و ئەوانە تەئسیریان زۆر بوو . کۆمونەی پاریس لای خەڵکێکی زۆر لە شۆڕشگێڕان و چەپەکانی ئەورووپا زۆر خۆشەویست بوو و، دژایەتیی کۆمونە لەلایەن مازینییەوە زۆر گران بۆ مازینی تەواو بوو، خەڵکی زۆریان لێ تەکاندەوە .

یـەکێک لە گرنگترین کارەکانی پیتەری گەورە، کاتێک بوو بە قەیسەری رووسیا، بـریتی بوو لە سەپاندنی" ریشانە"( باجی ریش) . دەتەوێت ریش بهێڵیتەوە ؟ باج بدە تا ملوانکەیەک بکەینە ملتەوە، کە جۆرە لیرەیەکی لە مەعدەنێک تێدایە لە سەری نووسراوە : " ئەم پیاوە باجی ریشی داوە . ریش سەرێشەیەکی قۆڕ و بێ کەڵکە " .

کاتێک پیتەر ئەو قـانوونەی داهێنا،"ریش" لە رووسیا پیرۆز بوو . پەندێکی رووسەکان هەبوو دەیگوت " تـاشینی ریـش شێواندنی شکڵی خـودایە ". کەواتە کفرە و، ئەوەی ئەو کفرە بکات، ناکرێت رێگای بدرێت بچێتە کلیساشەوە، چونکە ئەو بە رێگای جەهەننەمەوەیە، کلیسای چی ؟ خـودا لە کتێبی پیرۆزدا گوتوویە کە مرۆڤی بە شکڵی خۆی دروسـت کردووە، وا نیە ؟ ئێ پیاو بە شێوەی تەبیعیی خۆی چۆنە ؟ ریشی نیە ؟ کەواتە خـودا بە بێ ئەوە کە پێشمان بڵێت، دەبێت " بە عەقڵ" تێبگەین کە ئەویش خۆی ریشی هەیە، دەنا ئەدی "عەقڵ"ی بۆچی داوینێ ؟

پیتەر، یەکەم قەیسەری رووس بوو کە چوو گەشتێکیباشی ئەوروپای رۆژئاوای کرد، بالتیک و پرووسیا (ئەڵمان) و هۆڵەندا ( زۆر هۆگری هۆڵەندا بوو) و ئینگلستان کە بەرنامەیەکی زۆر بەرینی بۆ رێکخستبوو : سـەردانی پـەرلەمان لە لەندەن و کـۆبوونەوە لەگەڵ فەیلەسووفان و هەڵلا- هەڵلا!

پیتـەر، کە ئـەم " پیتەرسبورگ"ـە جوانـەی لە زۆنگاوێکی زۆرتر هـەر قـوڕی کە دێـوی لێ دەرنـەدەچوو دروست کرد، بە پێچەوانەی کاتەرینەی دواتـر، کەمتر تاقەتی کتێب و فـەلسەفە و خـوێندن و مووسـیقا و تیـاتـر و ئـەو شـتانەی هـەبوو، ئەو پیاوی کاری دەسـت و بـازوو بـوو . دەچـووە هـەر کـوێ، دەیویسـت شـوێنی دروستکردنی کەشـتی ببینێت، بە دەستی خـۆی کار لە دروستکردنی کەشـتیدا بکات، دەست بـداتە ئـامێرەکانی دارتاشـی و ئاسـنگەری و ئـەو شتانە . پیتەری گەورە جـارێک (١٦٩٥) ویسـتبووی عـوسمانییەکان لە بـاشـووری دوور بخـاتەوە، لە قەڵا و بنکەی سەر دەریـای ئـازۆڤ کە رێگای دەریای رەشـی لە رووسیا دەگـرت، بـەڵام تێدا سـەرنـەکەوتبوو، چـونکە کـەشتیی بـەشی ئەو کارەی نـەبوون، لە کاتێدا کە عـوسـمانییەکان بە هاسانی فریای قـەڵای خۆیان دەکـەوتن . ئیتر ئەوەبوو پیتەر بە یەک ساڵی دوای ئەوە هێزێکی

دەریایی هەزار کەشتیی پێکهێنا و، دیسان چووەوە سەر هەمان قەڵا و، ئەمجارەیان عوسمانییەکانی لێ دەرکرد و، لە پێش لەشکرییەوە و بە دروشمی نووسراوی سێ وشەی بەناوبانگی لاتینی یولیوس قەیسەری رۆما : ڤێنی، ڤیدی، ڤیکی Veni,vidi,vici هاتم، دیتم، سەرکەوتم ( بردمەوە) " بە شەقامەکانی مۆسکۆدا رۆیشت .

پیتەر زۆر شەڕی کردن، لە دژی سوێد و دانیمارک و پۆلەندا و عوسمانی و ... ئیدی . ئەوە هەمووی پارەی زۆری تێدەچوو . پیتەر دەستی بە سەر دارایی زۆری کلیساشدا گرت، بەڵام ئەم " باجی ریش" ـەش بوو بە یەکێک لە سەرچاوەکانی پارە .

خەڵک هەبوون لە مۆسکۆ ساڵانە ٩٠٠ روبلیان باجی ریش دەدا، کە ئەوە پارەیەکی ئێجگار زۆر بوو . باج بەگوێرەی توانای دارایی هەر چینە بوو، هێندێک دەبوو کەمتر و هێندێک پتر بدەن . جووتیاران و دێهاتیی هەژار، چاویان لێ دەپۆشرا، بەڵام کەس لە شارستان نەیدەتوانی بە بێ ملوانکەی باجی ریش ریشدار بێت، ئەینا پۆلیس یا بە لوتفیخۆیان بۆیان لە بنڕا دەتاشی، یا زۆر بێ لوتفانە تاڵ بە تاڵیان بۆ هەڵدەکێشا و وەکو حەمە سمێڵی بێسمێڵی دۆستی هەژاریان لێ بەسەردەهێنا و دەیانکرد بە رووسە ریشی بێ ریش!

خەڵکی رووسیا پێش پیتەر هەر نەیاندەزانی گوێزانی ریشتاشین چیە! پیتەر لە سەفەرەکەی دنیایەک تیخی ریشتاشین( گوێزان)ی بۆ هێنان و، لە پێشدا کەوتە بڕینی ریشی ئەوانەی دەوروبەری خۆی و، دەکرا رێک پێش داهێنانی باجەکە (١٧٠٥) و یا تەنانەت دوای ئەوەش،




هـەر خـۆی بە مقەسـتێکەوە لە هـەر شـوێنێک لە ریشی هـەر کەسێک بنەوییایە و لە بنڕا بۆی ببڕیبایە .

باشە چۆنە ئـەو هەمووە ریشە لە دنیای ئیسـلامدا هەیە و، بـاجی ئیسلامیی ریـش بۆ خـزمەتی گشتیی مسوڵمانان نیە ؟ بەڕاستی سەیرە کە سـوڵتانی عوسـمانی باجی " رۆیشـتن "ی بە سەر خاکدا لە خەڵك سەندووە ( هەژار ٤٥ لیرەی باجی رۆیشتنی بۆ " عەرەفات"ی باوکی ساختەی زەبیحی داوە، کە لە سـەردەمی عـوسـمانییەوە قـەزر بـووە بـە سـەرییەوە)، کەچی بـیری لـەوە نەکردووەتەوە یا نەیوێراوە وەک پیتەر بکات ؟

## راکردن لە کامپی ١٤

١

"کۆماری دیموکراتیکی گەلی کۆریا" هەرچەندە بە هـەمووی بریتییە لە ئۆردوگایەکیکۆیلەیی، بـەڵام ئا لەو ئۆردوگایەشدا، ئـۆردوگای کۆیلەیی تری بچـووکتر هەن، لە نێوان سـەدوپەنجا تـا دووسـەد کۆیلەیەکیان تێدا هـەن، کە مەحکوومی کۆیلەیی تـەواوی ژیانن . بە هەزاران هەر لە کامپەکاندا لەدایـک دەبن و، تا کۆتایی ژیانیان تێدا کـۆیلەیی دەکەن و، منداڵیشیان هەر بە کۆیلە لەو کامپانەدا دەبن و گەورەدەبن و دەمرن .
یەکێک لەو کۆیلانە، ناوی" شین دۆنگ - هیوک"ـە، ساڵی٢٠٠٥ توانیویە بە جۆرە موعجیزە- یەک لە ئـۆردوگای ژمارە ١٤ی کامپەکەی رابکات و، تـەنانەت بگاتە چین و ئـەوجا کۆریای بـاشوور و لە دواییشدا ئەمریکا . رۆژنامەنووسێکی زۆر بەتواناى ئـەمریکایی، بلێین هاردن، گوێی لێ گرتووەو قسەکانی کردووە بە کتێبێک : راکردن لە کامپی ١٤ .




کتێبەکە سـاڵی ٢٠١٢ دەرچووە و، هـەمان سـاڵ وەرگێردراوە، هۆڵەندییەکەی سێ جـار چاپ کراوە . من چاپی سێیەمی هۆڵەندییەکەیم بۆ خوێندنەوە لە دۆستێکی هۆلەندیم وەرگرت و، هەر بە نیو سـەعات خـوێندنەوەی بـەشێکی، لام وابوو کە حـەتمەن پێویستە هـەموو خـوێندەوارێک بیخوێنێتەوە .

كتێبی " مائۆ چیرۆكی نەزانراو" حەتمەن دەوڵەمەندترین سەرچاوەی تائێستایە، كە باسی مائۆی دڕندەترین شاعیری مێژووی مرۆڤی تا ئێستای سەرزەوی دەكات . كتێبێكی تریش بە ناوی " ژیانی تایبەتیی مائۆ" هەیە، ئەویش دەوری هەزار لاپەڕەیەكە، بژیشكێكی تایبەتیی مائۆ- زۆر بە پارێزەوە - نووسیویە، ئەویش گرنگ دێتە بەرچاو، بەڵام من نەمخوێندووەتەوە . كتێبی" لەخزمەتی دیكتاتۆردا"ی چیرۆكی "كیم یۆنگ ریول"ی كۆرياییش بۆ تێگەیشتنی دنیای دیپلۆماسیەتی ئەو رژیمە وەحشییەی كۆریای باكوور گرنگە . هەموو ئەوانە زۆر گرنگن، بەڵام ئەم كتێبەی چیرۆكی ژیانی شین دۆنگ هیوك بۆ خوێندەواریی سایكۆلۆجی و ئانترۆپۆ- لوجی لەوان و لە هەر كتێبێكی تری كە من تا ئێستا دیتوومە گرنگتر دێتە بەرچاوم، پیشانی دەدات كاتێك مرۆڤ بە سیفەتە حەیوانییەكەی دەكرێتە كۆیلەی حەیوانێكی تری بەهێزتر، دەكرێت چیی بەسەر بێت .

## ٢

یەكەم بیرەوەریی ژیانی، ئەوەی ئیعدامكردنێكە :

لەگەڵ دایكیدا بوو، چوونە مەزرای گەنمێكی لای رووباری تایدۆنگ، دەبینن پاسدار بە هەزاران زیندانییان رەپێچكی ئەوێ داون . بە ورووژانی منداڵیی بەو مەحشەری خەڵكە، بە نێو لاقی ئەو هەمووە زیندانییانەدا، خۆی گەیاندە ریزی پێشی پێشەوە، ببینێت چ باسە .

كۆڵەكەیەك چەقیبوو و، پاسدار خەریك بوون پیاوێكیان پێوە دەبەستەوە . " شین ئین گێون" ئەوسا تەمەنی هەر چوارساڵ بوو، هی ئەوە نەبوو لەو قسانە بگات كە پێش كوشتنەكە دەگوتران . بەڵام ساڵانی دوای ئەوە، بە دەیان جار كە دیسان ئەو شتە رووی دەدا، هەرجارە دەیدیت چۆن سەرپاسدارێك رایدەگەیاند كە :

> " ئەم كەسەی دەبینن كە ئێستا دەیكوژین، هەلی ئەوەی دراوەتێ بە كاری سەختی بازووی، قەرەبووی گوناهی بدات، بەڵام دەستی بەخشندەیی حكومەتی كۆریای دیموكراتی رەت كردووەتەوە ".

تاكو نەهێڵن دەنگی دەرچێت، نەوەكا لەعنەت لەو دەوڵەتەی كە دەیكوشت بكات، دەمیان بە

زيخ و چەو دەئاخنی، ئەوجا کڵاوێکیان بەسەر دەموچاویدا دەدا . لەم یەکەم ئیعدامەدا، " شین " سێ پاسداری دیتن، بە تفەنگیان نیشانەیان لە زیندانییەکە گرت و، هەر کامەیان سێجار پێوەی نا . تەقەکردنەکە" شین"ی راچڵەکاند و تەنانەت بەوە پشتاوپشت کەوت، بەڵام بە زوویی خۆی کۆکردەوە و دیتی : پاسدار لاشەی شل و خوێناوییان لە دار کردەوە، دە پەتوویەکەوە پێچا و فڕییاندایە عارەبانەیەکەوە و بردیان .

## ٣

من زۆر چیرۆکی ئۆردوگاکانی ئەڵمانیای نازیم بیستوون . هێندێک کەسی ئەو ئۆردوگایانەم دیتوون و، بە دوورودرێژی چیرۆکی ژیانی خۆیان لەو ئۆردوگایانە بۆ گێڕاومەوە . بەنموونە " دکتۆر پیم پیمەنتێل"ی جووی هۆڵەندیی بە ئەسڵ پۆرتوگاڵی، کە ماوەیەک زۆر دۆستم بوو، یەکێک لە زیندانییانی ئەو ئۆردوگایانەی نازییەکان بووە، زۆر کەسی لەوێ لەدەست داوە، بەڵام خۆی ماوەتەوە تا لەشکری ئەمریکایی هاتوون و دەستیان بە سەر کامپەکەدا گرتووە و رزگاریان کردووە . بەڵام کە ٢٠١٤/٢/١٧ راپۆرتێکی کۆمیتەیەکی مافی مرۆڤی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێڤ لە سەر کۆماری کۆریای دیموکرات دەرچوو و، بە رژیمی ئەڵمانیای نازیی بەراورد کرد، گوتم نا، وا نیە، کۆریای باکوور لە ئەڵمانیای نازی خراپترە، تەنانەت ئێجگار زۆر خراپترە . هونەرو خەلاقیەتی حیزبی کۆمونیستی کۆریای باکوور لە مرۆڤ کردنە حەیوانێکی زۆر لە سەگی هار خراپتر، زۆر لە گورگ دڕندەتر، خۆشبەختانە لای نازییەکانی هیتلەر نەبووە . نازییەکان لە وەحشیگەریدا وا پەرەسەندوو نەبوون .

خانمێکی جووی هۆڵەندی، ئەویش وەکو"دکتۆر پیم"ی بەسەر هاتبوو، جارێک بۆی گێڕامەوە کە :

"لە ئۆردوگای نازییەکان،کە رۆژ دەبوەوە، دەبوو لە قاوشەکان دەرچین و لە دەرەوە ریزبگرین . ئەفسەرێکی ئەڵمان دەمانچەکەی لە کیفی دەرهێنابوو، بەدەستییەوە و لە سەر بوو، یەک بە یەک چاوی دەبڕییە دەموچاومان و ناو بەناو تەق فیشەکێکی بە سەری یەکێکەوە دەنا و دەیکوشت . دەمانزانی بۆچی، چونکە بە دیتنی دیمەنی

زەردهەڵگەڕاو و رەقهەڵاتووی دەموچاوی، دیتوویە کە کاری باش پێ ناکرێت، کە ئێمە لەوێوە دەبراینە کاری کۆیلەیی، ئیتر ئەو کەسە وەزیفەی لە ژیاندا تەواو ببوو و دەکوژرا . لەبەرئەوە ئێمە پێش چوونە بەردەمی ئەو ئەفسەرە، خشتێکمان لە کوڵممان دەخشاند، تاکو هێندێک سووریی خوێنی تێبرژێت و فێڵ لە ئەفسەرەکە بکەین و نەمانکوژێت . ئەو خشتەش قاچاغ بوو، بەڵام ئێمە هەمانبوو، دەماندا بە یەکتر و، ئەڵمان وادەبوو پێیان دەزانی و چەندێکیان لەسەرئەوە ئیعدام دەکردین، بەڵام ئێمە هەمیشە هەر هەوڵی یارمەتیی یەکترمان دەدا و، خودی ترسی مەرگ لەجیاتی ئەوە کە لێکمان دوور بخاتەوە، لێکی نیزیک دەکردینەوە ."

ئەو وێنە ئینسانییە لە" کامپی ١٤"دا نەبووە . ئێمە ئێستا ئیتر زۆر زانیاریمان لە بارەی رژیمی ئەڵمانیای نازی، رژیمی ستالین، موسۆلینی،عیراقی سەددام حوسێن، فاشیزمی ئاینیی خومەینی و ئیدی هەن، بەڵام من بەوەی کە لەبارەی کۆمونیستەکانی ئاسیای دووری دەخوێنمەوە: چین، کامبۆجیا و، رژیمی ماڵـی " کیم"ی کۆریای باکوور، لام وایە وەحشیگەریی ئەمانەی دوایی زۆر لەوەکەی ئەوانەی پێشتری تێپەڕاندووە .

لە کامپی ١٤،" شین " دایک و برای خۆی بە پاسدارەکان بە کوشت داون، لەبەرچاوی خۆی و باوکی ئیعدام کراون، بۆچی وای کردووە ؟ تاکو کەمێک خۆراکی پتری بدەنێ، چونکە قانوونی ئەو ئۆردوگایانە وەهایە کە ئەو کۆیلانە دەبێت هەمیشە برسی بن و، رۆژانە بە هیوای هێندێک خۆراکی پتر، خەبەر لە یەکتر بدەن . هەستی دایکی " شین"یش لەوەی کوڕەکەی مرۆڤپەروەرانەتر نەبووە، بەڵام ئیتر لێرەدا " شین" فریای خۆی کەوتووە و، وە پێش دایکی کەوتووەتەوە و، زووتر دەستی خۆی وەشاندووە . ئەوەی هیچ گورگێک نایکات، ئەو کۆیلە دووپێیانەی ئۆردوگاکانی کۆیلەیی کۆریای دیموکرات، لە سایەی پەروەردەی بلیمەتانەی ئەو رژیمە دەیکەن . ئەوەیە کە کۆمونیزمی کۆریا لە نازییەتی ئەڵمان جیادەکاتەوە .

ئەڵمان بە ژمارە خەڵکی ئێجگار زۆریان دەکوشت، هەر لە جوولەکانی ئەورووپا شەش ملیۆنیان کوشت، بەڵام کوشتنەکە" فیزیکی"( کوشتنی لەش) بوو، نەیانتوانیبوو هەستی ئینسانییان تێدا

وەها بکوژن کە کۆمونیستە دڕندەکانی کۆریای باکوور توانیویانە . دایک و کوڕ لە ئۆردوگای نازیدا بۆ کەمێک خۆراکی پتر یەکتریان بەکوشت نەدەدا، لە کۆریای باکوور دەیانکرد، ئینسانیەتی ئینسان تێدا لە ناوەوە پلیشێندراوەتەوە، لە رووحەوە، لە دڵ و مێشک و ئەعسابەوە، خودی قوربانییەکە بەجێیدەهێنێت، نەک ئەوە کە کەسێک لە دەرەوەوە بە فیشەکێک کۆتایی بە ژیانی بهێنێت ... ئەوەیە جیاوازییەکە . کەواتە حوکمی بەراوردی ئەو راپۆرتە راست نیە، کۆمونیستی کۆریا لە نازیی ئەڵمان دڕندەترن، پتر دوژمنی مرۆڤایەتین و، دەتوانن مرۆڤ لە هەر گورگێکی هار هارتر بکەن ( پێوەندیی گورگ و بەچکەکانی جیاوازە ) .

" شین" کە رایکردووە، تەمەنی ٢٣ساڵ بووە، کەمترین فکرەیەکی لە بارەی " خۆشەویستی" نەبووە، نە لە بارەی وشەکە ( کە قەت نەیبیستبوو) و نە لە بارەی هەستەکە . قەت لە ٢٣ ساڵی ژیانیدا بۆ یەک لەحزەش یەک تاقە ئینسانی خۆش نەویستووە و، کەمترین بڕوای بە یەک تاقە ئینسان نەبووە . هەر کەمترین هەستێکی لە بارەی هەر شتێکی جگە لە " بە کوشت دان بۆ کەمێک خۆراکی پتر" لە قامووسی ئینسانییدا نەبووە . ئەو هەستەی خۆشەویستیی کە لە دنیای مەیمووندا، فیل، گورگ، گا و گۆلدا هەست پێ دەکەین، دە غەریزەی ئەودا نەبووە . رژیمی حیزبی کۆمونیستی ماڵی " کیم " توانیویە نەهێڵێت ئەو غەریزە حەیوانییانەی خۆشەویستی و بڕوای بەچکەی بچکۆلە بە دایک و باوکی تێدا بڕوێت .

"شین"خۆی وابووە و، هەر کەسێکی تریشی پێ وابووە، بەتایبەتی بێ بڕوایی و ترسی زۆرتر لە ئەو کەسە بووە کە پێیوابووە لە لەحزەیەکدا لەگەڵیدا باش بووە، چونکە وشەی" باش" لە سەر ئەو هەسارەیەی ئۆردوگای دوور ... زۆر دوور لە هەسارەکانی مرۆڤانی سەر زەوی، وجوودی نەبووە، هەر شتێکی باش دە زیهنی ئەودا مەگەر هەر پیلانێکی فێڵ وتەڵەکە بوایە بۆ کارەساتێک .

کاتێک دایکی و براکەی کوژران، براکەی بە هەمان شێوەی زۆرجار دیتبووی، سێ پاسدار بە تفەنگ سێ جار بەرگوللەیان دا، بەڵام دایکی برایە سەر سندووقێک و پەتکی سێدارەی خرایە ملییەوە، چاویان نەبەستبوو و لەوێوە ویستی چاو ببڕێتە چاوی کوڕەکەی، کە پاسدار" شین" و باوکیان لە ریزی یەکەمی تماشاچییان دانابوون، بەڵام" شین" رووی وەرگێڕا ئەولاوە و رێی

نەدا نۆڕینی چاوی دایكی ببینەنگێوێت . ئەو لێنۆڕینە بۆ ئەو هەرهیچ مەسەلەیەک نـەبوو، ئەو بیری لای کەمێک خواردنی پتر بوو، نە پتر .

ئێستا، كە لە كۆریای باشوور بە تێراپیی سـایكۆلۆجی هەوڵی كـردنی بە مرۆڤی ئاسایی دراوە، كەوتووەتە سەر بیركردنەوە لە دیمەنی ئیعدامكرانی دایک و برای لە بەرچاوی خۆی و باوكی ( كە تـەبیعی زۆر رقی لە بـاوكیشی بووە، ئـەویش وەک هەر كەسێكی تری سـەگباب، چونكە مرۆڤ = سەگباب)، ئێستا بیر لە ئـەو دوانۆڕینەی دایكی دەكاتەوە، دایكی پێش ئیعدامی چاوی تێبڕیوە، ویستوویە ببینێت و " شین" هەلی ئەوەی نەداوەتێ .

" شین" زۆر جار ئەو دیمەنە دێتەوە خەونییەوە .

٤

" شین" لەو ئۆردوگایەی كۆیلەیی لە دایک بووە، لە دایک وباوكێكی كۆیلە و، یەكەم ٢٣ساڵی ژیانی كۆیلەیی تێدا ژیاوە . ئەو ئۆردوگایە، پەنجا ساڵە هەیە و، هەزارانی وەكو" شین" تێدا بە كـۆیلەیی لەدایک بوون و تـەواوی ژیانیان تێدا بە كرێكاری بە سەر بردووە و تێدا مـردوون .

بە گـوێرەی قانوونێكی ئـۆردوگا، ژن تێدا هەر سـاڵە پێنج شـەوان لە پیاوان چـاک دەكرێن . بە ناوی دیاریی بەخشندەیی حیزبی كۆمونیستی كـۆریای دیموكرات، ئەو پێنج شـەوەی ساڵ مافی پێوەندیی ژن و مێردیان هەیە، تـاكو منداڵیان بۆ كاری كۆیلەیی ببن و، لەشكری كار هەمیشە ژمارەیەكی باشی هەبێت و نەداتە كەمی .

گـوناهی ئەو دایک و بابانە چیە ؟ گـوناهی رەسـمی ئەوەیە كە " خوێنیان گڵاوە". یانی چی ؟ یانی خۆیان یا خزمێكی نیزیک یا دوور، - بڵێین - ئامۆزازا یا خاڵۆزازایان خیانەتی كردووە : بیروڕای بۆرژوای هـەبووە و ویستوویە بچێتە لای خـزمێكی لە كۆریای باشوور، رەخنەی لە رژیمی دیموكراتی پرۆلیتاریا گرتووە، لە رێبازی سەرۆكی لاداوە ... شتێكی لەو بابەتە .

"شین" لە ئۆردوگا خوێندنیشی هەبووە، چونكە لەشكری هەزاران كرێكاری كۆیلە، كە دەبێت ئەو هەمووە بەرهەمەیان هەبێت : جلوبەرگی پتر لە ملیۆن سەرباز(ی كۆریای باكووری ئێستا ٢٣ ملیۆن، كە خزمەتی سەربازیی ئیجباریی تێدا بۆ پیاوان دە سـاڵ و بۆ ژنان حەوت سـاڵە) و

جۆرەها پێداویستی لایەنیکەمی خۆراک و کارخانەجاتی چەک و... ئیدی، پێویستی بە خوێندن و فێربوون هەیە . بەڵام خوێندن هەر بەشی پێداویستی کارە، نە پتر، نابێت مێشک بە زانیاریی دنیای" بۆرژوا" ژەهراوی ببێت . لەبەرئەوە، " شین" ٢٣ ساڵ نەیزانیوە کە شتێک هەیە پێی-دەگوترێت : ئەوروپا، ئەمریکا، تەنانەت چین! . تا چەند حەفتەیەک یا چەند مانگێکی کەمی پێش راکردنی، نەیزانیوە وڵاتێک هەیە پێی دەگوترێت چین و لەسەر سنووری کۆریایە (و دوو ملیۆن کۆریاییشی لێ دەژین) . نەیزانیوە شتێک لە دنیادا هەیە کە پێی دەگوترێت : " دووکان" کە خەڵک دەچن شتی لێ دەکرن . کڕین چیە ؟ نەیزانیوە شتێک هەیە پێی دەگوترێت " پارە".
" شین" کاتێک دایک و برای خۆی بۆ کەمێک خۆراکی پتر بە کوشت داون، مامۆستاکەی خوێندگەی هەموو رۆژێک چەوساندوویەتەوە کە : ئاخر سەگباب بۆچی لە رێگایمنەوە دایک و براکەت بە کوشت نەدان ( تاکو منیش هێندێک خۆراکی پترم دەست بکەوتایە) ؟ هەرچەندە " شین" پێی دەڵێت " شەو هاتم پێتبڵێم، بەڵام تۆ نوستبوویت "، مامۆستاکەی پێیدەڵێت :" ئێ تا سبەی چاوەڕێت بکردایە... نەدەبوو ؟" .
سەرتاسەری ئەم کتێبە پڕە لەو جۆرە وەحشیگەرییانە .
" شین" کە دەیەوێت لەو ئۆردوگایە رابکات، نە بۆ ئازادییە، نە بۆ رێز، نا، هەر بۆ خواردنی " برینج و مریشک"!، کە بەگوێرەی" پارک"ی لەگەڵیدا، لە دەرەوەی ئۆردوگا هەیە و، ئەگەر " پارک" بتوانێت بیگەیەنێتە ئەو وڵاتەی کە دەڵێت گوایا پێیدەڵێن " چین "، ئەوا لەوێ، لای خاڵی پارک "گۆشتی بەراز"یش دەخوات . ژیان یەک تاقە شتە : چی بخوات .
" شین" یەکەم کەسێکە لە پەنجا ساڵی تەمەنی کامپی١٤ دا کە توانیویە بە جۆرە موعجیزەیەک رابکات و، مرۆڤی هەسارەی سەر زەوی لەو هەسارە سەیرەی حەیواناتی لە گورگ دڕندەتر ئاگاداربکات، بەڵام ئەوە هەر یەک کامپە لە چەندان . ساتەلیتەجاسووسییەکانی رۆژئاوا وێنەی شەش کامپی گەورەیان گرتوون، کە لە نێوان ١٤٤هەزار تا دووسەدهەزار کۆیلەیان تێدان، کامپی : ١٤-١٥-١٦-١٨-٢٢-٢٥؛ بەڵام باسی کامپی تریش هەن، بە نموونە کامپی ١٧ و، دیارە ٢٣ ملیۆن مرۆڤ لە یەک ئۆردوگای کۆیلەیی گەورەدان، کە پێیدەگوترێت :
" کۆماری کۆریای گەلی دیموکراتیک " .

پرۆفیسۆر" رۆبەرت دەیکخراف Robert Dijkgraaf "ی هۆڵەندی، پسپۆڕێکی گەورەی فیزیا و ماتماتیک، مامۆستای زانکۆ و نووسەر و، رەنگە یەکەم ئەستێرەناسی ئەمڕۆی دنیا بێت، دەوری دوو ساڵێکە بووە بە بەڕێوەبەری ئەنستیتویەکی زۆر تایبەتیش لە " پرنستن"ی ئەمریکا Institute for Advanced Study کە دەکرێت زۆری لە سەر بنووسرێت، کاتی خۆی ئاینشتاین و ئۆپنهایمەر(باوکی بۆمبیئاتۆم)و چەند کەسێکیتری وا کاریان تێدا کردووە . ئەنستیتویەک کە نە بەرنامەی خوێندنی هەیە، نە خوێندکار و نە هیچ پرۆگرامێک. کەسانێکی بۆ ئەوە تێدان کە " هەر بیربکەنەوە "، ئیدی بۆخۆیان دەبێت بزانن بیر لە چی دەکەنەوە .
ئەوان دنیای زانست فێربکەن بیر لە چی بکاتەوە، نەک کەس لە دنیادا ئەوە بەوان بڵێت، چونکە ئەوان ئیتر بە " سەرتۆپ "ی زانایان دادەنرێن .
من زۆر بە شەوقەوە سەیری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانیپرۆفیسۆر دەکەم و هێندێک لە نووسینە-کانیم خوێندوونەوە . ئێجگار زۆر زیرەکانە هەوڵ دەدات شتی زۆر ئاڵۆز بە زمانی زۆر سادە وەبەرچاوی خەڵک بهێنێت . بڵێین لە باسی کاڵەک و شووتییەوە دەست پێ بکات تاکو بچێتە گەشتێکی یەک ملیارد ساڵی رووناکی لە گەردوونی بێ سنووردا، هەر وەکو مرۆڤ بتوانێت هەرتک کار وەکو یەک هاسان تێبگات! ... هەر ئەوەندە ئەگەر لەسەرەخۆ هەوڵ بدات ئەو شتە سادانە تێبگات!، شتێکی لەوبابەتە .
لە نووسێنێکیدا ( ژمارەی ٢٠٠٦/١١/١١ی گۆڤاری Wetenschap ی هۆڵەندی - زانست )، کە لەم دواییانەشدا لە بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنیدا وەبیری هێنایەوە، باسی ئەوە دەکات کە دەستە-یەکی مرۆڤناسی ئەمریکایی( ئانترۆپۆلۆگ) چوونەتە ناو خەڵکێکی پاپوای نیوگێنی، کە قەت لەو پارچە جەنگەڵەی زێدیخۆیان دەرنەچوون و،هیچ ئاگایەکیان لە دنیای دەرەوەیان نەبووە .
بە فیلمێک شاری " نیویۆرک"یان پیشان دەدەن، ئەو بینایەتانەی سەریان لە هەورانە، ئەو هەمووە خەڵکەی دادەڕژێنە شەقامانی پڕ لە ئۆتومبیل، زرقوبرقی کارەبا، دووکان و بازاڕ و هەرا- هەرا...، ئەوجا لێیاندەپرسن : " دەی، پێمان بڵێن چیتان دیت ؟". هەموو دەڵێن :

" مريشك "! . " چی؟ " . "مريشک". مريشکی چی ؟ کوا مريشک لەوێدا ؟ دەڵێن بـەڵێ ئێمە مريشـکمان دیـت . ئـەمریـکاییەکان ئـەو قسـەیـەیان زۆر پێ سـەیر دەبێـت، پێیان وا نیـە هیـچ مريشکێک دە ئـەو فیلمەدا هـەبـووبێت . پێدا دێنەوە و، بە وردی سـەیر دەکەن، دەبینن راسـتە، زەلامێک لە گۆشەی شـەقامێک مریشکێکی بەدەسـتەوە بـووە . ئەوجا دەیکخراف، لە سێ پیتی وشەی مريشک بە زمانی هۆڵەندی (kip کیپ) ئەم قسەیەی دارِشتووە. دەڵێت کەواتە :

K = I . P. (kennis = informatie. publiek. ) زانیاری = ئاگاداری و خەڵک .

بەڵام ئاخر بۆ خاتری جەنگەڵە جوانەکەتان، پاپوا گیان، مردووتان نەمرێت، ئێوە بۆچی لە ئەو هـەمووە حـەشـرەی نیـویۆرکدا شـتێکتان جگە لە مريشـک نـەدیت ؟ کەسـێکتان نـەیگوت ئـەو هەمووە رووناکییانەی کە لەخۆوە دەکوژێنەوەو هەڵدەبنەوە، زۆر خانووی لەسەریەک، سندوو-قی گـەورەی کە لـە سـەر چـوار شـتی خـڕ دەڕۆن، کـڵاوی سـەیر، ژنـی کە مەمکیان رووت نەکردووە، کەس قوونی دیار نیە، پیاوی کە کەپۆیان بە دەرەوەیە، هەر وا، بە بێ ئەوە کە هیچ قامیشێکیان تێراکردبێت، کەچی ئامێری جنسی، ئەو شتە تەبیعییەیان دە تەلیسێکی دووفلیقانەدا شاردووەتەوە و، نـە دە هیچ بلوێرێکیان راکـردووە و نـە بە پـەتکێک دە ملیان کـردووە ...ئاخر چووزانم ... ئـەگەر هـەوڵ بـدەم بـە چـاوی ئێـوە لە فـەرهەنگ بنۆڕم، دەڵێم هێندە - هێندە شـت دەبوو هـەبوونایە، بەتـایبەتی ئـەو هەمووە بێحورمەتی کردنەیان بە ئەندامانی لەشیان! ، کەچی نا، هەر یەک شت : مريشک!



پرۆفیسۆر دەیکخراف

ئەمە، لای من، مانای ئەوەیە ئەوانە - بە ڕێکەوت- ڕۆشنبیرێکیان تێدا نەبووە . دەکرا هەبوایە، چونکە ڕۆشنبیری شتێکی نیسبییە . مرۆڤ لەو ڕۆژەوە کە خۆی لە هۆمۆساپیێنەکانی تر جیا- کردووەتەوە و، تا بە ئەمڕۆ گەیشتووە، دە پرۆسەی هەوڵی ڕۆشنبیریدا بووە، ئەینا هەر وەکو هۆمۆساپیێنەکان دەمایەوە .

ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئاستی ژیاریی باوەگەورەکانی ئەم خەڵکەی نیویۆرکیش لەوەی ئەم جەماعەتی مریشکەی ئەو جەنگەڵە پتر نەبووە، بەڵام " ڕۆشنبیری"، نەژادی ئەوانەی بە ئەم دنیا زۆر جیاوازەی نیویۆرک گەیاندووە . من لێرەدا خۆم لە باسی فەلسەفەی ژیاری و قسەی " با بگەڕێینەوە جەنگەڵ"ی رووسۆ و گاڵتەپێکردنەکانی ڤۆلتێر و ئیدی دەبوێرم و، نامەوێت دە باسی بەراوردی دوو فەرهەنگی ئەوەی پاپوا و نیویۆرک ڕۆبچم . چونکە من لە هەموو بارێکدا، خۆشم بێت و ترشم بێت، ڕێگایەکی تری جگە لە ڕێگای حەتمیی " زانست" دە فەرهەنگی مرۆڤدا نابینم . دەزانم کە ئەو ڕێگایە دەکرێت مرۆڤ لەناو بەرێت ( کێشەیەکی چەرنۆبیل، مەرکەزی ئاتۆمیی ژاپۆن ... ئیدی)، بەڵام تازە ئیتر مرۆڤ وا دروست بووە، مێشکێکی بۆ زانست دە کەللەسەریدا هەیە و بۆی لێ وەدەرنانرێت .

.

# Pasportî Wişe
# u
# Çend Basêkî Tir

Şêrko Hejar

2022

